# بەیتی سیسەبان

ساغکردنەوەو بەراوردو پێشەکی و پەراوێزی:
هێمن عومەر خۆشناو



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: بەیتی سیسەبان
ساغکردنەوەو بەراوردو پێشەکی و پەراوێزی: هێمن عومەر خۆشناو
نەخشەسازی: نەورۆز جەمال
بەرگ: ئامانج ئەمین
چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری– هەولێر–٢٠١٢

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٨٠٠) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdistanchap.com

# پێشەکی

## بەیتی سیسەبان

بەیتی سیسەبان یەکێکە لە بەیتە دوورو درێژەکانی کوردی و باس لە چیرۆکێکی قارەمانی دەکات، تێیدا ناوەڕۆکی جەنگ و غەزای پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی نیشان دەدات. ئەم جەنگەش لەنێوان مسوڵمان و خاچپەرستەکانە. کە تا ئێستا بە روونی دیار نییە کامە غەزایە، چونکە لەناو مێژووی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانیدا هیچ شەڕێك بەناوی شەڕی سیسەبان ناونەنراوە.
لەناو مێژووی ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردیدا ئەم بەیتە ناوبانگێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵی فەقێ و مەلایانی کوردیدا لەناو حوجرەو خانەقاکان و لە گوندو پێدەشتەکانی کوردستاندا بەناوبانگە، بەتایبەتی سەردەمانێك پێش دروست بوونی قوتابخانەو هەتا ئەو سەردەمانەی کە حوجرەو خوێندنی ئاینی بەرەو کزبوون بوو، هەندێ گوتن لەناو کورداندا زۆر باو بوونە، وەك بەهنەساو[1] سیسەبان و گولستان[2]....هتد ئەمانە لەبەر تامەزرۆیی کۆمەڵگای کوردی بۆیان، بە شێوازی جیاواز چوونەتە سەر زمانی خەڵکی.

ئەوەتا زانای ناوداری کورد سەعیدی نورسی (سەعیدی کوردی) دیوانێکی شیعری پەخشان ئامێزی بە ناوی (لوامع)ەوە هەیەو لە بەر نیگاو کاریگەری سیسەبانەوە نووسیویەتی، وەك خۆی دەڵێ: پێشەکی من دان بە بێزاریی

١- نووسەری ئەم کتێبە بەیتی بەهەناسایشی ساغکردۆتەوە، بە پشتیوانی خوا دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران.

٢- بۆ نموونە دەقی گولستانی سەعدی لەلایەن چەند کەسێکەوە کراوەتە کوردی، ئەمەش مانای وایە تام و چێژی ئەم دەقە جێگای بایەخ بووەو بۆیە هەر بە تەنیا بەیەك دەقەوە بریان نەشکاوە، وەك تەرجەمەی مەلامستەفای سەفوەت و زەکی ئەحمەد هەناری و عاصی و ....هتد



خۆمدا دەنێم لە دەست هەژاریی توانا و لێهاتنەکانم لە بواری سنعەتی نووسین(الخط) و هونەری هۆنینەوەی شیعردا، ئەوەتا تاکو ئێستا ناتوانم بە جوانی و رێکی تەنانەت ناوی خۆیشم بنووسم و، لە درێژایی ژیانیشمدا نەمتوانیوە یەك دێڕە شیعر یان شتێك لەسەر کێشی دێڕە شیعرێك بهۆنمەوە.کەچی لەپڕ ئارەزوویەکی توند و بەتینی "هۆنینەوە" زۆری بۆ "بیر"م هێنا و، زووتریش "گیان"م بەو هۆنینەوە فیکرییەی بەیتی: "قەولی نەوالا سیسەبان" دەکرایەوە کە چەند مەدح و ستایشێکە لە وەصفی غەزای هاوەڵە بەرێزەکان دەدوێت، خوایان لێ رازی بێت. منیش شێوازی هۆنینەکەی ئەوم بۆ خۆم هەڵبژارد و پەخشانێکی لە شیعرچووم نووسی..))

لەبارەی وشەی (غەزا) کە لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەو وشەیە هاتووە، زانایان پێیان وایە وشەی غەزا کە دەگوترێ غەزەواتەکانی پێغەمبەر، تەنیا ئەو جەنگانە دەگرێتەوە کە پێغەمبەر بە خودی خۆی بەشدار بووە.
ئەو سوپایەشی کە پێغەمبەر تێیدا بەشدار نەبووە، پێی گوتراوە سریە، راوبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) لە چەند جەنگدا بەشداری کردووە! پێغەمبەر لە نۆزدە جەنگ دا بەشدار بووە، بەڵام لە نۆیان خۆی شەڕی کردووە، ئەوانیش جەنگەکانی (بەدر، ئوحد، مریسیع، خەندەك، قورەیزە، خەیبەر، فەتحی مەککە، تائیف،حونەین) بووە.لە زمانەوانیشدا وشەی غەزا، واتە کوشتار لەگەڵ دوژمن، لە زاراوەی شەرعیشدا بە واتای جەنگانە لەگەڵ بێ باوەڕان [3].

٣- بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە (غزوات الرسول بين شعراء الشعوب الاسلامية، الدكتور حسين مجيب المصري، الدار الثقافية للنشر، سايتى (www.kotobarabia.com)

## شیعری غەزەوات لە ئەدەبی میللەتانی مسوڵمان

بەو پێیەی ئاینی ئیسلام ماوەی زیاتر لە بیست و سێ ساڵان لە دورگەی عەرەبی دەرنەچووە، بەمەش هەر شەڕو غەزەواتێک کرابێت لەسەردەمی پێغەمبەردا، بێگومان شاعیرانیش رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەوانە شاعیری پێغەمبەر (حەسسانی کوری سابیت) و زۆر شاعیری تر بە درێژایی ئەو ماوەیە شیعریان لە پاڵ بنەماکانی ئاین، بۆ جەنگەکانیشیان گوتوە، دواتر دوای تەشەنەکردنی ئیسلام لە ناوچەکە و چوونی بۆ ناو میللەتانی تری ناعەرەب، شاعیرانی ئەو نەتەوانەش وەک شاعیرانی عەرەب بە ئاین و بە پێغەمبەرو بە جەنگەکانیان هەڵداوەو شیعری تایبەتیان بۆ نووسیوە، لەم بارەیەوە کوردیش وەک نەتەوەیەکی مسوڵمان شیعری بۆ غەزاکان داناوە، بەڵام لەبەر کۆنەکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتەوە گەلانی تریش ئاشنای ئەدەبیاتی غەزەوات نەبوونە بە زمانی کوردی، بۆیە کەسێکی وەکو دکتۆر (حسێن مجیب المصری) لە کتێبەکەیدا (غزوات الرسول بين شعراء الشعوب الاسلامية) نموونەی دەقی شعری عەرەبی و تورکی و فارسی و ئوردۆیی دەهێنێتەوە کە باسیان لە غەزەوات و شەڕەکانی ئیسلام کردووە، بەڵام هی کوردی تێدا نیە، ئەگەرچی بە پێی ئەو کتێبە بێت عەرەب زۆر کەم قەسیدەی وا درێژی وەک بەیتی سیسەبان هەبووە، نموونەی (مەحمود سامی البارودی) و قەسیدەی (بردة المديح) هەیە کە ئەمەی دووەمیان زیاتر باسی ژیان و سیرەی پێغەمبەرە نەک تایبەت بێت بە بوارە قارەمانییەکانی ناو غەزاکان، لەبەرئەوە لەو بوارەدا کورد دەوڵەمەندەو بەیتی شەڕی بەدرو حونەین و ئەم سیسەبانە گەواهی ئەم راستییە دەدەن، ئەمە جگە لە مەولوودنامەکان کە باس لە ژیان و لەدایک بوونی پێغەمبەر(د.خ) دەکەن.



## چی لەبارەی بەیتی سیسەبان نووسراوە؟

لەبارەی بەیتی سیسەبانەوە چ بە بەیتی تەواوەوەو چ بە سەرنویشتێک لێی لەملاو لەولا بلاّ،کراونەتەوە، کۆنترینیان بەشێوەی چاپکراو لە چوارچێوەی کتێبێکدا کتێبی (دیوانی مەلان)ی محەمەدئەمین ئوسمان-ە، کە دوو دەستنووسی ساغکردۆتەوە، یەکێکیان بە شێوەزاری کرمانجی سەروو و بە تەواوی دەزانرێ هی (مەلا خالید زێباری) و ئەویتریان بە شێوەی کرمانجی ناوەڕاست و وەک ئەو ئاماژەی پێ داوە بە زمانی خەڵکی (باتاس)ی هەریر نووسراوەتەوەو عارف عمر لە ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی نووسیویەتیەوە، نووسەر (محەمەدەمین ئوسمان) بەراوردی هەردوو بەیتەکەی نەکردووەو بەڵکو هەر بەیتەو بە جیا هەندێک پەراوێزی بۆ کردوەو لە چوارچێوەی چەند بەیتێکی تری کوردییەوە چاپی کردوون.

هەر بە شێوەی کتێب ساڵی ٢٠٠٧ کتێبێکی دیکە بەناوی (سیسەبان- ژ دانانا مەلا خالدێ زێباری) لەلایەن (هزرڤان)ـەوە توێژینەوەو بەراوردی بۆ کراوەو ئەویش بەرهەمەکەی دیوانی مەلان-ی محەمەد ئەمین ئوسمانی لەگەڵ چەند دەستنوسێکی تر بەراوردکردوون و یەکێکی لەوانە کردۆتە بنچینەو لە پەراوێزەکاندا گۆڕانکاری دەستنوسەکانی تری روون کردۆتەوەو هەموویان بە شێوەزاری کرمانجی سەروون.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا دەقێکی دیکەی بەیتی سیسەبان لەلایەن (جەمیل شیلادزی)یەوە لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆری ژمارە ٤١ و لە لاپەرە ٤١ تا ٦١ بڵاوبۆتەوەو هەروەک نوسەرەکە ئاماژە پێدەدات کە هەمان ئەو دەقەیە کە لەلای هزرڤانەوە بۆ بەراوردکردنەکە بەکارهاتووەو چونکە مادەم وەک نوسخەیەکی

سـەرەکی سـەیر نـەکراوە، دەستنوسـەکەیش وەك ئامـاژەی پێـداوە لەلایـەن (مستەفا مەلا سالح ئورەماری) نووسراوەتەوە.

ساڵی ٢٠١٠ جوامێر سەعید (رەشۆ) لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر ژمارە ٤٧ لە لاپـەرە ٩٥ تـا ١٠٥ دەقێکـی سیـسەبان-ی بڵاوکردۆتـەوە، ئەگەرچـی لـە رووی زمانەوە لە دەقەکەی ئێمە نزیکە، بەڵام دەقەکە ناتـەواوەو شـێوەی دابەشـکردن و پارچـەکانی تێکەڵییـەکی پێـوە دیـارەو هـیچ روونکردنەوەیـەکی نـەداوە لەسـەر چۆنیەتی ساغکردنەوەو جۆری خەتەکەو ژمارەی بەیتەکان و لە پرێکدا کۆتـایی پێ دێت.

- بیستم دەقێکـی بـەیتی سیسەبان لەلایـەن سـەید جەلالـەدین نیزامـی یـەوە لـە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری (سروە)ی کوردستـانی ئێـران بڵاوکراوەتـەوە، بـەڵام دوای هـــەوڵێکی زۆر بەداخـــەوە ژمارەکـــەم دەســـتنەکەوت و نامەیـــەکم بـــۆ ئامادەکاری بەیتەکە نارد و بە سوپاسەوە وەڵامی دامەوەو نەیتوانی بـوو هـەموو دەقەکەی سیسەبانم بۆ بنێرێت بەڵام نمونەیەکی بەیتەکەی لە سـەرەتاو کۆتـایی بـۆ نـاردم کـە لێـرە وەك خـۆی بـڵاوی دەکەمـەوە، بەیتەکـە بـە زاری ژووروەو تـا رادەیەك لە دەقی مەلا خالیدی زێباری نزیکە:

سبحا ن ژشاهێ کە ریم ، مە عبودێ پڕ کەماله
پڕ فەضل ونعمەت عەظیم ، مونەزەهێ زەواله
دێ گەرێێن چەرخا قەدیم، دو رۆژا سال بساله
ناڤێ خودایێ عەلیم، بێ شریک وهەڤاله
ئەو واحدێ بێ وەلەد، نینن چو دای وبابە
فە ضلا تە ذاتێ صەمەد، نە مەخفی و حجابە
ژ وەصفێت خۆ پڕ صەوابە ، بزانن پڕ ثە وابە
خرابە یێک لەعزا شاهێ ئەبەد، دنێ دکەت



یێک لەعزا شاهێ خەبیر، دنێ دکەت وێرانە
یێک دەم دکەت دێوانە، تینیت دکەت سولطانە
سولطان وشاه و ئەمیر، یێک دەم دکەت دێوانە
یێک لەعزا شاهێ خەبیر، دونیا چەرخ و دەورانە
دونیا چەرخ و لەو لەبە، ژ بۆ کەس نابیت دەوامە
ژ مەشرق هەتا مە غرب، شاهی وشکوە دا غولامە
صاحب طەیرومەطرەبن ،جوملە دێ چین تەمامە
کل شی هالک، بزانن ئەی روحا مە
ژ سالک وساکنن، ژ بۆ پچوک و مەزن
ژ غە یری زاتێ بێ نە ظیر، نینن قەوی بەقا یە
قازی وشێخ وفەقیر، دگەل اهلێ وەفایە
صە لوا ژ شاهێ مونیر، صە لوا (علی محمد)
دگەل اهلێ جەماعەت، (( وعلی آل محمد ))
دا هوین بزانن قاتێ، رەسوولێ ئە یم و ئە بەد
بۆ مە دکەت خەباتێ، جوندی وخەلکێ هەمەد
پێ دکەن حکایاتێ، رۆژەک حەبیبێ وا ضح
پالا خۆ دا مە نبەرێ، نوورها اوێ بوو لایق
ب دێمێ خۆ انوە رێ، ژێ رابوون خەلکێ صالح
دی کەت قسا کەوثەرێ، وی دیت کو بوویە واضح
تۆزەک ژ دەشت وبەڕێ، بلند بوو وەکو غوبار
زاهر بوو یەک سوارە، یێ هاتیە نک آ شکرا
پەیا بو ب غە ددارە، پرسین ژ وی چەند خە بە ر
ئە و پێخەمبەر و یارە، جا ب لێ ڤە دا ب ئرحام

زه حف بوون لوێ ئه کا بر، دەشتێ دایێ پڕعه زاب
ئینابوو نان وئاگر، من تشتەک دیت وەک غوراب
من قەست کرێ هه ر هادر.
هەکو ئه ز چۆم کو قەسرەک ،شبهەتی دوڕ و لەولەب
مەیدانا چەرخ و حەربەک، به طه ل وئه سەد دنالین
من پر ژێ کربوو ئەسەر، گۆته من یێک رجالی
حوسنا خودانا بەدرەک، یێ تێدا چاردە سالی
ئه و کافرێ مەلعوونه، ناڤێ ئه وی غه ضریفه
موناففه زەندیقه، ویرا هەنه سەد ئولوف ( سەد هزار)
پر هەبوون گەنج وخەزینه، سەد خزین وسەد صفوف
ئه گەر تو من بحەبینی، ئه زم ژ بۆته هەڤکوف
کچێ جەواب ژێ ڤەدا، ئه گەر تو من بحه بینی
سەرێ عه لی وئه حمەد، ئه گەر تو ژ مرا بینی
ژناڤ بەطەل وئه سەد، مەهرا من ژ خۆ پەلینی
ئەگەر ژ بەر مەهرا من، سەرێ ئه وان تو بینی
را بوو ژ جی ب شجا عه ت، منافقه، زەندیقه
گۆتێ ( سمعا و طاعه )، مانێ ئه زم ڤ رێ ده
گەریان هەمی به ڤا عه، خودان زری و حه دیده
هه چی بێته مەناعه، دێ وی کەمه ڤه دیده
وان عەسکەرێت خۆ کربوون ، ئه ز هاتم بۆ جەوابێ
پر زۆر بون پر هنار بوون ، من ڤه ست کر د صه وا بێ
ژ میژڤه من یه و ژ دل بوو ، ئه ی شه ربه تێ و شه رابێ
یا سه یدێ ڤەهامی ، روونسته بەر محرابێ



دکه ت ڤه سا ڤیامێ ، جبرائیل دکەت سەلامێ
ئه ز هاتبووم جەوابێ ، نک خالکێ ئه نامێ
فەرمانه دا تو رابی ، دا تو بزانی یا شەریف
یه ز یێ هاتیمه بێلهام ، ژ نک مەعبوودێ له طیف
دا بێژ مه ته ئیلانێ ، یێ هاتیه تەغه ضریف
مال و ئێل وتەمامه ، یا سەیدێ عەدلانی
رابه بوویه دەلیله ، خودێ گۆت دا ئه وبزانیت
ڤاسد بو جبرائیله ،تۆ هەره سیسەبانێ
یا ئەحمەدێ خەلیله ، لبن ئالایی مه حه مه د
ئه و خالدێ زیباری ، گۆتی کەلامێ مه عرووز(معروض)
هیڤیا بکه ژ باری ، نه فسا خرابا مه عدوود
ئا زا بکه ژ ناری .

## دانەری بەیتەکە کێ یە؟

لە دیوانی مەلان-ی محەمەدەمین ئوسمان و لە بەیتی سیسەبان-ەکەی نوسەر (هزرڤان)یش گوتراوە کە نووسەری بەیتی سیسەبان مەلا خالیدی زێبارییە، بەلام لەو دەقانەی کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستن، بە هیچ شێوەیەك باس لەو مەلا خالید زێبارییە نەکراوە. بە بۆچونی ئێمە ناکرێ خودی مەلا خالید زێباری بە هەردوو شێوەزار نوسیبێتی، لەلایەکی تر ئەو دەقانەی بە کرمانجی ناوەڕاست نووسراونەتەوە، ناوەڕۆك و شێوازی نووسینەکەیان لەو دەقانەی کە بە کرمانجی ژوور نوسراون جودان، بۆیە زۆر دوورە کە نوسەری هەردوکیان یەك کەس بێت، ئەم دەقەی ئێمەیش و خودی بەراوردکردنەکانیش ئاماژە بە نوسەری بەیتەکە نادەن، تەنیا ئەوەی گواستویەتیەوەو لەسەر کاغەز تۆماری کردوە، ئەو ناوی دەهێنرێت.

## ئەو نوسخەو دەستنوسانەی کە لەم بەراوردکردنە بەکارهاتوون:

یەکەم: دەستنووسی فەقێ عەبدوڵلای لۆلان کە بە خەتی خۆی نوسیوەتەوەو بۆ مەلا خالید صالح هەرکی، ئێمە ئەم دەستنوسەمان کردۆتە بناغە و لەگەڵ نوسخەکانی تردا بەراوردمان کردووە. ئەم دەستنووسەم لە هاوینی ساڵی ٢٠١٠ لە مامۆستا یاسین برایم-رواندزەوە وەرگرتووە.ئەویش هەر ئەو ساڵە لە (مامۆستا مەلا رەشید ئەیوب سەعدۆ هەرکی) لە گوندی کوشك-ی سەر بە ناحیەی گردەسێن-ی قەزای ئاکرێ وەرگرتوە، ناوبراو وتویەتی (ئەو کاتەی فەقێ بووم لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ لە مزگەوتی لۆلان-ی دەڤەری برادۆست ئەم دەستنوسەم کەوتۆتە دەست و تا ئێستایش پاراستومە).

دووەم: دەستنووسی مەلا عومەری کوڕی مەلا محەمەدەمینی ناسراو بە قاوغ، کە لە گوندی کونەفلوسە[٤] لە خزمەتی جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولعەزیز لە

٤- کونەفلوسە گوندێکی خۆشناوەتییەو سەر بە ناحیەی هیران-ی قەزای شەقلاوەی پارێزگای هەولێرەو زێدی نووسەری ئەم کتێبەیە.



ساڵی ١٣٤٥ی کۆچی نوسیویەتیەوە. ئەم دەستنوسە لە مامۆستا مەلا عەلی گردەچاڵیم وەرگرت لە هاوینی ٢٠١١و بەداخەوە لە ٢١-٣-٢٠١٢ مامۆستا کۆچی دوایی کرد. ئێمە دەستنووسی یەکەممان کردۆتە بنچینەو ئەم دەستنوسەشمان بەراوردکردوە لەگەڵی و هێمای ئەم دەستنوسە (د،م)ە.

سێیەم: بەیتی سیسەبان-ی ناو دیوانی مەلان، کە کتیبێکی چاپکراوەو لەلایەن محەمەدەمین ئوسمان دوو دەقی بەیتەکەی بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەراست بلاوکردۆتەوەو ئێمە دەقی کرمانجی ناوەراستەکەمان لەگەڵ دەستنوسەکەی خۆمان بەراوردکردوە.هێمای ئەم دەستنوسە (د)ە.

## شێوازی کارکردنمان لەم کتێبەدا:

لەو کارەدا ئێمە دەستنوسی یەکەم کە دەستخەتی فەقێ عەبدوڵلای لۆلانە کردومانەتە بناغەو لەگەڵ دەستنوسی (د.م) و دەقی چاپکراوی (د) بەراوردمان کردوە، واتە ئەگەر هەستمان بە هەڵەی دەستنوسی بناغەکەیش کردبێت بەلام بۆ پاراستنی ئەمانەتی زانستی کردومانەتە بناغەو لە پەراوێزدا گۆڕانەکانمان دەستنیشان کردوە کە لە دەقەکانی تر وا هاتووە، پاشان لە هەر شوێنێك وشەکە پێویستی بە لێکدانەوەی واتا هەبووبێت، واتاکەیمان لە پەراوێز لێك داوەتەوە.وێڕای ئەمەش ژیاننامەی بەشێك لە کەسایەتیەکانی ناو دەقەکەمان لە پەراوێز بە درێژی نوسیوە.

هێمن عومەر خۆشناو/ شەقلاوە-کاوانیان
Hem٩٩٢٠٠٣@yahoo.com/

بسم الله الرحمن الرحيم (دەقی بەیتی سیسەبان)

ئەووەل دەڵێم یا فەتتاح[٥]
رەحمەتت دەریای موباح
ئیسمت[٦] کەلیل و میفتاح
لۆ خەیرو شەڕ و ئیصلاح
غافیری[٧] جورم[٨] و جوناح[٩]
عاصییان دەکەی ئیفلاح[١٠]
بەبێ تەکلیف و ئیلحاح
رازیقی[١١] کوللی ئەرواح[١٢]
رازیقی کوللی جاندار[١٣]
ئەشیایی دیارو نادیار
حەیواناتی ناو بیحار[١٤]
هەم پێشوولەو مووڕو مار

---

٥– وشەی یافتاح، جاران لە سیپارە خوێندنیش دەخوێنرا، سەرەتای سیپارە بەمە دەستی پێدەکرد: یا قەتتاح فەتحم بدەی یا رەززاق رزقم بدەی، یا ئەڵڵا تۆفیقم بدەی.
٦– ئیسم: ناو
٧– غافیر: لێخۆشبەر
٨– جرم: کۆی وشەی (جریمە)یە: تاوان
٩– جناح: تاوان
١٠–ئیفلاح: سەرفراز
١١– رازیق: رۆزیدەر
١٢– لە چاپی (د) هاتووە: رزاقی کلی ارواح
١٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: رزاق
١٤– لە چاپی (د) هاتووە: حیوانات و جانەوەر



ئیسلام و جووو کوففار[١٥]
دەعباو دڕندەو باڵدار
لەبیریان ناکەی چ جار
شەب[١٦] و رۆژ لەیل و نەهار
ئایەتە[١٧]و دەکەی دیار[١٨]
وەعدەی وا دایە قەرار

***

وەعدەی قەرار دا وەها
رازیقی[١٩] دەشت و دەریا
هەرچی هەبی لە دونیا
وما من دابة في الارض
الا على الله رزقها[٢٠]
دەبی دڵ موتمەئین بن[٢١]
ئایەت[٢٢] کەلامی موبین

---

١٥–کوففار: کۆی ناوی وشەی (کافر)ە.
١٦– شەب: شەو
١٧–ئایەت: واتە موعجیزەو پەرجوو و نیشانە.
١٨– لە (د) هاتووە: ئایەت وا دەکا دیار
١٩– لە (د. م) هاتووە: رەززاق
٢٠–ئایەتێکی قورئانی پیرۆزەو واتە ئەوەی گیاندارە لەسەر زەوی رزق و رۆزەی لەسەر خودایە.
٢١– موتمەئین: دڵنیاو دامەزراو
٢٢– لە (د. م) هاتووە: بە ئایەتی

وەها دەڵێتن یەقین[٢٣]

فەرمووی ڕەبوللعالەمین[٢٤]

ان الله هو الرزاق

ذو القوة المتين

***

بە فەرمودەی ئایاتی

بە قەولی سەیدی سەروەر[٢٥]

لە ئەزەلدا[٢٦] هیچ نەبوو

غەیری واحیدی ئەکبەر[٢٧]

کە ئیرادەی صادر[٢٨] بوو

دونیای دانا سەرانسەر

خەلقاندی ئەرزو سەما[٢٩]

کێوی لێ کردنە لەنگەر

---

٢٣- لە چاپی (د) هاتووە: وەها دەڵێ بە یەقین

٢٤- رب العالمین: خوای هەموو جیهانیان

٢٥- لە چاپی (د) هاتووە: بە قەولی سید البشر

٢٦- ئەزەل: بوونێکی بێ کۆتایی لە زەمەندا

٢٧- لە چاپی (د) هاتووە: غەیرەز واحیدی ئەکبەر. واحید: ناوێکە لە نەوەت و نۆ ناوەکانی پەروەردگار، واتە یەك، ئەکبەر لە چوارچێوەی سیفاتەکانی خوایە، کە (الکبیر) ناوێکەو بە مانای گەورە دێت بۆ ناوەکانی خوا هاتووە.

٢٨- ئیرادەی صادر: ویستی دەرچوو

٢٩- ئەرز: زەوی

سەما: ئاسمان



ئیجادی کوللی ئەشیا[٣٠]

لەبۆ خاتری پەیغەمبەر[٣١]

لێی دامەزراند سەلتەنەت

هەر خۆی حاکم بوو لەسەر

ئادەمی خەلقاند لە خاك

روحی پاکی هینا بەر

***

حەواش لەوێ خەلق بوو

لۆی بووە حەلاڵ و هەمسەر[٣٢]

لەوان پەیدابوون ئینسان

چەند ئەشقییاو چەند سەروەر[٣٣]

هەموو دونیایان رابوارد[٣٤]

هەتا هات خەیرولبەشەر[٣٥]

***

---

٣٠- کوللی ئەشیا: هەموو شتێك

٣١- لە چاپی (د) هاتووە: لۆ خاتری پێغەمبەر

٣٢- هەمسەر: هاوسەر

٣٣- لە چاپی (د) دێرەکە بەم شێوەیە هاتووە:

لێ ی پەیدابوون انبیا/ چەند صلحاو پێغەمبەر

چەند مشرك و اشقیا/ چەند عابدی دین پەروەر

٣٤- لە (د. م) هاتووە: هەمووان دونیا رابوارد

٣٥-خیر البشر: باشترینی مرۆڤ

لەنەسڵی[٣٦] ئادەمی بوو

شاهی هەموو سەروەران

بۆ ئەنبیائو[٣٧] مورسەل[٣٨]

خاتەمی[٣٩] پەیغەمبەران[٤٠]

قورئانی لۆ نازل بوو[٤١]

نوسخی هەموو دەفتەران

***

شەرع و ئەحکامی دانان[٤٢]

هەڵگیرا کوفرو زەلاڵ[٤٣]

چەند کەس ئیمانیان هینا

دەبوونە ئەصحاب[٤٤] و[٤٥] ئال

---

٣٦- نەسل: وەچە

٣٧- ئەنبیا: کۆی وشەی (نبی)یە، پێغەمبەرێك کە کتێبی ئاسمانی بۆ نەهاتبێت

٣٨-مورسەل: نێردراو، جیاوازی لە نێوان (رسول) و (نبی) دا هەیە، بەوەی هەموو رەسولێك نەبییە، بەلاّم هەموو نەبییەك رەسول نییە.(رسول): پێغەمبەرێك کە کتێبی ئاسمانی بۆ هاتبێت.

٣٩- خاتەم: کۆتایی

٤٠- لە چاپی (د) دێرەکە وا هاتووە: ببوە مرسل بە بیٚ شك/ خاتەمی پێغەمبەران

٤١- لە چاپی (د) هاتووە: قورئان بو وی نازل بو

٤٢- لە (د. م) هاتووە: دانا

٤٣- لە چاپی (د) هاتووە: هەڵیگرت .

زەلاڵ: تاریکایی و گومرایی

٤٤- ئەصحاب: هاوەڵان، صەحابە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێغەمبەریان بینی بێت یان هاوەڵی بووبن.

٤٥- لە (د. م) هاتووە: بوونە ئەصحابەوو



چی ما[٤٦] لەسەر دینی خۆ[٤٧]

ئەشقیابوون بیٚ کەمال

ئاخیری بە هیلاك دەچوون[٤٨]

جەهەننەمیان بوویە[٤٩] ماڵ

دینی موبین[٥٠] واسیع[٥١] بوو

بەقودرەتی[٥٢] لایەزال[٥٣]

***

لۆ جیهادی کوففاران

ئەمری کرد شاهی جەببار

چەند ئایاتی شیرنو چاك

جوبرائیل[٥٤] هینایە خوار

ئەووەل جیهادی نەفس[٥٥]

سانی[٥٦] جیهادی کوففار

---

٤٦-چی ما: چی مایەوە

٤٧- لە (د. م) هاتووە: چما

٤٨- لە (د. م) هاتووە: چوون

٤٩- لە چاپی (د) هاتووە: دەبووە

٥٠- موبین: ئاشکرا

٥١- واسیع: فراوان بوو و پەرەی سەند

٥٢- قودرەت: توانا

٥٣- لایزال: سیفاتێکی خودایە، واتە هەمیشەو بەردەوامە

٥٤- جوبرائیل: فریشتەی تایبەت بە وەحی هێنان

٥٥- جیهادی نەفس: کۆشش و خەبات بۆ نەفس و دەروون، ئەمەش قۆناغی یەکەمی جیهادە کە مرۆڤ دەروونی خۆی یەکلا بکاتەوە ئەنجا بانگەوازی خوا بلاّو بکاتەوە.

هەمووی عەرزی خزمەت کرد
لەبۆی بەیان کرد[٥٧] ئیزهار[٥٨]

***

تا تێ بگا پێغەمبەر
کارو مەرامی مەولا
مەقصوودی وان بناسن[٥٩]
بکەن تاعەت[٦٠] و تەقوا[٦١]
هەرچ کەسیش نەیناسێ[٦٢]
ئیمانی پێ نیشاندا
ئەگەر ئیمانیان نەینا
یا دەبی جزیە[٦٣]ی بدەن

---

٥٦- لە چاپی (د) هاتووە: پاشدان.

٥٧- بەیان کرد: باس کرد

٥٨- ئیزهار: ئاشکرا، دەرکەوت

٥٩- لە چاپی (د) هاتووە: مەقصود وابوو بیناسن. کەچی لە دەستنوسی(د.م ) هاتووە: مەقصەد بوو بیناسن

٦٠- تاعەت: لە دونیای تەسەوفدا پێچەوانەی سەرپێچیکردنە، گوتراوە بنەمای تاعەت سێ شتە: خەوف و رەجاو خۆشەویستی، هەروەك بنەماکانی سەرپێچی (مەعصیەت)یش سێ شتە: (کبر، حرص، حسد)

٦١- تەقوا: واتە پاریزکاری کردن لە سنوورەکانی خواو خۆ دوورگرتن لە تاوان.

٦٢- لە چاپی (د) هاتووە: هەر کەسێکی نەیناسی

٦٣- جزیە: سەرانە، سیستەمێکی دەوڵەتی ئیسلامی بوو بۆ ئەوانەی نەدەبوونە ئیسلام، لەبەرئەوەی لە ژێر حوکمی ئیسلام بوون و دەپارێزران، لەبەرامبەر ئەوەی سەربازییان نەدەکرد، سەرانەیان دەدا دەوڵەتی ئیسلامی.



یانە جیهادو غەزا[٦٤]
خۆتان جان[٦٥] فیدا بکەن
ئایەت وادەکا فەرمان[٦٦]
وجاهدوا باموالکم
وانفسکم فی سبیل اللّه

***

لەپاش هەموو حیسابان
مسولمان بوون زۆر عەدەد[٦٧]
حیسابیان بە کەس ناکرێ[٦٨]
نایەتە ئەژمارو عەدەد
زۆر کەس بە کافری مان
گەلەکیش بوونە مورتەد[٦٩]
با توولێ[٧٠] زۆر نەدەینێ
بێینە سەر ئەصلی مەقسەد[٧١]

***

---

٦٤- لە چاپی (د) دێرەکە وا هاتووە: ئەگەر ئیمانیان نەینا/ بکەن جیهادو غەزا

٦٥- لە چاپی (د): ماڵ و جانیان. لە (د. م) هاتووە: ماڵ و جان

٦٦- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ئایەت وا فەرمان دەکا

٦٧- لە چاپی (د) هاتووە: چەند عەدەد

٦٨- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: حیسابیان ناکرێ بە کەس

٦٩-مورتەد: لەدین هەڵگەراوە.

٧٠- توولێ: درێژە

٧١- مەقسەد: مەبەست

خودای نەصرەتی دایێ[٧٢]
دەگەڵ یارو صەحابان
موشتاقن[٧٣] لۆ غەزایێ
جان فیدابوون لۆ دینی
لەبۆ رۆژی لیقایێ[٧٤]
چەند مەملەکەتیان ئەستاندن
بە شەڕو بە دەعوایێ
چی هاتە سەر دینی حەق
خودا ئیمانی دایێ
هەرچی لە خوای عاصیێ[٧٥] بوو[٧٦]
هەمویان بردنە فەنایێ
بە قودرەتی[٧٧] موستەعان[٧٨]
رۆژەکی دەگەڵ بەیان
جوبرائیل هات لە ئاسمان
هێنابووی وەحی و فەرمان

---

٧٢– لە (د. م) لەتە دێرێك هاتووە: کە دەستی کرد بە جیهاد
٧٣– موشتاق: تامەزرۆ
٧٤– رۆژی لیقا: رۆژی بەیەکگەیشتن
٧٥– عاصیێ: یاخی
٧٦– لە چاپی (د) هاتووە: چی ما لەسەر دینی خۆ. لە (د. م) هاتووە: هەرچی عاصیێ بوو لە خوای
٧٧– لە چاپی (د) هاتووە: بە تقدیری
٧٨– موستەعان: لە قورئان هاتووە بۆ سیفاتی خوا (واللّٰه المستعان علی ما تصفون)



لەبۆ سەییدی زەمان[٧٩]
دەگەڵ[٨٠] یارو سەحابان
بە ئاڵ[٨١] و ماڵ و خێزان
بچنە وادی سەیسەبان
بە ئیخلاص و دڵ و جان
لەبۆ جیهادی گاوران[٨٢]

***

کە جوبرائیلی تەییار
ئەو خەبەرەی کرد ئیزهار

فەرمووی رەسوولی موختار
ئەی گەلی ئەصحاب و یار
وەحیی ناردییە جەببار[٨٣]
نەمێنێتن یەك دیار[٨٤]
برۆنە دەر لەناو شار
لەبۆستیقبالی[٨٥] کوففار[٨٦]

---

٧٩– سەییدی زەمان: سەروەرو گەورەی سەردەم
٨٠– لە چاپی (د) هاتووە: لەگەڵ
٨١– لە (د. م) هاتووە: ئەهل
٨٢– لە چاپی (د) هاتووە: کافران
٨٣–جەببار: باڵادەست، ناچارکەر، ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە.
٨٤– لە چاپی (د) هاتووە: قەت نەمینن یەك دیار
٨٥– ئیستیقبال: بەرایی، پێش

لەشکرەکی بێ شومار

لەبۆ سەرمان هات بە غار

خودا موعین بێ یار و کار[٨٧]

خەلاص دەکەن[٨٨] بە یەك جار[٨٩]

کە ئەصحابان وەها بیست[٩٠]

وەخۆ کەوتن[٩١] شیرین کار

ئالاتی حەربیان هەڵگرت

لە ولاّغان بوون سوار

هاتنە خزمەت پێغەمبەر

لێی بی سەلامی غەففار[٩٢]

---

٨٦– لە چاپی (د) هاتووە: برۆنە دەر لەنێو شار / بو استقبالی کفار

٨٧– لە (د. م) هاتووە: یاریکار

٨٨– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە:: خەلاصیان دەکەین

٨٩– لە چاپی (د) هاتووە: خەلاصیان دەکەین یەك جار

٩٠– لە چاپی (د) هاتووە: کە اصحابان بیست اخبار

٩١– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: وەخۆکەفتن

٩٢– غەففار: لێبوردە، ناوێکە لە ناوەکانی خوا



ئەمری کردە عومەری[٩٣]

عەدەدم لۆ دیارکە[٩٤]

تا بزانم چەند کەسن

عەسکەری ئەصحاب و یار

***

عومەر هەمووی حیساب کرد

دووهەزارو پێنج سەد سوار[٩٥]

ئەمما لەشکری بێ دینان[٩٦]

جوبرائیل کردی ئیزهار

چارسەد هەزار سوارە[٩٧]

پیادەش بیست و چار هەزار[٩٨]

---

٩٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ئەمری کردە سەر عومەر.

عومەر: مەبەستی عومەری کوڕی خەتابە، خەلیفەی دووەمی مسوڵمانان، ناوی عومەر کوڕی خەتاب کوڕی ئیبن نەفیل کوڕی عەبدولعزی کوڕی روباح کوڕی عەبدوڵلا کوڕی قورت کوڕی رەزاح کوڕی عەدی کوڕی کەعب القرشی العدوی یە، بە ١٣ ساڵ دوای ساڵی فیل لەدایك بووە. یەکێك بووە لە سەردارانی قورەیش و وەك باڵوێزی سەردەمی نەفامی دانرابوو، دوای چل پیاو و یازدە ئافرەت مسوڵمان بووەو لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانە بە بەهەشت و بە دادپەروەر ناسراوە لە سەردەمی خەلیفایەتیدا و کەسێکی زاهیدو خۆبەکەمزان بووەو لە هەڵوێستەکاندا ئازاو بەجەرگ بووەو لە ساڵی ٢٣ی کۆچی بە دەستی ئەبولوئلوئەی فەیرۆزی شەهید کراوە.

٩٤– لە چاپی (د)دا: عەدەدم بۆ بکە دیار

٩٥– لە چاپی (د) و (د. م) دوای ئەم دێرە ئەمە هاتووە: غەیری ژن و مندالاّن/ زیاتر نەبوون لەو مقدار

٩٦– لە چاپی (د) لە جیاتی وشەی بێ دینان، وشەی گاوران هاتووە.

٩٧– لە (د. م) هاتووە: سواربوون

٩٨– لە چاپی (د) دا (پیادە) هاتووە نەك (پیادەش)

حاكميان ناوی قيتريف بوو[٩٩]

خودا بيبات[١٠٠] به قەههار[١٠١]

هات لەبۆ[١٠٢] سەر مەدينەی

لەشكری خۆی كرد قەتار

هەتاكو واديل حەرەم [١٠٣]

له هيچ جێ نەيكرد[١٠٤] قەرار

له ئەتراف و ئەكنافان [١٠٥]

زێدەی[١٠٦] كردن[١٠٧] ئەغيار[١٠٨]

***

---

٩٩– له چاپی (د)، قيتريفه هاتووه.

١٠٠–له چاپی (د) و له (د. م) دا، بيبا هاتووه نەك بيبات

١٠١– قەهار: گەردن كەچكەر، ناوێكه له ناوەكانی خودا.

١٠٢– لەچاپی (د) هاتووه: لۆ

١٠٣– واته شيوی حەرام. له (د. م) هاتووه:: وادی الحريم

١٠٤– له چاپی (د) هاتووه: نەيگرت

١٠٥– ئەتراف و ئەكناف: تەنيشت و لا

١٠٦– له چاپی (د) دا، زيادی هاتووه.

١٠٧– له (د. م) هاتووه: دەكردن

١٠٨– له چاپی (د) و (د. م) دوای ئەمه، ئەم دێرانه هاتوون:

دفعێكی دی (دەفعەكی ديش) جبرائيل

له ئاسمانێ هاته خوار

بەحسی غەزای بێ دينان/ كافرو بێ دينان

به حەزرەتی دا اخبار



حەزرەتی رەسوولولڵا

ئەمری كرده صەحابان[١٠٩]

خودا فەرمانی وايه[١١٠]

جوبرائيلی كرد بەيان[١١١]

ئێمەش گيرنەبين[١١٢] بچين

لەبۆ وادی سەيسەبان

گەر لەپێشی وان[١١٣] ئێمه

داخيلێ ببين بۆ مەكان

مەعلووم موزەففەر دەبين

بەتەوفيقی شای رەحمان[١١٤]

ئەگەر وانيش[١١٥] پێش كەون[١١٦]

يفعل الله ما يشاء

---

١٠٩– له چاپی (د) دا ئەصحابان هاتووه.

١١٠– له چاپی (د) دا، خودا فەرمانی دايه هاتووه.

١١١– له چاپی (د) و له (د. م) هاتووه: جوبرائيل كردی بەيان

١١٢– گير نەبين: نەوەستين و دوانەكەوين

١١٣– له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: ئەوان

١١٤– رەحمان: بەبەزەيی، ناوێكه له ناوەكانی خوا، تايبەته به بەزەيی بوونی خوا بۆ دونيا، واته بۆ بروادارو بێ بروا

١١٥– له (د. م) هاتووه: گەر ئەوانيش

١١٦– له چاپی (د) دا پێش كەوتن هاتووه

هەر خودا بە خۆی دەزانیت[١١٧]

چلۆن دەقەومیٚ قەزا

خودا حیفزمان[١١٨] بکات

لە شەڕو فیتنەو بەلاٚ

چبکەم لەبۆ شیری خوای

شیری عەلی[١١٩] مورتەزا[١٢٠]

***

ئەوڕۆ لە ماڵیٚ نییە

ئەسەدوڵلاٚی[١٢١] غەزەنفەر[١٢٢]

لەبۆ سەردانی پلکی

چوویتە مەککە بە سەفەر

---

١١٧- لە (د. م) هاتووە: هەر خوا بە خۆی دەزانی

١١٨- حیفز: پاراستن، حیفزمان بکا: بمانپارێزیٚ

١١٩-عەلی: مەبەست لە عەلی کوری ئەبو تالیبە، لەساڵی ٢٣ی پێش کۆچی لەدایك بووەو ئامۆزای پێغەمبەرەو زاواشیەتی و چوارەم خەلیفەی پێغەمبەرە و یەکەم ئیمامی شیعەکانە و یەکێکە لە دە کەسە مژدەپێدراوەکان بە بەهەشت بە (کرم الله وجه) ناسراوەو واتە سەری کەچ نەکردووە بۆ بتەکان و خوا رێزی لە رووی ناوە.لەساڵی ٤٠ی کۆچی شەهید بووە.

١٢٠- مورتەزا: یەکێك لە نازناوەکانی ئیمام عەلی یە.

١٢١- اسد الله: شێری خودا، ئەمەشیان یەکێك لە نازناوەکانی ئیمام عەلی یە.

١٢٢-غەزەنفەر: لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا واتە گۆشتن وپڕ و تێکسمڕاو، ناوی شێرێکی پڕو بەهێزیشە.



کە ئەو بەحسەی ئیزهار کرد[١٢٣]

حەزرەتی رەسول الله[١٢٤]

خالیدی ئیبنی وەلید[١٢٥]

بە مەزبووتی هاتە دەر

فەرمووی یا رسول الله

ئەمن لەباتی حەیدەر[١٢٦]

هەر ئەمرەکی بفەرمووی[١٢٧]

فەرمانی تۆم[١٢٨] لەسەر سەر[١٢٩]

حەزرەت دوعای لەبۆ کرد

لەبۆ نەجات و زەفەر

---

١٢٣- لە چاپی (د) هاتووە: کە ئەو بەحسەی بەیان کرد

١٢٤- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: خیر البشر

١٢٥- خالیدی کوری وەلید: لە هاوەڵانی پێغەمبەرەو ناوی خالیدی کوری وەلیدی کوری موغیرەی مەخزومی قورەیشیە، لەساڵی ٢١ك/ ٦٤٢ز وەفاتی کردووە، سەرکردەیەکی سەربازی ئازا بووەو نازناوی (سیف الله المسلول) بووە و لە جەنگی هەڵگەراوەکان و فەتحی عێراق و شام و لە سەردەمی هەردوو خەلیفە ئەبوبەکرو عومەردا بەشدار بووەو لە جەنگی ئوحوددا هێشتا نەبوبووە مسوڵمان و دەورێکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنی قورەیشییەکان بەسەر مسوڵمانەکاندا.

١٢٦-حەیدەر: یەکێك لە نازناوەکانی عەلی کوری ئەبو تالیبە. لە شیعری کوردیشدا هاتووە، (مەلای جزیری) لەوبارەوە دەڵیٚ:

**ئەهلی دونیاییٚ سەراسەر دوژمنێن من بن مەلا**

**پشتەمیری من عەلی بی حەیدەری کەرار بەس**

١٢٧- لە چاپی (د) هاتووە: هەر ئەمرەکی تۆ بکەی. لە (د. م) هاتووە: تۆ بڵێی

١٢٨- لە (د. م) هاتووە: فەرمانی تۆ

١٢٩- لە چاپی (د) هاتووە: فەرمانی تۆ لەسەر سەر

فەرمووی خۆتان حازرکەن

تەدارەك بکەن زۆر چاك

نییەت و خالص بکەن

دڵی خۆتان بکەن پاك

لە کافران نەترسن[١٣٠]

لە زۆربوون قەت نەوبی[١٣١] باك[١٣٢]

مەڵێن ئێمە کەم دەستین

قەت عاجز[١٣٣] مەبن غەمناك

خودا موعینی نگۆیە[١٣٤]

ئەوان دەچن بە هیلاك

کە ئەصحابان[١٣٥] وەها بیست

فەرموودەی خەیرولبەشەر

دڵی هەمووان مەسروور بوو[١٣٦]

کەیف و خۆشییان هاتە[١٣٧] سەر[١٣٨]

---

١٣٠- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: مەترسێن

١٣١- لە (د. م) هاتووە: لە زۆرو قەت نەبی

١٣٢- لە چاپی (د) هاتووە: لە زۆریتان نەبی باك

١٣٣- لە چاپی (د) و (د. م) لە جیاتی وشەی عاجز، وشەی محزون هاتووە.

١٣٤- موعینی نگۆیە: موعینی ئێوەیە

١٣٥- لە چاپی (د) هاتووە: کە صەحابان وەها بیست

١٣٦- لە چاپی (د) هاتووە: دڵی هەمووان ساکن بوو

١٣٧- لە چاپی (د) هاتووە: کەیفخۆشیان بریە

١٣٨- لە چاپی (د) و (د. م) دوای ئەمە، ئەم دێرە هاتووە:

هەموو شەوقیان زێدەبوو



دەستیان کرد بە سەنایان[١٣٩]

لەبۆ خالیقی[١٤٠] ئەکبەر

صەلاواتی[١٤١] بێ حیساب

لە جەمالی پێغەمبەر

هەندی بڵێن[١٤٢] یەك و دوو

لەناو شاری هاتنە دەر[١٤٣]

کەژاوەیان دابەستن

لەسەر پشتی ئوشتران

ماڵ و منداڵی خۆیان

قایم کرد بە کندران

کەس نەما لە مەدینە

غەیری فاتیمە[١٤٤] و کوڕان

---

بە گوفتاری ئەو سەروەر

١٣٩- سەنا/ الثنا: ستایش

١٤٠- خالیق/ الخالق: دروست کەر ، بنیاتنەر: ناوێکە لە ناوەکانی خوا

١٤١- صەلاوات: درود ناردن بۆ پێغەمبەر، کە (اللهم صل علی محمد واله وسلم)ە.

١٤٢- لە چاپی (د) هاتووە: هەندی بڵێی یەك و دوو

١٤٣- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لە شاری دەهاتنە دەر

١٤٤- فاتیمە: کچی پێغەمبەرەو دایکی ناوی خەدیجەیە و لەساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی و بە سێ ساڵ دوای رووداوی ئیسراو میعراج هاتۆتە دونیاوە و خێزانی عەلی کوری ئەبی تالیب بووە و سێ کوڕی هەبوون بە ناوەکانی حەسەن و حوسەین و موحسین، هەروەها دوو کچیشی بەناوەکانی زەینەب و ئوم کەلسوم هەبوون.

هەم فیززەتی[١٤٥] جاریە

قیمەتی دوررِی گران

حەسەن[١٤٦]و حسێن[١٤٧] هاتنە جواب

گوتیانە باپیری خۆ

بۆچی مان جێماندێلی[١٤٨]

تۆمان نابەی لەگەڵ خۆ[١٤٩]

هەردووچاویان[١٥٠] پڕ ئاو بوو

هەر دەگریان[١٥١] لەبۆ خۆ

گوتیان روحم[١٥٢] فیدات بی

کەسمان نییە غەیری تۆ

---

١٤٥– لە (د. م) هاتووە: فەزیلە

١٤٦– حەسەن: حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، نەوەی پێغەمبەرە لە فاتیمەوە، لە رەمەزانی ساڵی سێی کۆچی لەدایك بووەو لە ساڵی پەنجای کۆچی وەفاتی کردووەو لە گۆرستانی بەقیع لە مەدینەی پیرۆز نێژراوە.

١٤٧– حوسێن: حوسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب: نەوەی پێغەمبەرە لە فاتیمەوە، لەساڵی چواری کۆچی لەدایك بووەو لە دەی عاشورای موحەررەمی ساڵی شەست و یەکی کۆچی لە رووداوی کەربەلا شەهید کراوە.

١٤٨– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بۆچی بە جێمان دێڵی

١٤٩– لە چاپی (د) هاتووە: نامانبەی تۆ دگەڵ خۆ. لە (د. م) هاتووە: تۆ نامانبەی

١٥٠– لە چاپی (د) هاتووە: هەردوو چاوی

١٥١– لە چاپی (د) هاتووە: هەردو گریان

١٥٢– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: روحمان فیدات بی



بمانبا[١٥٣] لۆ جیهادێ

غەزا بکەین لەبۆ خۆ

***

فەرمووی رەسوولی خودا

حەزرەتی خەیرولئەنام[١٥٤]

ئەنگۆ بمێنن لێرە

لەگەڵ والیدەی کیرام

دابنیشن لێرانە

لێی بی رەزایی عەللام[١٥٥]

هەتا باب و تێتەوە[١٥٦]

دەگاتەوە جێ و و مەقام

ئەنگۆش خۆتان حازرکەن

هەڵگرن ئالاو ئەعلام[١٥٧]

---

١٥٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بمانبە

١٥٤– ئەنام/ الانام: لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا بە واتای جنۆکەو مرۆڤ یان ئەوەی لەسەر زەوی دەرکەوتووە، لە قورئاندا (والارض وضعها للانام) ، واتە زەوی بۆ جنۆکەو مرۆڤەکان دانراوە، لێرەدا خەیرولئەنام واتە باشترینی ناو جنۆکەو ئینسان، یان باشترینی ئەو کەسەی کە لەسەر زەوی دەرکەوتووە.

١٥٥– عەللام: زۆر زانا، لە سیفاتەکانی خوایە، واتە خوا زانایە بە پێش شتەکانەوە. لە قورئاندا هاتووە (علام الغیوب).

١٥٦–لە چاپی (د) و (د. م) دا بە دێتەوە هاتووە، بەلاّم تێتەوە بە شێوەزاری سورچییانە کە دەنگی (د) زۆر جاران دەبێتە (ت) و دەنگی (ب) دەبێتە (پ)، وەك دێمەوە=تێمۆ، بەخوای= پەخوای

١٥٧– ئەعلام: کۆی (علم)ەو واتە ئالاّیەکان.

وەرنە دەر لە مەدینیٚ

بە عیززەت و بە ئیکرام

ئومێد وایە ئینشالاٚ

بگەینە[١٥٨] ئیمدای[١٥٩] ئیسلام

دوعایان خواست وەریٚ بوون[١٦٠]

بە تەوفیقی شای قەدیم[١٦١]

***

بە تەعجیلیان[١٦٢] دەئاژوو[١٦٣]

دەڕۆیشتن بیٚ تەقصیر[١٦٤]

لەبەر شەوقی غەزاییٚ

کردیان تەهلیل[١٦٥] و تەکبیر[١٦٦]

---

١٥٨– لە چاپی (د)دا بێنە هاتووە.

١٥٩– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: امداد

١٦٠– لە چاپی (د) هاتووە: بەڕیٚ بوون. لە (د. م) هاتووە: ڕۆین

١٦١– لە چاپی (د) هاتووە: شای ڕەحمان. لە (د. م) هاتووە: شای قدیر

١٦٢– تەعجیل: پەلە، خێرا

١٦٣– لە چاپی (د): داژوا. لە (د. م) هاتووە: ئاژوا

١٦٤– تەقصیر: بیٚ کەم و کوڕی و کەمتەرخەمی

١٦٥– فەرموودەیەکی پێغەمبەرهەیە ئاماژە بەوە دەدا کە زۆرترین نزای من و پێغەمبەرانی پێش من برتیی بووە لە لااله الا الله وحده لاشریك لە لە الملك ولە الحمد وهو علی کل شیء قدیر، ئەمە پێی دەگوترێت (التهلیل) هەروەها(التحمید)، هەروەها (التمجید)، کە تەهلیل نزای لا الە الا الله یە بە دەنگی بەرزەوە. بڕوانە (لسان العرب)

١٦٦– تەکبیر: التکبیر، بە واتای خوا بە گەورە زانینە لە ڕووی وشەیەوە، بەلاٚم لە نوێژدا بە (الله اکبر)ی دەست پێکردنی نوێژ دەوترێت، یان بە گوتنی الله اکبر ە بە دەنگی بەرز دەگوترێت تەکبیر.



صەلاواتی بیٚ عەدەد

علی البشرین نذیر[١٦٧]

شەو و ڕۆژان دائاژوا[١٦٨]

لە هیچ مەکان نەبوون گیر

پاشی سیٚ شەوو ڕۆژان

کەندەکیان[١٦٩] کەوتە[١٧٠] بەریٚ[١٧١]

لە زۆر پووش و گیا بوو[١٧٢]

نازلبوون[١٧٣] لەوێندەریٚ

کەمەك[١٧٤] ماندیان[١٧٥] حەساوە

ڕاحەت بوون لەسەفەریٚ

سوئالی کر لە ئەصحابان[١٧٦]

کیٚ دەزانی خەبەریٚ[١٧٧]

---

١٦٧– لە چاپی (د) هاتووە: البشر النضیر. لە (د. م) هاتووە: البشر النذیر

١٦٨– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: سیٚ شەو و ڕۆژیان ئاژوا

١٦٩– کەند: چاڵ

١٧٠– لە (د. م) هاتووە: کەفتە

١٧١– لە چاپی (د) هاتووە: کەندەکیان دەکەفتە بەریٚ

١٧٢– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: زۆر بە پووش و گیا بوو

١٧٣– نازل بوون: دابەزین

١٧٤– لە چاپی (د) هاتووە: کەمێك

١٧٥– ماندی: ماندوو

١٧٦– لە چاپی (د) هاتووە: سوئالی کرد لە صەحابان

١٧٧– لە چاپی (د) دوای ئەمە ئەم دێرانە هاتوون:

چەند قۆناغمان کورت کردوە/ چەند مایە لو وێندەریٚ

چەند قۆناغمان تەی[١٧٨] کردیە[١٧٩]
به سێ شەوو سێ ڕۆژان
چەند[١٨٠] قۆناغی دی مایە
هەتا وادی سەیسەبان
هەرکە لێرە وەڕێ بوون[١٨١]
بە تەوفیقی موستەعان
بە موددەکی کەمۆکە[١٨٢]
داخیلّ دەبوون[١٨٣] بەو مەکان[١٨٤]

***

ئەمما کی هەیە لەنگۆ
صاحیبی عەزم و صەحیح[١٨٥]

---

گوتیان خودا دەزانی/ دگەل حەبیبی سوبحان
فەرمووی لێتان معلوم بێ/ بێ شك و بێ گومان
هەشت قۆناغمان کورت کردیە/ بە سێ شەو و سێ ڕۆژان
سێ قۆناغی دی مایە/ لەبۆ وادی سیسەبان

١٧٨– تەی: بڕین، قۆناغ تەی کردن: قۆناغ بڕین
١٧٩– لە چاپی (د) هاتووە: چەند قۆناغمان کورت کردیە
١٨٠– لە (د. م) هاتووە: سێ
١٨١– لە چاپی (د) هاتووە: هەر کە لێرە بەرێ بووین. لە (د. م) هاتووە: وەڕێ بووین
١٨٢– کەمۆکە: زۆر کەم
١٨٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: داخیل دەبین بەو مەکان
١٨٤– مەکان: شوێن
١٨٥– لە چاپی (د) هاتووە: صاحێبی عەزمی صەحیح



بە کەمال[١٨٦] و مەعریفەت
غیرەت و عەقلّ ڕەجیح[١٨٧]
کاردیدەوو چازانی[١٨٨]
لە زوبانیش دا فەصیح[١٨٩]
بچیتە لای کوففاران
بێنی جەوابی صەحیح
داخۆ گەیشتینە کیێ[١٩٠]
ئەوان ڕووڕەشی قەبیح[١٩١]

***

هەستا پێیا[١٩٢] عومەری
کوڕی ئوممیەی زومری[١٩٣]

---

١٨٦– کەمال لە دونیای تەسەووفدا بۆ دوو مانا بەکاردێت، یەکێکیان بۆ خوا، کە خوای گەورە تەواوەو کەم و کوڕی لە هیچ سیفات و تایبەتییەك نییە، کەمالێکی تر هەیە بۆ ئادەمیزاد، کە ئەمە لەو بەشەیە، (نەسەفی) دەڵێت: کەمالی ئادەمیزاد لە چوار شتان دایە: گوتەی چاك، کردەوەی چاك، ڕەوشتی چاك، مەعریفەت، مەعریفەتیش چوار شتە: مەعریفەتی دونیا، مەعریفەتی ڕۆژی دوایی، مەعریفەتی خودو مەعریفەتی پەروەردگار. (فرهنط اصطلاحات تعبیرات عرفانی، دکتر سید جعفر سجادی.)
١٨٧– لە چاپی (د) هاتووە: (غیری تۆ عەقلی ڕەجیح) . رجیح: پەسندو باش
١٨٨– لە (د. م) هاتووە: چازان بی. چازان: شارەزا
١٨٩–فەصیح: زمان پاراو ڕەوان
١٩٠– لە (د. م) هاتووە: کێندەرێ
١٩١– قەبیح: ناشیرین
١٩٢– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: هەڵستا پێیا
١٩٣– عەمرو کوڕی ئوممیەی زومری (عمرو بن امیة الضمری): عەمرو کوڕی ئوممیە کوڕی خوەیلید کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئیاس–ی کوڕی عوبەیدی کوڕی ناشیرەی کوڕی کەعب–ی کوڕی جوددەی کوڕی زومرەی زەمەری، لە بەنی زەمرەی کوڕی بەکری کوڕی عەبد مناتی کوڕی عەلی کوڕی کینانەیە،

ساعی[١٩٤] ڕەسولوڵلاّ بوو
بەرەکەتی خوای لە عومری
گوتی قوربان من دەچم
ئەگەر صەبرم لیّ بگری
قەرار ناگرم لە هیچ جیّ
تا دەگەمە لەشکری
سۆراغیت لۆ دەبینم[١٩٥]
بە هەزار حیلەو مەکری[١٩٦]
حەزرەت فەرمووی ئینشاللاّ
خودا لۆت نووسی[١٩٧] ئەجری[١٩٨]

بـە ئـەبا ئومەییـە ناسـراوە، هەنـدیّکیش دەلـیّن بـە ئەلئـەوزاعی، لـە کتیّبـی (الاسـتیعاب فی معرفـە الاصحاب)ی القرطبی تەنیا بەم شیّوەیە ڕەچەڵەکی دەرهیّناوەو باس لە ژیاننامەکەی ناکات.
١٩٤– ساعی: کۆشکەر، ئەوکەسەی لەبەر دەستان دیّت و دەچیّ بۆ هەندیّ ئیش و کار
١٩٥– لە چاپی (د) دا : سررا غیب لۆ دینمەوە. لە (د. م) هاتووە: لۆ دینمەوە
١٩٦– مەکر: فروفیّڵ
١٩٧– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: دەنوسی
١٩٨– ئەجر: پاداشت



عومەر دەرحاڵ وەڕیّ[١٩٩] بوو[٢٠٠]
بە تەوفیقی لا ینام[٢٠١]
لە پیّش نویّژی زوهری[٢٠٢]
چوو گەیشتە ئەو مەقام
چاوی کەفت[٢٠٣] بە لەشکری
عابیدی بت و ئەصنام[٢٠٤]
دونیایان داگرتبوو
صەحرای پڕ چادرو خیام[٢٠٥]
دەورەی وادی سەیسەبان
پڕ لە صەلیب[٢٠٦] و ئەعلام
دیتی قەومی کوففاران
دەیان خوارد میوەو تەعام

١٩٩– لە چاپی (د) هاتووە: بەڕیّ بوو
٢٠٠– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: دوای ئەم نیوە دیّرە هاتووە:
لە خدمەت خیر الانام
چۆل و بەریای دانەبەر
ب توفیقی لا ینام
٢٠١– لاینام: سیفاتی خوایە واتە ناخەویّ، لیّرەدا درکەیە بۆ ناوی خوا
٢٠٢– نویّژی زوهر: نویّژی نیوەڕۆ
٢٠٣– لە چاپی (د) هاتووە: چاوی کەوت بە لەشکری. لە (د. م) هاتووە: چاوی کەت
٢٠٤–ئەصنام: کۆی ناوی (صنم)ە، واتە بتەکان
٢٠٥– خیام: خیّوەت
٢٠٦– صەلیب: خاچ

مەشغول بوون بە لەزایز[٢٠٧]

بە گفتوگۆو و کەلام

قەت یەکیا[٢٠٨] تێدا نەبوو

بکا تەوحیدی عەللام

عومەر فەرمووی کە وام دیت

گرتم هەیبەتەو سام[٢٠٩]

لەبۆ پاش گەڕامەوە

لۆ[٢١٠] ناو عەسکەری ئیسلام

وەقتی عەسرێ گەیمەوێ[٢١١]

خدمەتی خەیرولئەنام

کە دیتم نوێژیان دەکرد[٢١٢]

لەگەڵ ئەسحابی کیرام[٢١٣]

لە وێندەرێ دانیشتم

هەتا نوێژیان کرد تەمام

---

٢٠٧– لەزایز: جەمعی لەزیزە. واتە خۆشی یەکان

٢٠٨– (ن)ی کۆ، زۆرجاران لە دەشتی هەریرو ناوچەی سورچیاتی لە کاتی گوتندا دەقرتێنرێ، وەك دەچمە کوارگا، کەنگرا، .....هتد

٢٠٩– لە چاپی (د) هاتووە: گرتی هەیبەت و سام

٢١٠– لە چاپی (د) هاتووە: بۆ

٢١١– لە چاپی (د) هاتووە: وەختێ عەسری گیمە جێ

٢١٢– لە چاپی (د) هاتووە: کە دیتم نوێژی دەکرد

٢١٣– لە چاپی (د) هاتووە: لەگەڵ صەحابەی کیرام



هەر کە نوێژیان تەمام کرد[٢١٤]

هەڵستام، کردم سەلام

سەلامیان وەرگرتەوە[٢١٥]

لەبەریان کردم قیام[٢١٦]

ئیخباراتی بێ دینان

بە حەزرەتم دا ئیخبار[٢١٧]

کە وای[٢١٨] بیست ئەو خەبەر

حەزرەتی رەسولوڵلاٚ

بە عاجزو بە مەحزوونی[٢١٩]

هەر دەیفەرموو ماشاڵلاٚ

هیچ حەول و قووەت نینە

ئیللا بیزاتی ئەڵلاٚ[٢٢٠]

---

٢١٤– لە چاپی (د) هاتووە: کە نوێژیان تەمام کرد

٢١٥– لە چاپی (د) هاتووە: سەلامیان لێ وەرگرتم

٢١٦–قیام: هەڵستان

٢١٧– لە چاپی (د) هاتووە: بە حەزرەتم دا أعلام

٢١٨– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: وەها

٢١٩– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بە عاجزی و مەحزوونی

٢٢٠– لە چاپی (د) لە پاش ئەمە دێرێکی تر هاتووە:

پاشدان فەرمووی بە رێ بن/ توکلت علی الله

لە (د. م) هاتووە: توکلوا علی الله

نەصرەت[٢٢١] لە خوای بخوازن
تەوفیق دەدا ئینشالا

باریان کردو وەڕێ[٢٢٢] بوون
بە تەعجیلی یان بوون[٢٢٣] ڕەوان[٢٢٤]
شەو و رۆژ هەر دەڕۆین
بێ مۆهڵەت و بێ وچان
بە غەیری فەرزی نوێژێ
تا سێ شەو و سێ رۆژان
لەحزەکی ساکین[٢٢٥] نەبوون
نەنووستن لە هیچ مەکان
رۆژی سێیەم تەمام بوو
داخیڵ بوون بە سەیسەبان
چاوی کەفت[٢٢٦] بە خێوەتان[٢٢٧]
وەك ئەستێرێ لە ئاسمان

---

٢٢١- نەصرەت: سەرکەوتن
٢٢٢- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بەڕێ
٢٢٣- لە (د. م) هاتووە: بە تەعجیلی بوون
٢٢٤- لە چاپی (د) هاتووە: ب تەعجیلی دەڕۆین
٢٢٥- ساکین نەبوون: ئۆقرەیان نەگرت، نیشتەجێ نەبوون
٢٢٦- لە چاپی (د) هاتووە: کەوت
٢٢٧- لە (د. م) هاتووە: چاویان بە خێوەتان کەوت



گاوری مەلعوونی زەندیق[٢٢٨]
شەڕاب خۆری بێ ئیمان
هەڵیاندابوو لەوێندەر
مەشغوڵ بوبوون بە سەیران

حەزرەت فەرمووی نازل بن[٢٢٩]
هەڵدەن خێوەت و چادر[٢٣٠]
خۆتان موهەییا[٢٣١] بکەن
لە گاوران[٢٣٢] زۆر چاتر[٢٣٣]
کە خۆیان موهەییا کرد
وەحی لەبۆ هات حازر
لەبۆی هینا جوبرائیل
بە ئەمری حەیی قادر[٢٣٤]
هەمووی لەبۆ بەیان کرد
بەحسی غەزایی کافر

---

٢٢٨- زەندیق: ئەوەی باوەڕی بە خواو یەکتاپەرستی و تاکانەیی خوا نەبێت.
٢٢٩- نازل بن: دابەزن
٢٣٠- لە چاپی (د) هاتووە: هلدەن خێوەت و چادران
٢٣١- موهەییا: ئامادە
٢٣٢- لە (د. م) هاتووە: لە کافران
٢٣٣- لە چاپی (د) هاتووە: زۆر چاتر لە کافران
٢٣٤-حەیی قادر: دوو ناوی خوان لە نەوەت و نۆ ناوەکە: الحی: واتە زیندوو. القادر واتە بەتوانا

ئەصحابەی هۆشیار کردن
سەییدی پاك و طاهر[٢٣٥]
فەرمان و وەحی خودای
خەبەری دانیٚ نادر[٢٣٦]

فەرمووی گوێتان لە من بی
ئوشیار[٢٣٧] بن بە دڵ و بە جان[٢٣٨]
ئەوشەو لەبۆ خۆ بنوون
هەتاکو بەیان بەردا[٢٣٩]
خولاصە کەمەك[٢٤٠] نووستن
لەبۆ راحەتی ئەبدان[٢٤١]
کە فەجری بەیان بەردا[٢٤٢]
هەڵستان ئەهلی ئیمان

---

٢٣٥– تاهیر: ناوێکە لە ناوەکانی پێغەمبەر، واتە پاك

٢٣٦– لە چاپی (د) هاتووە: خەبەری دا من قادر

٢٣٧– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: هشیار

٢٣٨– لە چاپی (د) هاتووە: هشیار بن بە دل و جان

٢٣٩– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بەردان

٢٤٠– لە چاپی (د) هاتووە: کەمێك

٢٤١–ابدان: کۆی ناوی (بدن)ە، واتە جەستە

٢٤٢– لە چاپی (د) هاتووە: کە فەجری بەیانی کرد. لە (د. م) هاتووە: کە فەجری بەیانی دا



دوو رکاعەت نوێژیان کرد[٢٤٣]
فەرزی مەولای موستەعان

تەسبیحات[٢٤٤] و تەهلیلات
بە کەثر[٢٤٥]ی زیکری سوبحان[٢٤٦]
صەلاواتی بیٚ حیساب[٢٤٧]
لە پێغەمبەرییانەدان
زرێیان کردن لەبەر[٢٤٨]
دەستیان دا گورز[٢٤٩]و ڕمان[٢٥٠]
شیرو مەتاڵ و زەرگەی[٢٥١]
لەخۆیان بەست دەر زەمان

---

٢٤٣– لە چاپی (د) هاتووە: دوو روکعەتیان نوێژ کرد. لە (د. م) هاتووە:
دوو رکعەت نوێژیان کرد/ تەسبیحات و تەهلیلە/
صەلاواتی بیٚ شمار/ زرێیان دەکرد لەبەر/
هەلستان ئەهلی ئیمان/ فەرزی مەولای موستەعان/
تەکبیرو زیکری سوبحان/ لە پێغەمبەریان دەدان/
دەستیان دا گورزو رمان...

٢٤٤–تەسبیحات: زۆر زیکری سبحان الله، واتە پاك و بێگەردی بۆ خوا لە سیفاتی مرۆڤەکان

٢٤٥– کثر: زۆر

٢٤٦–لە چاپی (د)دا هاتووە: تەکبیرو زکری سبحان

٢٤٧– لە چاپی (د) هاتووە: صەلاواتی بیٚ ژمار

٢٤٨– لە چاپی (د) هاتووە: زرێیان لەبەر کرد

٢٤٩–گورز: ئامرازێکی سەرئەستووری دەسك دارە بۆ شەڕ. بروانە(هەنبانە بۆرینە، هەژار)

٢٥٠– رم: نێزەی درێژ. بڕوانە (هەنبانە بۆرینە، هەژار)

٢٥١– لە چاپی (د) هاتووە: شیرو مەتال و ازری.
زەرگە: نێزەیەکی سیٚ چوکلی کورتە

له ولآغان بوون سوار[٢٥٢]
گرتیان گۆشەیی مەیدان
عەسکەری خۆی[٢٥٣] تەرتیب دا[٢٥٤]
صاحیب عەلەم دەر زەمان[٢٥٥]
له پیش تولوعی[٢٥٦] ڕۆژێ
تۆز ڕۆیی لەبۆ ئاسمان

ساعەتەکی[٢٥٧] پێ نەچوو
له پاشی ڕۆژهەلاتێ[٢٥٨]
تۆزو غوبار ڕەوییەوە
خودا بیان دا نەجاتی[٢٥٩]
وتیان[٢٦٠] لەشکری گاوران
ئەوا دەکا[٢٦١] غەباتی

---

٢٥٢- له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: له ولاغان سوار بوون
٢٥٣- له چاپی (د) هاتووه: عەسکەری خۆش تەرتیب دا. له (د. م) هاتووه: زوو تەرتیب دا
٢٥٤-تەرتیب دا: ڕێکی خست
٢٥٥- له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: صاحیب علم دامەزران
٢٥٦-طلوع: هەلاتن
٢٥٧- له چاپی (د) هاتووه: سەعاتێکی
٢٥٨-. له چاپی (د) هاتووه: لەپاش ڕۆژهەلاتێ
٢٥٩- له چاپی (د) هاتووه: خودا بەیان دا نەجاتێ
٢٦٠- له چاپی (د)و له (د. م) هاتووه: دیتیان
٢٦١- له چاپی (د) و له (د. م) هاتووه: دەکەن



بە لەشکری ئیسلامی
هیچ ناکەت[٢٦٢] موبالاتی[٢٦٣]

مەلیك قیتریف دانیشتبوو
لەسەر کورسییەکی زێڕین
له ئەتڕافان دانیشتن[٢٦٤]
له لای شیمال و یەمین[٢٦٥]
صەد وەزیرو پەهلەوان
ئەوانیش[٢٦٦] کورسی نشین
موتیعو خزمەتکاریش
ڕاوەستابوون چین بە چین
لەبەر ئەمرو فەرمانی
لەبەر دەستی ئەو بێ دین

گەورەی هەموو وەزیران
یەکەك[٢٦٧] هەبو ناو هوجام[٢٦٨]

---

٢٦٢- له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: هیچ ناکەن
٢٦٣- له دوای ئەمه له چاپی (د) دێرێکی تر هاتووه:
وه تێ دەگەن کاروانه/ دەچی له بۆ ولاتێ. هەروەها له (د. م) هاتووه:
وا تێدەگەن کاروانه/ دەچن لەبۆ ولاتی
٢٦٤- له چاپی (د) و له (د. م) هاتووه: له ئەترافی دانیشتبوون
٢٦٥- شیمال: لای سەرەوە ، یەمین: لای دەستە ڕاست
٢٦٦- له چاپی (د) هاتووه: لەوانیش

به زاهیری کافر بوو
به باتینی بوو[٢٦٩] ئیسلام[٢٧٠]
له خەوێی دا دیتبوو
حەزرەتی خەیرولئەنام
دەگەل[٢٧١] یارو صەحابان
گەورەو گچکەو خاص و عام
یەك به یەکی ناسی بوون[٢٧٢]
جوملەی ئەصحابی کیرام
قیتریف لەو دەمی گوتی
وەزیرەکەی ناوهوجام[٢٧٣]

له پێش چاوم دیاره
لەشکرەکی کەمۆکه[٢٧٤]

---

٢٦٧–یەکەك: یەکێك
٢٦٨– له چاپی (د) هاتووه: یەکێك بوو ناوی هوجام
٢٦٩– له (د. م) هاتووه: به باتین ببووه
٢٧٠– له چاپی (د) هاتووه: به باتنی موسلمان
٢٧١– له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: لەگەڵ
٢٧٢– له چاپی (د) هاتووه: یەك یەکی دەناسین
٢٧٣– هوجام: ئەگەر ئەسڵەکەی هەججام بێ، ئەوا ماناکەی واتە شێر
٢٧٤– له چاپی (د) هاتووه: لەشکرەکی گچکۆکه



بەرابەر[٢٧٥] راوەستایه
ئەو لەشکری گچکۆکه[٢٧٦]
قاسیدەکی[٢٧٧] رەوان که
بچێته لایان صەبروکه[٢٧٨]
ئەحوالّی وان لێ پرسی[٢٧٩]
چ دەکەن لەوێ ئەورۆکه[٢٨٠]

ئەگەر دۆستن بێنه لام
بزانم مەقصودیان چییه
ئەگەر دۆست نین دوشمنن
لێرانه ئیشیان چییه
بڕۆن سەر رێ بەربدەن[٢٨١]
به جێ بێلّن وادیه[٢٨٢]
نەخۆ به نەعلی ولاّغان
گێره دەکەم[٢٨٣] زگییه[٢٨٤]

---

٢٧٥– بەرابەر: بەرامبەر
٢٧٦– له چاپی (د) هاتووه: ئەو لەشکری کەمۆکه
٢٧٧– قاصید: نامەبەر، نوێنەر
٢٧٨–صەبروکه: به هێواشی و لەسەر خۆیی
٢٧٩– له چاپی (د) هاتووه: ئەحواڵیان لێ بپرسی
٢٨٠– له چاپی (د) هاتووه: چ دەکەن لێره ئەورۆکه
٢٨١– له چاپی (د) هاتووه: بڕۆن سەر رێمان بەردەن
٢٨٢– وادی: دۆڵ

گەورەو گچکەو خاص و عام

یەکیان ناهێڵم[٢٨٥] باقیە

که گفتوگۆی قتڕیفی

بیستی وەزیر ناو هوجام[٢٨٦]

تەماشای کرد دەیناسین

یەك بە یەك[٢٨٧] عەسکەری ئیسلام

جوابی حاکمی داوە

گوتی شاهم ئەز غولام

تۆ لۆ تەڵەبەکی[٢٨٨] دەچی[٢٨٩]

بەو لەشکری[٢٩٠] ئیزدحام[٢٩١]

پادشای جوابی داوە

روورەشی کەر، زۆر نەفام[٢٩٢]

---

٢٨٣– لە (د. م) هاتووە: گێڕەیان دەکەم

٢٨٤– لە چاپی (د) هاتووە: گێڕە دەکەم زگیان

٢٨٥– لە چاپی (د) هاتووە: یەکیان ناکەم باقییە

٢٨٦– لە چاپی (د) هاتووە: بیستی وەزیری هجام

٢٨٧– لە (د. م) هاتووە: یەك یەك

٢٨٨– تەڵەب: داوا

٢٨٩– لە چاپی (د) هاتووە: تۆ لەبۆ سەر کیٚ دەچی

٢٩٠– لە چاپی (د) هاتووە: بەو لەشکرو

٢٩١– ئیزدحام: جەنجاڵ و قەرەباڵغ

٢٩٢– لە چاپی (د) هاتووە: رورەش کری نفام. لە (د. م) هاتووە: روورەشی کەری نەفام



گوتی ئیڕادەم وایە

دەچم لەبۆ سەر ئیسلام

موحەممەدو ئەتباعی[٢٩٣]

یەخسیریان[٢٩٤] بکەم بە عام

وەها جوابیی داوە[٢٩٥]

وەزیری عاقڵ تەمام

ئەگەر تۆ[٢٩٦] لۆ سەر وان بچی[٢٩٧]

ئەویش دێن[٢٩٨] بە ئیهتیمام[٢٩٩]

حەزرەت خۆی لەگەڵ دایە

جوملە ئەصحابی[٣٠٠] کیرام

ئەمما گەر بە قسەم بکەی

وەکو شاهو[٣٠١] وەزیران

---

٢٩٣– ئەتباع: پەیڕەوان

٢٩٤– لە چاپی (د) هاتووە: اسیر، واتە دیل

٢٩٥– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: دیسان جوابی داوە

٢٩٦– لە (د. م) هاتووە: گەر تۆ

٢٩٧– لە چاپی (د) هاتووە: گەر تۆ بۆ سەروان هاتی

٢٩٨– لە چاپی (د) هاتووە: دیش هاتن بە ئیهتمام

٢٩٩–ئیهتمام: گرنگ و بە بایەخ

٣٠٠– لە (د. م) هاتووە: جوملەی صەحابەی

٣٠١– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: پادشاو

**ئەمن نەفعی تۆم دەوێ**

**چا[٣٠٢] دەزانم تەدبیران[٣٠٣]**

**چازانیو عەقڵ و مەندی[٣٠٤]**

**هەیە لە کن ئەمیران**

**ئەمما دەبی گوێ بدەیە**

**گوفتاری گەورەو پیران**

**بە لەشکری زۆر عەدەد**

**بە عەبدان و وەزیران**

**فەخری لەبۆ خۆت مەکە[٣٠٥]**

**موحەمەد نایەتە گیران[٣٠٦]**

**چاکە زوو خۆ خەلاص کەی**

**بگەڕێیوە لەناو شار[٣٠٧]**

**خۆت بکەی نەقەلاتی**

**بچییە ناو قونگرو حەصار**

**شەڕ لەگەڵ وان ناکرێ**

**پەهلەوانن غیرەتدار**

---

٣٠٢– لە چاپی (د) هاتووە: چاك

٣٠٣– لە چاپی (د) هاتووە: تەکبیران

٣٠٤– لە چاپی (د) هاتووە: چازانی و عەقڵمەندی

٣٠٥– لە چاپی (د) هاتووە: فەخری نەکەن لەبۆ خۆ

٣٠٦– لە چاپی (د) هاتووە: ئەوان ناهێنە گیران

٣٠٧– لە چاپی (د) هاتووە: بگەڕێوە ناو شار



**پشتیوانیان خودایە**

**کەس پێیان نابات چو چار[٣٠٨]**

**تەدبیری[٣٠٩] چاك هەر وایە**

**خۆتان نەدەن بە قەهار[٣١٠]**

**کە مەلعوونی[٣١١] وەها بیست**

**گفتوگۆیی وەزیری**

**تاجی سەری خۆی فڕێ دا**

**بە عاجزی و زویری**

**گەر صاحێب ئەمەك[٣١٢] نەبای**

**لە کن باب و باپیری**

**بێ شك سەرت فڕێ دەم[٣١٣]**

**بە لێدانی شمشێری**

**پاشان سەری بڵند کرد**

**هاتە گفتوگۆو کەلام**

---

٣٠٨– لە چاپی (د) هاتووە: کەس پێیان نابا چ چار

٣٠٩– تەدبیر: تەگبیر

٣١٠– لە چاپی (د) هاتووە:  خۆتان نەدەن بە هلاك

٣١١– مەلعون: نەفرەت لێکراو، واتە دوور لە رەحمی خوا

٣١٢– لە چاپی (د) هاتووە: گەر صاحیب ئەمن نەبای

٣١٣– لە چاپی (د) هاتووە:  بێ شك سەرم لێ دەبڕێ. لە (د. م) هاتووە: بێ شك سەرم فڕەدەدای

به عاجزی و مەلوولی
گۆتییه وەزیری کیرام[٣١٤]
گۆتی وا نییه ئەو قسه[٣١٥]
زەلیلت کردن ئەصنام
لەشکری هێنده زۆره[٣١٦]
هێنده قەدەر نەفەر[٣١٧] عام
چارسەد هەزار سواره
بیست و چار هەزار به عام
لەبۆ شەڕو دەعوایێ
هینایه[٣١٨] به ئیهتیمام

ئەگەر مەعلوم بزانم
ئەو لەشکری بەرابەر[٣١٩]
موحەممەدو عەلینه
دانیشتینه لەوێندەر

---

٣١٤- له چاپی (د) هاتووه: گۆتیه وەزیری هوجام
٣١٥- له چاپی (د) هاتووه: کو توانیت ئەو قسەی بکەی
٣١٦- له چاپی (د) هاتووه: لەشکرەکی وەها زۆر
٣١٧- له (د. م) هاتووه: نفیر عام هاتووه
٣١٨- له چاپی (د) هاتووه: هینایتم.. له (د. م) هاتووه: هێناومه
٣١٩- له چاپی (د) هاتووه: بەرامبەر



عەبدەکی خۆ[٣٢٠] دەنێرم
بیان کاتن قەلەندەر
به یەخسیرییان[٣٢١] بهێنی
لێرەیان بکەم[٣٢٢] بێ مەفەر
وەزیر گۆتی ئەفەندم[٣٢٣]
کی هەیه صاحیب هونەر
خۆ رابگری له مەیدان
له پێش ئیمامی حەیدەر
چی بچته مەیدانی وی[٣٢٤]
نایەتۆ صاحێبی سەر[٣٢٥]
حاکم گۆتی ئەی وەزیر
تەماشا بکه نەزەڕ[٣٢٦]
دوو عەبدی رەشم هەنه
یەك (هەیاف) و یەك (کەندەر)
چیایان دەڕووخێنن
به قووەتی شان و سەر

---

٣٢٠- له چاپی (د) هاتووه: خۆم
٣٢١- له چاپی (د) هاتووه: ئەسیرییان
٣٢٢- له چاپی (د) هاتووه: لەبەریان بکەم
٣٢٣- ئەفەندم: گەورەم، بەڕێزم
٣٢٤- له چاپی (د) هاتووه: چی بچیته میدانێ
٣٢٥- له چاپی (د) له (د. م) هاتووه: نایتەوە صاحب سەر
٣٢٦- نظر

له ترسا وا دەلەرزین[٣٢٧]

چەند پادشای موعتەبەر

وەزیر گوتی ئەی ئەمیر

ئەی پادشای موعتەبەر[٣٢٨]

دوو عەبدی تۆ هیچ نینە

لەکن رەسوولی ئەکرەم

پەهلەوانی[٣٢٩] وای هەیە

عەبدانت دەکا[٣٣٠] عەدەم[٣٣١]

گەر[٣٣٢] شەڕیان لەگەڵ بکەی

پەشیمان دەبی نەدەم[٣٣٣]

وە تێمەگە کەم دەستن

فورسەت نیە بە زۆرو کەم

چەند عەگیدی دەگەل دا

ئی وەك صددیقی ئەعزەم[٣٣٤]

---

٣٢٧- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: ل خوفی وان دلەرزی

٣٢٨- لە چاپی (د) هاتووە: ئەی پادشای محترم

٣٢٩- لە چاپی (د) هاتووە: پەلەوان

٣٣٠- لە (د. م) هاتووە: دەکەن

٣٣١- عەدەم: نەمان

٣٣٢- لە چاپی (د) هاتووە: ئەگەر

٣٣٣-ندم: پەشیمانی



عومەری ئیبنی خەتتاب[٣٣٥]

جەنابی ئیمام عوسمان[٣٣٦]

عەلی بن ئەبی تاڵیب[٣٣٧]

مەشهوورە شاهی مەردان

عەشەرەتولموبەششەر[٣٣٨]

کەرخیان[٣٣٩] دیارە لە مەیدان

---

٣٣٤- صددیقی ئەعزەم: مەبەست ئەبوبەکری صدیقە، کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی قوحافەیە، ئەبوقوحافەش ناوی عوسمان کوڕی عامر کوڕی کەعب، کوڕی سەعد کوڕی تەیم کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعب کوڕی لوئەی کوڕی غالب کوڕی فەهر کوڕی مالك القرشي التيمي یە. یەکەم کەسە لە پیاوان کە مسوڵمان بوونی خۆی راگەیاندووە و بە صدیق (راستگۆ)یش ناونراوە چونکە لە شەوڕەوی پێغەمبەردا بە هەموو شتێکی رووداوەکە بڕوای هێنا، یاوەری پێغەمبەر (د.خ)یش بووە لە کۆچکردنەکە و زۆر لای خۆشەویست بووە، بە یەکەم جێنشینی پێغەمبەریش هەڵبژێردراوە لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا و دوای وەفاتی پێغەمبەر بە دوو ساڵ و سێ مانگ و دوانزە رۆژ وەفاتی کردووەو لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) لە مەدینە نێژراوە. فەرموودەی زۆر هەیە لەسەر بەڕێزی و گەورەیی ئەبوبەکر لەلای پێغەمبەرەوە بەناوبانگترینیان فەرموودەی (ئەگەر بکرایا خۆشەویستم هەبوایە، ئەوا ئەبوبەکرم دەکردە خۆشەویستی خۆم)، هەروەها هەڵوێستەکانی نموونەی هەڵوێستی دانسقەو دەگمەنن لە مێژووی ئیسلامی دا و خودی پێغەمبەر نوێژی لەدوای کردووە.

٣٣٥- لە چاپی (د) هاتووە: عومەر کوری خەتابی

٣٣٦- ئیمام عوسمان: عوسمانی کوری عەففانە سێیەم خەلیفەی راشدینەو بە زینوورەین ناسراوە چونکە مێردی روقیەو ئوم کەلسومی کچانی پێغەمبەر بووەو کەسێکی شەرمن بووەو فریشتەکان شەرمیان لێ کردووە. عوسمان بە یەکەم کەس دادەنرێت کە قورئانی پیرۆزی لە یەك موسحەفدا کۆکردەوەو لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانی بەهەشتیشە.لە ساڵی ٣٥ی کۆچیدا شەهیدکراوەو لە گۆڕستانی بەقیع نێژراوە.

٣٣٧- لە چاپی (د) هاتووە: عەلی ئەبی تالبی

٣٣٨- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: عەشەرەی مبشرە

٣٣٩- کەرخ: شوون، شوێن

تەڵحە[٣٤٠] و زوبێر[٣٤١]ی رەشید

سەعد[٣٤٢] و سەعید[٣٤٣]ی چازان

---

٣٤٠- تەلحە: ناوی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی عوسمانی کوڕی عەمر کوڕی کەعب کوڕی سەعد کوڕی تەیم کوڕی مورە کوڕی کەعب کوڕی لوئەی کوڕی غالب القرشی التیمی یە، و لە دە مزگێنی پێدراوەکانی بەهەشتە. لە هیجرەت بۆ مەدینەدا پێغەمبەر (د.خ) تەڵحەی لەگەڵ کەعبی کوڕی مالك-ی ئەنساڕی کردە برا، لەکاتی شەڕی بەدردا تەڵحە لە شام بوو و نەیتوانی بەشدار بێت بەڵام ئوحودو جەنگەکانی تری دیوە، لەو شەش کەسانەیشە کە عومەری کوڕی خەتتاب بە ئەنجومەنی شوڕای دانان، پێغەمبەر(د،خ) لەبارەی تەڵحەوە فەرمویەتی: من أحب أن ینظر إلی شهید یمشی علی وجە الارض فلینظر إلی طلحة: هەرکەسێك حەز دەکا تەماشای شەهیدێك بکات کە لە سەر زەوی بڕوات با سەیری تەڵحە بکات. ئەوەبوو لە تەمەنی شەست ساڵیدا و لە ساڵی ٣٦ی کۆچی لە رووداوی جەمەل شەهید کرا.

٣٤١- زوبێر: زوبێری کوڕی عەووام لە ساڵی ٢٨ی پێش کۆچکردنی پێغەمبەر لە دایك بووەو لەپازدە ساڵیەوە مسوڵمان بووە، لە حەوت کەسە مسوڵمانە یەکەمەکانە، لەگەڵ ئەسمای کچی ئەبوبەکر هاوسەرگیری ئەنجام داوە و لە دە کەسە مزگێنی پێدراوەکانە بە بەهەشت و لە نزیك بەسرە بەخاك سپێردراوە کە ئێستا قەزایەکی بەناو کراوە بەناوی قەزای زوبێر سەر بە پارێزگای بەسرەیە لە عێراق.

٣٤٢- سەعد کوڕی ئەبی وەقاص کوڕی مالك کوڕی ئەهیب کوڕی عەبدمەناف کوڕی زوهرە کوڕی کلاب القرشی الزهری یە، حەوتەمین کەسە مسوڵمان بووە، لە تەمەنی نۆزدە ساڵی مسوڵمانی خۆی راگەیاندووە، بەدرو حودەیبەی بینیوەو لەو شەش کەسانەیە کە عومەری کوڕی خەتاب کردنی بە ئەنجومەنی شوڕاو لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانی بەهەشتە، بەو کەسە ناسراوە کە نزاکانی گیرا دەبێ چونکە پێغەمبەر (د.خ) نزای بۆ کردبوو فەرموبوی: (اللهم سدد سهمە، وأجب دعوتە) و لە ساڵێ ٥٤ی کۆچی لە تەمەنی حەفتاو چەند ساڵێك وەفاتی کردووەو لە گۆرستانی بەقیع نێژراوە.

٣٤٣- سەعید کوڕی زەید کوڕی عەمر کوڕی نوفەیل، یەکێکە لە مژدەپێدراوەکانی بەهەشت، و لە موهاجییرە یەکەمینەکانە، ژنەکەی ناوی فاتیمە بوو و خوشکی عومەری کوڕی خەتتاب بوو، بەهۆی ئەو ژنەوە عومەر مسوڵمان بوو، واتە پێش عومەریش مسوڵمان بووە، پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ تەلحە ناردنی بۆ شام و هەر لەبەر ئەوەش بوو جەنگی بەدریان نەبینی، باوکیشی لەسەر ئاینی ئیبراهیمی حەنیف بوو و بت پەرست نەبوو و بۆ بتان قوربانی سەر نەبڕیوە. سەعید لە ساڵی پەنجاو یەکی



ئەبو عوبەیدەی جەڕڕاح[٣٤٤]

جەنابی عەبدولرەحمان[٣٤٥]

---

کۆچی لەسەردەمی موعاویەدا لە عەقیق لە خاکی خۆی لە تەمەنی حەفتاو چەند ساڵێك وەفاتی کردووە.

٣٤٤- ئەبو عوبەیدەی جەڕاح: گوتراوە ناوی عامری کوڕی جەڕاحە، یان عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی جەڕاح، راستتر ئەوەیە ناوی عامری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەڕاحی کوڕی هیلالی کوڕی ئەهیبی کوڕی ضبةی کوڕی حاریسی کوڕی فەهری کوڕی مالکی کوڕی النضر ی کوڕی کینانەی القرشی الفهری یە، لەگەڵ پێغەمبەر جەنگی بەدری دیوە، هەروەك لە هیجرەتی دووەمیشدا بۆ حەبەشە بەشداربووە. یەکێکیشە لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانی بەهەشت، پایەیەکی بەرزی هەبوە لای پێغەمبەر (د.خ)و پێغەمبەر لەبارەی فەرمووە، هەموو پێغەمبەرێك کەسێکی جێگای متمانەی هەبووە، ئەمینداری ئەو ئوممەتەیش ئەبو عوبەیدەی جەڕاحە (لکل امة امین، وامین هذە الامة أبو عبیدة بن الجراح) البخاری/٥/٢١٨، لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی ١٨ی کۆچی لە ئەردەن، مەعازی کوڕی جەبەل نوێژی لەسەر کردووە، دەڵێن بەهۆی ئەم تاعونەوە بیست و شەش هەزار کەس لەناوچووە، لەبارەی ئەمیندارییەکەی پێغەمبەر (د.خ) بە خەڵکی نەجرانی فەرمووە (لأبعثن علیکم رجلا أمینا حق أمین) دواتر ئەبا عوبەیدەی رەوان کردوە. هەروەك خەڵکی یەمەن-یش هاتنە لای پێغەمبەر (د.خ) وتیان کەسێکمان لەگەڵ بنێرە کە فێرمان بکات، پێغەمبەریش دەستی ئەبو عوبەیدەی گرتوەو فەرمویەتی ئەمە ئەمینداری ئەم ئوممەتەیە: هذا أمین هذە الامة. البخاری ٥/٢١٧. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (الاستیعاب فی معرفە الاصحاب، القرطبی، ص ٢٧٢-٢٧٣.

٣٤٥- مەبەست عەبدولرەحمانی کوری عەوفە: ناوی عەبدوڵرەحمان کوڕی عەوف کوڕی عەبد کوڕی حاریس کوڕی زوهرەی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالب-ی القرشی الزهری یە و کونیەکەی ئەبا محەمەدە، لە سەردەمی نەفامیدا ناوی عەبدعەمر و گوتراوە ناوی عەبدولکەعبەیش بوو، پێغەمبەر(د.خ) ناوی عەبدولرەحمان-ی لێنا. بە دە ساڵ دوای رووداوی فیل لەدایك بووە، پێش ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) بچێتە دار الارقم ئەو مسوڵمان بووە، لە کۆچەرییە یەکەمینەکانەو هەردوو کۆچی حەبەشەو مەدینەی بینیوە. لە مەدینە بە فەرمانی پێغەمبەر لەگەڵ سەعدی کوڕی رەبیعەدا کە پشتیوانێکی مەدینە بوو بوون بە برا. جەنگی بەدری بینیوەو هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەبر (د.خ) بووەو یەکێکیشە لە دە کەسە مژدەپێدراوەکانی بەهەشت و یەکێکیشە لەو

سەعدی ئیبن عوبادە[٣٤٦]

غەممائی ئیبن یاسر

عوبادەی بن ئیمامە

لەگەڵ موسایی ئەشعەر

---

شەش کەسەی کە عومەری کوڕی خەتتاب راوێژی پێکردوون، پێغەمبەر (د.خ) لە گەشتێکدا نوێژی لەدوای ئەو کردوە، لەبارەی عەبدولرەحمان فەرموودە هەیە کە پێغەمبەر پێی فەرموە ئەتۆ ئەمینداری زەوی و ئاسمانی، کابرایەکی دەوڵەمەند بووەو لە یەك رۆژدا سی کۆیلەی ئازاد کردووە، لەکاتی سەرەمەرگدا گریا، پرسیاریان کرد کە بۆچی دەگری؟ گوتی موسعەبی کوڕی عومەیر لەمن باشتربوو، لە سەردەمی پێغەمبەردا وەفاتی کردو بەرگێکی نەبوو بۆی بکەن بە کفن، هەروەها حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبیش لەمن باشتربوو کە کفنی نەبوو، من دەترسم لەبەر زۆری سەروەتم هەموویم لەسەر حیساب بکرێت.لە ساڵی ٣١ی کۆچی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە مەدینە کۆچی دوایی کردوە. دوای ئەمە لە چاپی (د) هاتووە :

مغدیدی ابن اسود/ زراری ابن ازور

خالیدی ابن ولید/ پەهلەوانەو غیرەتدار

عدی ابن عبادە/ هم عمار ابن الیاسر

عبادەی ابن تمیم/ لەگەل موسی اشعر

٣٤٦– سەعد کوڕی عوبادە کوڕی دولەیم کوڕی حاریسەی کوڕی حەلیمە، کوڕی سەعلەبەی کوڕی طریف–ی کوڕی خەزرەجی کوڕی ساعیدەی کوڕی کەعبی کوڕی خەزرەجی الانصاری الساعدی یە، کونیەکەی ئەبا سابیت–ە، عەقەبەو بەدری بینیوە، یەکێك بوو لە هاوەڵە چاوتێرو دڵ تێرەکان، زۆر قوربانی دەکرد، لە رۆژی خەندەق دا خورمای مەدینەی گەلێك زۆر کڕی و بەخشیەوە، و سەرداری خەزرەجیەکانیش بوو، لە رۆژی فەتحیشدا ئالآی پێغەمبەر(د.خ) لە دەستی سەعد دا بوو. لە حۆران–ی خاکی شام دا دوای دوو ساڵ لە خەلافەتی عومەر و لەساڵی ١٥ی کۆچی وەفاتی کرد.



جابری بن عەبدوڵلا[٣٤٧]

لەگەڵ فەزلی بن عەبباس[٣٤٨]

زوححاکی بن عەگیبە[٣٤٩]

عەبباسی بنی مەرداس[٣٥٠]

---

٣٤٧– جابر بن عەبدوڵلاّ: هاوەڵێکی پێغەمبەرە (د.خ)، پێنج هاوەڵ هەن ناویان جابر بن عبدالله یە، هەریەکەیان لەقەبیێکیان هەیە، بەڵام ئەمەیان بە جابر بن عبدالله الصدفی ناسراوە و هیچ لەبارەی ژیانیەوە نەنوسراوە.

٣٤٨– ناوی فەزڵ کوڕی عەباس کوڕی عەبدولموتەڵیب کوڕی هاشم کوڕی عەبدمەناف القرشی الهاشمی، کونیەکەی ئەبا عەبدوڵلاّیە، لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) غەزای حونەین–ی کردووەو لەحەجی ماڵئاوایی دا بەشداربووە، لەکاتی شۆردنی تەرمی پێغەمبەر ئاوی داوەتە عەلی. رووخسارێکی زۆر جوانی هەبووە. رۆڵەی نێرینەی نەبووەو هەر ئوم کەلسومی هەبوە کە حەسەن کوڕی عەلی بۆ خۆی خواستوەو پاشان جودابۆتەوەو ئەبو موسای ئەشعەری هێناویەتی. لەبارەی مێژووی وەفاتی ئەم هاوەڵە ڕای جیاواز هەیە و زۆربەیان دەڵێن لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکردا لە ساڵی ١٣ی کۆچی لە رۆژی ئەجنادەین بریندarبووە، گوترایشە بەهۆی تاعوونی عەمواس لە شامەوە ساڵی ١٨ی کۆچی وەفاتی کردوە، هەروەك دەشگوترێ لە رۆژی یەرموك ساڵی ١٥ی کۆچی لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوری خەتتابدا کوژراوە.

٣٤٩– لە (د. م) هاتووە: زوححاکی قەیسی عەگید

٣٥٠– هاوەڵێکی پێغەمبەرە (د.خ) ناوی عەباس کوڕی مورداس کوڕی ئەبی عامر کوڕی حاریسە کوڕی عەبد کوڕی عەبس کوڕی روفاعە کوڕی حاریس کوڕی حەیی کوڕی حاریس کوڕی بوهسە کوڕی سولەیمی سەلەمی یە، کونیەکەی ئەبافەزڵ ـە، پێش فەتحی مەککە مسوڵمان بووە، عەباس لەو کەسانە بووە کە پێغەمبەر (د.خ) بە (المؤلفة قلوبهم) حسێبی کردوون، هەروەك لە سەردەمی نەفامیشدا ئارەق و شەرابی قەدەغەکردووەو لە کۆتایی ژیانیدا چۆتە بادیە لە بەسرە.

ئەبو زەڕڕی غەففاری[٣٥١]
لەگەل سەعدی بن مەعاز[٣٥٢]
موشتاقن لۆ غەزایێ
بە موحیببەت و ئیخلاس
لەوانیش زیاتر هەنە[٣٥٣]
لە ئیسلامی بە ئەساس
هەر جێیەکی روو تێکەن
بێ شك دەیانکەن خەلاس

٣٥١– ئەبو زەڕی غەفاری یەکێکە لە گەورە هاوەڵەکان و پێنجەمین کەسە کە مسوڵمان بوونی خۆی راگەیاندووە، لەناو هۆزەکەی بە نهێنی بڕوای هێناوەو کە هاتۆتە لای پێغەمبەر (د.خ) لەناو بازاڕی کەعبەدا بە ئاشکرایی مسوڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کردووەو فەرموودەی پێغەمبەری لەسەر هاتوە کە فەرموویەتی (ابو ذر في أمتي على زهد عيسى ابن مريم) و بە کابرایەکی زاهیدو دونیا بەکەمزان ناسراو بووەو لەو بارەوە رەخنەی لە دەسەڵاتدارەکان گرتوە بەوەی ئاگاداری هەقی خەڵك بن و لە ساڵی ٢٤ی کۆچی لە رێگای حەج دا کە پێغەمبەر (د.خ) پێی فەرموو بوو ئەو کاتەی دەمری بە تەنیای و کۆمەڵێك ئیماندار لە سەرەمەرگدا دەگەنە لات و هەر لە ناوچەی (الربذة) شۆردیان و کفنیان کردو ئەسپەردەی خاکیان کرد.

٣٥٢– سەعد کوڕی موعاز کوڕی نوعمان کوڕی ئومروئولقەیس کوڕی زەید کوڕی عەبدولئەشهەل کوڕی جوشەم کوڕی حاریس کوڕی خەزرەج کوڕی نەبیتە. هاوەڵێکی خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) بوو، پیاوێکی بێ رەزای بالأبەرز بوو، لەکاتی شەهیدبوونی کە تەرمەکەیان هەڵگرت، دووڕووەکان توانجیان لێدا، پێغەمبەر (د.خ) لەوبارەوە فەرمووی حەفتا هەزار فریشتەی خوا بۆ تەرمی سەعدی کوڕی موعاز دابەزیون، کە پێشتر بۆ کەس وەها دانەبەزیون، هەروەها فەرمووی: عەرشی خوا بۆ مردنی سەعد لەرزی.

٣٥٣– لە چاپی (د) هاتووە: لەوانیش زۆرتر هەنە. لە (د. م) هاتووە: زێتر هەیە



ئەگەر چی جەیشیت زۆرە[٣٥٤]
پڕ لە گاوری بێ ئیمان[٣٥٥]
تێك دەدەن و دەشکێنن
تیپ و قەوشەنی گران
دیسا کە بیستی مەلعوون[٣٥٦]
قسەی وەزیری عەیان[٣٥٧]
دونیای لێ ترش و تاڵ بوو
گووی باری لەناو چاوان
گۆتیە وەزیری عارف
بێ رەیب و شك[٣٥٨] و گومان
تۆ تەعزیمی[٣٥٩] وان دەکەی
ناویان بۆم دەکەی بەیان
قەلبت نائیلە بۆ وان[٣٦٠]
یەکێکی لە صنفی[٣٦١] وان

٣٥٤– لە چاپی (د) هاتووە: ئەگەر چی لەشکرت زۆر بی

٣٥٥– لە چاپی (د) هاتووە: پڕ بکا رووی ئەرزان

٣٥٦– لە چاپی (د) هاتووە: مەلعونی

٣٥٧–. لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ئەعیان

٣٥٨– رەیب و شك: (ريب) و (شك) دوو وشەی عەرەبین و بەمانای گومان دێن.

٣٥٩– تەعزیم: پیرۆز

٣٦٠– لە چاپی (د) هاتووە: قەلبن مائلی وانە. لە (د. م) هاتووە: قەلبت مایل بەوانە

٣٦١– صنف: پۆل، کۆمەڵ

جوابی حاکمی داوه
وەزیری صاحیب ئیمان
من لەوان نیمه ئەما
پاشا[٣٦٢] دەبینی مەیدان

گۆتیه وەزیری لەو دەم
ئەو پادشای عاقڵ کەر
عەسکەرم لۆ تەرتیب دە
لە یەمین و لە مەیسەر[٣٦٣]
بەخۆت لەلای راسته بە[٣٦٤]
دەگەڵ[٣٦٥] قەومی بە هونەر
وەزیرەکەش[٣٦٦] بە قەومەوە
رابوەستن[٣٦٧] لە مەیسەر
دامەزراندن چار کەنار[٣٦٨]
چەند وەزیر بوون بە دەفتەر

---

٣٦٢- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: پاشان
٣٦٣- لە چاپی (د) هاتووە: لە میمنە و لە میسر
٣٦٤- لە چاپی (د) هاتووە: بەخۆت لەلای راستی یە
٣٦٥- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لەگەڵ
٣٦٦- لە چاپی (د) هاتووە: وەزیرەکە. لە (د. م) هاتووە: وەزیرەك
٣٦٧- لە چاپی (د) هاتووە: رابوەستی
٣٦٨- دوای ئەمە لە چاپی (د) و (د. م) بەم شێوەیە هاتووە:
جوملەی وەزیرو عەسکەر
یەك بە یەك تەرتیبی دان (یەك بە یەکی تەرتیب دان)/ صف بە صف ئەوبەر ئەوبەر
هەرکەس دەستەی خۆی دیار/ صەد وەزیر بوو ب دفتر



ئەو بەحسە با لێرە بی
لە جێی خۆی بەرکەنار بی
مەلیك قتڕیفی مەلعوون
رووڕەش و شەرمەزار بی
عەسکەری دا پێش چاوان[٣٦٩]
تا[٣٧٠] هەمووی لێ دیار بی
لەعنەتی خوای هەموو دەم[٣٧١]
لە بۆ وی بە قەتار بی[٣٧٢]
قەبرو لەحدی[٣٧٣] خەبیسی
پڕ لە ئاگرو نار بی
ئەو بەحسە[٣٧٤] با بمینی
نۆبەی سەیدی موختار بی

بانگی کردە خالیدی
حەزرەتی عالی جەناب[٣٧٥]

---

٣٦٩- لە (د. م) هاتووە: پێش چاوی
٣٧٠- لە چاپی (د) هاتووە: دا
٣٧١- لە چاپی (د) هاتووە: لەعنەتی خودای لەبۆ وی
٣٧٢- لە چاپی (د) هاتووە: هەموو رۆژ بە قتار بی
٣٧٣- لەحد: ئەلحەد: بەردی گۆڕ
٣٧٤- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بەحسی وی
٣٧٥- دوای ئەمە لە چاپی (د) و (د. م) دێرێکی تر هاتووە:
فەرمووی لبیك لبیك/ تاخیری نەکرد جەواب

**ته گفتوگۆی مەدینەی[٣٧٦]**
**لەبیرت مایە خیتاب**
**عەسکەری زۆر[٣٧٧] تەرتیب دا[٣٧٨]**
**خودا لۆت نووسی[٣٧٩] صەواب[٣٨٠]**
**خالیدی بنی وەلید**
**نەصرەتی دایێ وەهاب**

**سوار بوو چوویە مەیدانێ**
**بە فەرموودەی پێغەمبەر**
**ئەسپی هینا جۆللانێ**
**زوو[٣٨١] تەرتیبی دا عەسکەر**
**لەپێش هەمووان راوەستا**
**وەکی شێری غەزەنفەر**
**بانگی کردە صددیقی[٣٨٢]**
**حەزرەتی خەیرولبەشەر**

---

٣٧٦– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: کا گفتوگوی مەدینەی
٣٧٧– لە چاپی (د) هاتووە: عەسکەری زوو
٣٧٨– لە چاپی (د) هاتووە: تەرتیب دە
٣٧٩– لە چاپی (د) هاتووە: خودا لۆت بنوی
٣٨٠–صەواب لیرە بە مانای ثواب: واتە پاداشت. لە (د. م) هاتووە: خوا لۆت بنوسی ثواب
٣٨١– لە چاپی (د) وشەی (زوو)ی تێدا نییە.
٣٨٢– مەبەست ئەبوبەکری سددیقە



**جوابی داوە بە لەببەیك**
**تەمەننایی کرد[٣٨٣] لەبەر[٣٨٤]**
**فەرمووی بڕۆ لای یەمەن[٣٨٥]**
**رابوەستە لەوێندەر**
**لە دوو وی بانگی کردە**
**حەزرەتی زاتی[٣٨٦] عومەر**
**فەرمووی بە خۆت و ئەتباعی[٣٨٧]**
**بڕۆنە لایی میسر[٣٨٨]**
**لەپاشا[٣٨٩] بانگی کرد عوسمان**
**زونوورەینی پڕ جەوهەر[٣٩٠]**
**بڕۆ جانبی یەمەن[٣٩١]**
**غەممالی ئیبن یاسر[٣٩٢]**

---

٣٨٣– لە (د. م) هاتووە: دەکرد
٣٨٤– لە چاپی (د) وا نووسراوە: تمنای دەکر دلێر (دلبەر)
٣٨٥– لە (د. م) هاتووە: یەمین
٣٨٦– لە چاپی (د) زاتی حەزرەتی هاتووە
٣٨٧– لە (د. م) هاتووە: بەخۆو ئەتباعت
٣٨٨– لە (د. م) هاتووە: مەیسەر
٣٨٩– لە (د. م) هاتووە: پاشان
٣٩٠– لە چاپی (د) هاتووە: زو النورین ی بە جوهر
٣٩١– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بڕۆ جەناحی ایمن
٣٩٢– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: پاشان عماری یاسر

ئەویشی ناردیە موبین[٣٩٣]

لەبۆ جانبی[٣٩٤] ئەیسەر

پاشا[٣٩٥] بانگی کرد مەغدید

کوڕی ئەسوەدی کەندی[٣٩٦]

لەبۆ قەلبگای عەسکەری[٣٩٧]

تەعینی کرد بە زەیدی[٣٩٨]

---

٣٩٣- لە چاپی (د) هاتووە: ئەویش ناردە دوری. لە (د. م) هاتووە: ئەویشی ناردو ڕۆیی

٣٩٤- لە چاپی (د) هاتووە: لەبۆ جناح

٣٩٥- لە چاپی (د) پاشدان نووسراوە.

٣٩٦- مەغدید کوڕی ئەسوەدی کندی: مەغدید واتە مقداد، یەکێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ)، میقداد کوڕی عەمرو کوڕی سەعلەبەی کوڕی مالك-ی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی ثمامەی کوڕی مطرودی کوڕی عەمروی کوڕی سەعد ئەلبەهراوی یە، لە بەهرای کوڕی کوڕی عەمروی کوڕ ئەلحافی کوڕی قضاعەیە، دەشگوترێ کندی یەو لە کندییەکانە. هەندێك دەڵێن وەك ئەبو عەمر کە مەغدید بەندەیەکی حەبەشی بووە هی ئەسوەدی کوڕی عەبد یغوث، دواتر مسوڵمان بووە، هەندێکی تریش لەگەڵ ئەوەن بەهراوی بووەو هەر زوو مسوڵمان بووە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە مەغدید بۆ زۆر لە جەنگەکان بەشداری کردووەو لە فەتحی میسر دا (کە دەشێ سیسەبان لە میسر بووبێت) بەشداری کردووەو لە خاکی میسر لە شوێنێك پێی دەگوترێت (جرف) کۆچی دوایی کردووەو هەڵیانگرتوەو لە مەدینە ناشتویانەو عوسمانی کوڕی عەففان لە ساڵی ٣٣ی کۆچیدا نوێژی لەسەر جەنازەکەی کردووەو ناوبراو حەفتا ساڵ تەمەنی بووە. فەرموودەیەك لەبارەی میقدادەوە هەیە (وروی سلیمان وعبدالله ابنا بردە عن ابیهما قال قال رسول الله (ص): ان الله عز وجل أمرنی بحب أربعە من أصحابی، وأخبرنی أنە یحبهم، فقیل: یارسول الله، من هم؟ قال: علی، والمقداد، وسلمان، وابوذر )اخرجە الترمذی فی السنن٥/٥٩٤. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە الاستیعاب فی معرفە الاصحاب، القرطبی، مجلد الرابع، ص٤٢.

٣٩٧- لە چاپی (د) هاتووە: لۆ قالبەگای عەسکەر. لە (د. م) هاتووە: لۆ قەلبگای عەسکەری

٣٩٨- لە چاپی (د) هاتووە: تەعینی کرد برندی



ئەمری کردە هاشمییان

جوابی داوە بە مەردی[٣٩٩]

بە نەفسی خۆی بانگی کرد[٤٠٠]

ئەویش هاتن بە توندی

فەرمووی ئیحاتەم[٤٠١] بدەن[٤٠٢]

لە چار ئەتراف[٤٠٣] و کەنار[٤٠٤]

موتیع[٤٠٥] بێ بە حاڵتان[٤٠٦]

جەنابی حەبیبی قەههار

خالید ئەسپی خۆی تاودا

لە پێش عەسکەری بەغار

لە پاشی تەرتیب دانێ

هات ڕاوەستا وەك شای مەردان[٤٠٧]

---

٣٩٩- لە چاپی (د) هاتووە: جوابیان دا بمردی. جوابیان داوە بە مەردی

٤٠٠- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بنی مخزومی بانگ کرد

٤٠١- ئیحاتە: دەوردان

٤٠٢- لە چاپی (د) هاتووە: فەرمووی دەورەم لێ بدەن

٤٠٣-چار ئەتراف: چوار لا

٤٠٤- لە چاپی (د) هاتووە: لەچار ئەتراف و ئەکنار

٤٠٥- لە (د. م) هاتووە: موتەڵەع

٤٠٦- لە چاپی (د) هاتووە: ئاگادار بی بە حالتان

٤٠٧- لە چاپی (د) هاتووە: هات ڕاوەستا وەك سالار... لە (د. م) هاتووە: هات ڕاوەستا وەك شامار

لەبەر دەستی پێغەمبەر
تەرتیبی پێ دا ئیخبار[٤٠٨]
فەرمووی بارك الله لك[٤٠٩]
عند قتال الکفار

خالید دەهات و دەچوو
لەپێش عەسکەری ئیسلام
نەسیحەتی زۆر کردن
وەعزو حەدیس و کەلام
لە حەربی لە قیتالی[٤١٠]
تەقصیری مەکەن بە عام
لە شەڕێدا[٤١١] هەڵمەیەن
هەر صەبر بگرن تەمام[٤١٢]

لە پاشی ئیخباری دا[٤١٣]
یا معشر[٤١٤] المسلمین[٤١٥]

٤٠٨– لە چاپی (د) هاتووە: ئیخباری
٤٠٩– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بارك الله فيك
٤١٠– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لە حەرب و لە قتالی
٤١١– لە چاپی (د) هاتووە: لە شەڕی وان قەت هەلمەیین
٤١٢– لە چاپی (د) هاتووە: هەر صەبری بگرن ب عام
٤١٣– لە چاپی (د) هاتووە: لە پاشان اخبار بدا. لە (د. م) هاتووە: لەپاشام ئیخباری دا
٤١٤– معشر: کۆمەڵ



ئایەت کەلامی موبین
وەها دەڵێتن یەقین
اعوذ بالله من الشيطان الرجيم
کم من فئة قليلة غلبت
فئة كثيرة باذن الله
والله مع الصابرين
صابر بن لە کاری خوای[٤١٦]
قەت عاجز مەبن غەمگین
ڕۆژەکی زۆر عەزیمە
معينه رب العالمين

نەصرەت لە خوای بخوازن[٤١٧]
دائیم بخوێنن قورئان
تا داخیل نەبن بە صەف[٤١٨]
هیچ شەیاتین[٤١٩] و شەیتان
مەقصودو هەر خودا بی
دل و نەکا دغدغان

٤١٥– دوای ئەمە لە چاپی (د) هاتووە: خودا فەرمانی وایە / ئایەت کلامی مبین
٤١٦– لە چاپی (د) هاتووە: صابرین ل کاری خودای
٤١٧– لە (د. م) هاتووە: نەصرەتی لێ بخوازن
٤١٨– لە چاپی (د) هاتووە: تا داخیلی صەف نەبی
٤١٩– شەیاتین: کۆی شەیتانە، واتە شەیتانەکان

لەبۆ خۆ تەحصیل بکەن

رەزایی حەیی سوبحان

هەرچی شەهید بی لەنگۆ[٤٢٠]

داخیل دەبی بە جینان[٤٢١]

جەزای وی لە جەننەتێ

حوورو قصورو غیلمان

بە سواری هاتە مەیدان

حەزرەتی خەیرولئەنام

تەشریفی هات راوەستا

لەبن ئالاٌو ئەعلام

ئەووەل فەرمووی بسم الله

یا عەلیم و یا عەللام[٤٢٢]

لەو وەقتی دا هاتە پێش[٤٢٣]

لەشکری گاوران بە عام

---

٤٢٠- لە چاپی (د) هاتووە: هەرچی شەهید بی

٤٢١- جینان: کۆی وشەی جەننەتە، واتە بەهەشت

٤٢٢- علیم و علام لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، علیم تایبەتەو شتی تری لەگەڵ نایەت، بەلاٌم (علام) پەیوەست کراوە بە شتێکی تر وەك (الغیوب)، هەردووکیان سیفاتی خوای گەورەن. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی نهێنییەکانی هاتنی ئەم دوو وشانە لە قورئاندا، بڕوانە کتێبی (من اسرار البیان القرانی، د. فاضل صالح السامرائی، دار الفکر، اردن، ٢٠٠٩، ص ٣٦

٤٢٣- لە چاپی (د) هاتووە: لەو دەمی دەهاتنە پێش



هاتن لە دوور راوەستان

بەرامبەری وی ئیسلام[٤٢٤]

تەڵەبی شەڕیان دەکرد

گاوری مەلعوونی عەنید[٤٢٥]

لۆیان چوویە مەیدانێ

خالیدی ئیبنی وەلید

عافیە مەردی کارخانێ

سواری چاپووك و عەگید

نەیکرد فیکری ترسانێ

مەردی ئازاوو رەشید[٤٢٦]

نەعرەتەکی دی ئەنگافت[٤٢٧]

دەنگی دەڕۆیی بەعید[٤٢٨]

تاواوە لە ترساوی[٤٢٩]

بەردو پۆلاٌو حەدید[٤٣٠]

---

٤٢٤- لە چاپی (د) هاتووە: بەرامبەر ئوردی اسلام

٤٢٥- عەنید: چەقاوەسوو، کەللەرەق، لاسار

٤٢٦- لە چاپی (د) هاتووە: مەردی ئازاو و عەگید

٤٢٧- لە چاپی (د) هاتووە: نەعرەتەکی دانگافت

٤٢٨-بعید: دوور (ع)

٤٢٩- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: دەتاواوە لە ترسان

٤٣٠- حەدید: ئاسن

لەبۆم وەرنە مەیدانێ

گاوری پیس و پلید[431]

دەستی کرد بە مەدحی خۆ

ئەز خالیدی وەلیدم

مسوڵمان و موئمینم[432]

عەبدی خودای واحیدم[433]

تەنها هاتیمە مەیدانێ

پەهڵەوانی ڕەشیدم[434]

موشتاقم لۆ غەزاییێ

صاحیب گورزی حەدیدم

لە مەیدانی کافران[435]

ان شاء الله ڕەشیدم

پشتیوانم خودایە

قاتلی گاوری عەنیدم

لە مەدحی خۆ نەبۆوە

ڕاوەستابوو لۆ[436] جیهاد

---

٤٣١- لە چاپی (د) هاتووە: گاوری پیس و بلید

٤٣٢- لە چاپی (د) هاتووە: موسلمان و ئەمینم

٤٣٣- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: عەبدی حەی وەحیدم

٤٣٤- لە چاپی (د) هاتووە: پەهڵەوانم شەدیدم

٤٣٥- لە (د. م) هاتووە: گاوران



گاورەکی لۆ هاتە مەیدان[437]

دوشمنی رب العباد

لەناو گاوران دیار بوو

ناوی مەشهوور بوو موراد

بە دەعیەو تەکەببور بوو

وەکو فیرعەون و شەدداد

زگی پڕ لە شەراب بوو

مەست و مەغروور و عیناد

گەلەك مەدحی خۆی دەکرد[438]

گاوری مەلعوونی گەواد[439]

هات لەبۆ سەر خالیدی

تاویدا ئەسپی جەواد

دەمەکی جووڵانەوە

لێکیان دا وەکی[440] حەداد[441]

ئەمما شێری مەلعوونی

قەت نەیبڕی[442] هیچ لباد[443]

---

٤٣٦- لە چاپی (د) هاتووە: بۆ

٤٣٧- لە چاپی (د) هاتووە: گاورەك بۆی هاتە مەیدان. لە (د. م) هاتووە: گاورەك لۆی

٤٣٨- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: گەلەکی کرد مەدحی خۆ

٤٣٩- لە چاپی (د) هاتووە: گاوری مەلعونی قواد

٤٤٠- لە (د. م) هاتووە: وەکو

٤٤١- لە چاپی (د) هاتووە: لێکیان دەدا وەك جلاد

٤٤٢- لە (د. م) هاتووە: نەیدەبڕی

خالیدی ئیبنی وەلید
ناوی خودای کرد دیار[٤٤٤]
شیرەکی راوەشاندیٚ[٤٤٥]
کە لێی دا وەکی جەللاد
دای لە تەوقی کەللەی سەر
لە ناوەندی کردە دوو
رووحی خەبیسی[٤٤٦] رۆیی
بە جەهەننەم دەبوو شاد

سوارەکی دی هاتە دەر
ئەویشی کرد[٤٤٧] کش و مات
یەکی دی[٤٤٨] هاتە مەیدان
لەویشی بڕی حەیات
یەکەکی دی هاتە دەر
لەویش[٤٤٩] خوای نەدا نەجات

---

٤٤٣- لە چاپی (د) هاتووە: زیدە بڕی هیچ لباد
٤٤٤- لە چاپی (د) هاتووە: ناوی خودای کرد بیاد
٤٤٥- دوای ئەم نیوە دێرە لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ب جارێکی(بە جارەکی) کرد بەرباد
لە ناوەندی کردە دوو/ لەبۆی بوە فیغان و داد
٤٤٦- خبیث: پیس (ع)
٤٤٧- لە چاپی (د) هاتووە: ئەویش کرد
٤٤٨- لە (د. م) هاتووە: یەکی دیش
٤٤٩- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ئەویش



پێنجەمین و شەشەمین
فەنای کردن لە بونیات

حەزرەت دوعای لەبۆ کرد
تەوفیق دەدا[٤٥٠] موستەعان
نەعرەتەکی دی ئەنگافت
دەنگی دەچوو لۆ ئاسمان[٤٥١]
خولاصە چی لۆ هاتە دەر[٤٥٢]
نەی دەدایێ ئەمانی[٤٥٣]
شێست و یەکی تەمام کرد
سەری بڕین لە مەیدان

مەیدانی لێ دەخواستن
شێری شەڕو بناری
چی لۆم بێتە مەیدانێ
غەزەبی لێ دەباری
خودا ئیعانەم بکا[٤٥٤]
سەری دەبڕم وەك کاری[٤٥٥]

---

٤٥٠- لە (د. م) هاتووە: تەوفیقی دا
٤٥١- لە چاپی (د) هاتووە: دەنگی روی بۆ ئاسمان
٤٥٢- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: خولاصەی چی لۆی دەهات
٤٥٣- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: قەت نەیدەدانێ ئەمان
٤٥٤- لە چاپی (د) هاتووە: خودا اعانم بدا

که کافران وەها بیست

دەستی کرد[٤٥٦] بە هاواری

مەلیك قتریفی مەلعوون

بە خۆی هاتیتە دیاری[٤٥٧]

لۆمەی[٤٥٨] قەومی خۆی دەکرد

قەت ناکەن شەرم و عاری

لات و عوزاوو هەبەل[٤٥٩]

بتانباتە قەهاری[٤٦٠]

لەبەر تاقە سوارەکی

دەکەن شین و هاواری

ئەنگۆ نەسرەت[٤٦١] و بەردا

ئەویش دەکا کوشتاری

---

٤٥٥– کار: کاریلە

٤٥٦– لە چاپی (د) هاتووە: دەستیان کرد

٤٥٧– لە چاپی (د) هاتووە: دەستی کرد بە هاواری. لە (د. م) هاتووە: بەخۆ هاتە دیاری

٤٥٨– لە چاپی (د) هاتووە: لەومی

٤٥٩– سیٚ ناوی بتەکانی عەرەب بوو لە پێش ئیسلام. لە قورئانیشدا ناوی هاتووە(أَفَرَأَيْتُمُ اللاتَ وَالْعُزَّى * وَمَنَوةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى) (النجم:٢٠) هەندێك لە عەرەبەکان باوەڕیان وابوو کە لات و عوززاو مەنات، کچانی خوان و هەندێکی تریش پێیان وابوو کە لات و مەنات کچی عوززان. هەبەلیش شێوەی مرۆڤێکی دەدا کە دەستێکی نەمابوو، عەرەبەکان دەستێکیان لە زێڕ بۆ دروست کردبوو و یەکێك بوو لە ٣٦٠ بتەکەی ناو ژووری کەعبە.

٤٦٠– لە چاپی (د) هاتوو

ە: بتانبا بە قەهاری.. لە (د. م) هاتووە: بتانبات بە قەههار

٤٦١– نەسرەت: سەرکەوتن



لەکنم وەها یەقینە

چی لۆی بچتە مەیدانیٚ

نایەتەوە ساحێب سەر[٤٦٢]

دەیگەینتیٚ ئەمانیٚ

موبالات بە کەس ناکەت[٤٦٣]

قەت نزانیت ترسانیٚ

لە مەیدانیٚ وەستایە

هەر وەك شێری لە لانیٚ

مەسڵەحەت و[٤٦٤] هەر وایە[٤٦٥]

خۆتان بە هیلاك نەدەن[٤٦٦]

هەرچەند هەنە عەساکیر

پشتی یەکدی نە بەردەن[٤٦٧]

بە حەملەکی واحیدە[٤٦٨]

حەملەیان لەبۆ ببەن[٤٦٩]

---

٤٦٢– لە چاپی (د) هاتووە: سەری نایێتەوە پاش

٤٦٣– لە (د. م) هاتووە: ناکا

٤٦٤– مەسڵەحەتو: مەسڵەحەتتان

٤٦٥– لە چاپی (د) هاتووە: مەسلەحەتیش هەر وایە

٤٦٦– لە چاپی (د) هاتووە: خۆتان نەدەن بە هلاك

٤٦٧– لە چاپی (د) هاتووە: یەکتر بگرن

٤٦٨– لە چاپی (د) هاتووە: ب جوملەکی واحیدە

٤٦٩– لە چاپی (د) هاتووە: حەملەیان بۆ سەر بینن.. لە (د. م) هاتووە: حەملەیان لەبۆ ببەین

**لە ئەتراف و ئەکنافان[470]**

**چار دەورەیان لێ بدەن**

**بە نەعلەی[471] پێ ی ولاّغان**

**گێرەیان لەسەر بکەن[472]**

**هەرچەند هەنە عەساکیر[473]**

**لەشکری ئەو بێ دینی**

**دەر حالّ خۆیان حازر کر**

**سووار دەبوون لە زینی**

**حەملەیان برد بە جارەك**

**خودا پشتیان بشکێنی**

**دەورەیان لە ئیسلام دا[474]**

**چار ئەتراف وەك پەرژینی**

**بەناو یەك دی وەردەبوون**

**ئافەرین لە ئەمیران**

---

٤٧٠- ئەتراف: لا، ئەکناف: لاتەنیشت

٤٧١- لە چاپی (د) هاتووە: بە نالەی

٤٧٢- دوای ئەم دێرە لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە:

خلاصیان کەن ب جارێك/ مەملەکەتیان زەبت کەن

کە موشریکان وەها بیست/ گفت و گۆیی لەعینی

٤٧٣- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: هەرچەند هەبوو خاص و عام

٤٧٤- لە چاپی (د) هاتووە: دەورەیان دا لە اسلام



**کەس نەبوو لە ئیمدادیان**

**دەستیان کردە تەکبیران[475]**

**نەصرەتیان لە خوای دەخواست**

**شەڕیان کر بە گورزو شیران[476]**

**چەند سەرکییان فڕێ دان[477]**

**بە لێدانی شمشیران[478]**

**کوشتنەکی[479] زۆر کرا**

**لە بێ دین و بێ بیران**

**کەلەش کەتنە مەیدانێ[480]**

**وەکو سەگ و خنزیران[481]**

**رووح چوویە جەهەننەم[482]**

**گەیشتە زەمهەریران[483]**

**چەند کەسیش زگیان دڕا**

**لەبەر سمی بارگیران**

---

٤٧٥- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: دەستیان کرد ب تەکبیران

٤٧٦- لە چاپی (د) هاتووە: شەڕیان ب گورزو تیران

٤٧٧- لە چاپی (د) هاتووە: چەند سەرەکیان فرێدا

٤٧٨- لە چاپی (د) هاتووە: ب لێدانی شمشێری

٤٧٩- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: کوشتارەکی

٤٨٠- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: کەلەشیان کەفتنە مەیدان

٤٨١- خنزیر: بەراز

٤٨٢- لە چاپی (د) و(د. م) هاتووە: روحیان چووە جەهەننەم

٤٨٣- زەمهەریر: شوێنێکە لە دۆزەخ و لە قورئاندا هاتوە: [illegible] ..ئایەتی ١٣، سورەتی الانسان.

مەخلووقەکی زۆر گوژرا[٤٨٤]
دەفتەر نایەتە گیران[٤٨٥]

لەشکری هێندە زۆرە[٤٨٦]
بە کوشتن بنی نایێ[٤٨٧]
خودا غەزەبیان لێ بگری
بتانباتە[٤٨٨] فەنایێ
زۆر ئەسحابیان[٤٨٩] شەهید کرد
لە ناوەندی غەزایێ
هەندەکیش هەر مەشغول بوون
بە شەڕو بە دەعوایێ
قەت شەڕیان بەتاڵ نەکرد
وی رۆژێ تا عیشایێ

لە ئەسحابان هەشت سەد کەس
مەعلووم شەهید کرابوون[٤٩٠]

---

٤٨٤–گوژرا: کوژرا، زۆر جاران دەنگی /ك/ و دەنگی /گ/ تێکەڵ دەبن، لە ناوچەی خۆشناوەتی و سورچییایەتیدا ئەم دیاردەیە لە وشەی کوشتن بەرچاو دەکەوێ، وەك گوشتن، گوشتی

٤٨٥– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: دەفتەر نەهاتە گیران

٤٨٦– لە (د. م) هاتووە: زۆربوو

٤٨٧– لە چاپی (د) هاتووە: بە کوشتن نەبێ نایێ

٤٨٨– لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: بیانباتە

٤٨٩– لە چاپی (د) هاتووە: زۆر صەحابەیان



ئەرواحی وان شەهیدان
بێ شك بە جەننەت شاد بوون
لە کافرو بێ دینان
هەشت هەزار بوون بە دەفتەر[٤٩١]
ئەرواحی خەبیسی[٤٩٢] وان
بە دۆزەخی لیقا بوون[٤٩٣]

خوون جاری بوو لە ئەرزی[٤٩٤]
پڕ لە چۆلی و صەحرا بوو[٤٩٥]
حالیان زۆر پەرێشان بوو
ئاگایان لێك نەمابوو
بەعزەك لەناو شەڕیدا
تەفرەقە بە دونیا بوو

بەعزەکیش گەڕانەوە
بۆ[٤٩٦] خدمەت خیر البشر

---

٤٩٠– لە چاپی (د) هاتووە: شەهید کرابوو

٤٩١– لە چاپی (د) هاتووە: هەشت هەزار کەس کوژرابوو

٤٩٢– خەبیس: (خبیث): پیس

٤٩٣– لە چاپی (د) هاتووە: ب دۆزەخی لاقا بوو

٤٩٤– لە (د. م) هاتووە: ئەرزان

٤٩٥– لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: پری چول و صحرا بوو

٤٩٦– لە چاپی (د) هاتووە: لۆ

حەزرەت فەرمووی لەو دەمی[497]

کوڕی ئوممیەی عەمری

بڕۆ تەماشا بکە

لەناو جەمیعی عەسکەر

داخوا چەند کەس کوژرایە[498]

هەردوو لا لە حەرب و شەڕ

عەمر دەر حاڵ هەڵستا

چو لۆ سۆراغ و خەبەر

زووی تەحقیق کرد گەڕاوە

بۆ خدمەتی پێغەمبەر[499]

خەبەری ئیسلامی دا

شەهید بوون[500] هەشتسەد نەفەر

داخیل بوون بە جەننەتی

گەیشتنە حەوزی کەوسەر

مەقتولی گاوری مەلعون[501]

هەشت هەزار کەس کوژرابوون

روحیان چوویە جەهەننەم

لۆ ناو ئاگرو سەقەر[502]

٤٩٧- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: حەزرەت لەو دەمی فەرمووی

٤٩٨- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: کوژراینە

٤٩٩- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: لەبو خدمەت پێغەمبەر

٥٠٠- لە (د. م) هاتووە: شەهیدبووە

٥٠١- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: کوشتی گاوری مەلعون



حەزرەت کە وای دەزانی

لۆ شەهیدانی ئەنوەر[503]

گەلەك مەحزوون بوو بە دل

عاجزی زۆر هاتە سەر

فەرمووی بەشارەت لەوان

لیقایی حەبیی ئەکبەر

گوێی لێبوو لە ئیسلام[504]

صەدای شین و گریانی[505]

لۆ شەهیدانی مەقتول[506]

دەیانکرد فیغان و شین

حەزرەت دڵی دانەوە

قەت عاجز مەبن غەمگین[507]

لێ و مەعلووم بی بەشارەت

چی شەهیدی موسلیمین[508]

٥٠٢- سەقەر: شوینێکە لەناو دۆزەخ ، ناوێکی دۆزەخیشە

٥٠٣- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لەبۆ شەهیدی ئەنوەر

٥٠٤- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە:: لە ئیسلامی

٥٠٥- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: صەدای شین و گریان

٥٠٦- لە چاپی (د) هاتووە: لەبۆ شەهیدی مقتول

٥٠٧- لە چاپی (د) هاتووە: قەت مەبن غەمگین.. لە (د. م) هاتووە: فەرمووی قەت عاجز مەبن غەمگین

٥٠٨- لە چاپی (د) هاتووە: چی شهید بیٚ مسلمین

**وەعدەی دایە بە جەننەت**
**شاهی رب العالمین**
**صابر بن لە کاری خوای**
**واللە مع الصابرین**
**ان کنتم مومنین**

**نییەت و خالص بکەن**
**مەترسێن لە کافران**
**نەصرەت لە خوای بخوازن**
**بە ئەعزاو دڵ و زاران**
**نەصرەت و لۆ دەنێری**
**خوای فەقیرو هەژاران**
**بڕۆنەوە جیهادێ**
**هەر وەك لیقایی جاران**[٥٠٩]
**تەقصیر مەکەن تا نەبن**
**بە**[٥١٠] **زومرەی**[٥١١] **شەرمەزاران**
**گەر تەقصیر بکەن هەڵبێن**[٥١٢]
**دەچن لۆ ئاگرو ناران**

---

٥٠٩- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: هەروەك قاعدەی جاران
٥١٠- لە (د. م) هاتووە: لە
٥١١- زومرە: تاقم، پێڕ
٥١٢- لە (د. م) هاتووە: هەربێن



**کە ئەوەیان**[٥١٣] **بیست هەر ئەودەم**
**روویان کردە گاوران**[٥١٤]

**حەملەیان برد**[٥١٥] **بە جارەك**
**بە تەوفیقی قادری**
**هەڵیان پەردافتن کافر**
**وەکوو پووش و ئاگری**
**تەرغیبی یەکدیان دەدا**[٥١٦]
**لۆ**[٥١٧] **کوشتنی کافری**[٥١٨]

**ئەوێ شەوێ هەر شەڕ بوو**
**هەتا نوێژی سبیانێ**[٥١٩]
**بەعزەك بە شەڕ مەشغوول بوون**
**بەعزەك بە نان لێدانێ**[٥٢٠]

---

٥١٣- لە (د. م) هاتووە: کە وایان
٥١٤- لە (د. م) هاتووە: گاوری
٥١٥- لە (د. م) هاتووە: حەملەیان هینا
٥١٦- لە (د. م) هاتووە: تەرغیبی یەکیان دەدان
٥١٧- لە (د. م) هاتووە: لە
٥١٨- لە چاپی (د) هاتووە: لۆ کوشتنی گاوری
٥١٩- لە چاپی (د) هاتووە: هەتا نوێژی بەیانی
٥٢٠- نان لێدان: نان کردن، نان لە تەندور دان

بەعزەك بە دوعا كردن

بە نوێژ و بە قورئانیٚ[٥٢١]

هەم بەشاردنەوەی مەیتان[٥٢٢]

بە صەلەوات لیٚدانیٚ

تا رۆژهەلاٚتی شەڕ بوو

لە ناوەندی مەیدانیٚ

شەڕیان قەت بەتالٚ نەكرد

وی رۆژیٚ تا نیوڕانیٚ

لەپاش نوێژی نیوڕانیٚ[٥٢٣]

حەزرەتی خیر البشر

تەشریفی راوەستابوو

دەیكرد تەماشای عەسكەر

لەسەر گردەكی بلٚند

دەی نواڕی ئەو بەرابەر[٥٢٤]

٥٢١– لە چاپی (د) هاتووە: هەم نوێژو قورئانی

٥٢٢– لە چاپی (د) هاتووە: هەم بە مەیت شاردنەوە

٥٢٣– ئەم نیوە دێرە لە (د. م) هاتووە.

٥٢٤– لە چاپی (د) جێگۆركیٚ بە نیوەدێرەكان كراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەشریفی راوەستابوو/ حەزرەتی خیر البشر

لەسەر گردێكی بلٚند/دەیكرد تەماشای عەسكەر

لە (د. م) هاتووە:  ئەوبەر ئەوبەر



لە وەختیٚ هاتە خزمەت[٥٢٥]

زاتی حەزرەتی عومەر

فەرمووی یا رسول اللّٰه

روحم فیدات ئەی سەروەر[٥٢٦]

ئەو شەوەكەش شەهید بوون[٥٢٧]

لە ئێمە هەفسەد نەفەر

ئیسلام هەمی تەلەف بوو[٥٢٨]

بڕانەوە بە یەك جار

هەزارو پیٚنج سەد فەوتا

چوونە رەحمەتی غەففار

هەر مایە هەزار سوار[٥٢٩]

لە جوملەی ئەصحاب و یار

٥٢٥– لە چاپی (د) هاتووە: لەو وەقتی هاتە خدمات

٥٢٦– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: روحم فیدات بی سەروەر (روحم فیدات ئەی سەروەر)، پاشان دێرێكی تر هاتووە :

تەماشاكە التفات/ چ لیٚكدانەو حرب و شەڕ

دونیٚ شەهید كرایە/ هەشت سەد كەس ب دفتر

٥٢٧– لە (د. م) هاتووە: ئەوشەویش شەهیدبووینە

٥٢٨– لە چاپی (د) هاتووە: اسلام همو خلاص بوو

٥٢٩– لە چاپی (د) هاتووە: هەر مایە هەزار نەفەر

ئەویش زۆر بێزار[٥٣٠] بوونە
لەناو موشریك و كوففار
مەشغوولن بە شەڕ كردن
لە خۆیان نییە[٥٣١] ئاگادار
دڵت كو فتوا دەدا[٥٣٢]
لۆ جیهادی كوففاران[٥٣٣]
كە لەگەڵمان دانەبی
زاتی حەیدەری كەڕار

لەو وەقتی دا گوێی لێبوو
لەناو بەحسی[٥٣٤] قسان
كە گوێی خۆی دەدایێ
دەهات دەنگی گریانێ[٥٣٥]
هاوار هاواری مندالاَن[٥٣٦]
لەگەڵ صەدایێ ژنان

---

٥٣٠– لە چاپی (د) هاتووە: بزر
٥٣١– لە (د. م) هاتووە: نین
٥٣٢– لە چاپی (د) هاتووە: دلت گەر فەتوا دەدا.. لە (د. م) هاتووە: دڵت كو فتوای دەدا
٥٣٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لەبۆ جیهادی كوففار
٥٣٤– لە (د. م) هاتووە: لەناو مەبحەسی
٥٣٥– لە (د. م) هاتووە: دەهات دەنگی شین‌و گریان
٥٣٦– لە چاپی (د) هاتووە: ڕۆ ڕۆی مندالان بو. لە (د. م) هاتووە: هاوارو رۆرۆی مندالاَن



لەبۆ خزم و كەسی خۆ[٥٣٧]
جەرگیان سووتابوو بوریان
لۆ مێردو باب و كوڕان
دەیانكرد داد و فیغان
بە قەزایی ڕەببانی
شەهید بوونە لە مەیدان[٥٣٨]
لەبەر جۆشی گریانێ[٥٣٩]
بووە ڕۆژی ئاخیر زەمان

گەلەك ڕەحمەت نازڵ بوو
هاتە خوارێ سەر ئەرزان
حەزرەت كە ئەو حاڵەی دیت[٥٤٠]
گریا لەبۆ[٥٤١] حاڵی وان
فرمێسكی موبارەكی
دەڕۆیین[٥٤٢] لەسەر رووان
پاشان سەری بڵند كرد
لەبۆ تەڕەفی ئاسمان

---

٥٣٧– لە چاپی (د) هاتووە: لەبەر خزم و كەسی خۆ
٥٣٨– لە چاپی (د) هاتووە: شهید ببون ل مەیدان
٥٣٩– لە چاپی (د) هاتووە: لەبەر دەنگی گریانێ
٥٤٠– لە چاپی (د) هاتووە: حەزرەت كە ئەوهای دیت
٥٤١– لە (د. م) هاتووە: لەبەر
٥٤٢– لە (د. م) هاتووە: دەڕۆیی

**دەپاڕاوەو دەگریا**

**دوعای خواست لە شای رەحمان**

**چەندی کردن موناجات**

**بە دڵی عاجزو غەمگین[٥٤٣]**

**نەصرەتی تەڵەب دەکرد**

**بۆ [٥٤٤]موئمینی صاحێب دین**

**رەحمەك بکە بە حاڵمان[٥٤٥]**

**یا ارحم الراحمین**

**تەوفیقی ئیسلامی دەی[٥٤٦]**

**لە سەر کافری بێ دین**

**خۆت علام الغیوبی**

**عالِمٌ بکُلِّ شەیئان[٥٤٧]**

**کەتینە هیلاکەتێ**

**هەرچەند هەنە مسوڵمان**

**نەمایە ئەهلی تەوحید**

**ئیسلامی صاحێب ئیمان**

---

٥٤٣– لە چاپی (د) هاتووە: بەدڵ مەحزونی و غەمگین

٥٤٤– لە چاپی (د) هاتووە: لۆ

٥٤٥– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: رەحمێك بە حاڵمان بکە

٥٤٦– لە چاپی (د) هاتووە: تەوفیقی اسلام بدەی

٥٤٧– لە چاپی (د) هاتووە: عالم بە کل ئەشیا، واتە زانا بە هەموو شتێك



**غەیری ئەو جەیشی قەلیل[٥٤٨]**

**یەك دیار لەسەر ئەرزان**

**ما باقی دی هەموو دەم[٥٤٩]**

**هەرچی لەسەر رووی جیهان[٥٥٠]**

**هەر موشریك و کوففارن[٥٥١]**

**بێ دینن ئەهلی توغیان[٥٥٢]**

**موناجاتی تەمام بوو[٥٥٣]**

**جوبرائیل هات لە ئاسمان**

**هاتە خزمەت پێغەمبەر**

**سەییدی ئاخر زەمان**

**وەحی لەبۆ هینا خوار**

**لە تەڕەفی شای رەحمان[٥٥٤]**

**فەرمووی بەشارەت و بی[٥٥٥]**

**دڵت نەکا دغدغان**

---

٥٤٨– لە چاپی (د) هاتووە: غەیر ژ ئەو جیش قلیل

٥٤٩– لە چاپی (د) هاتووە: ما باقی دیگەر هەمو.. لە (د. م) هاتووە: ما باقی دیکە هەموو

٥٥٠– لە چاپی (د) هاتووە: هەرچی لەسەر روی ئەرزان

٥٥١– لە چاپی (د) و(د. م) هاتووە: کافرن

٥٥٢– تەنیا لە دەستنوسی سەرچاوە (ئەهلی ئیمان) هاتووە

٥٥٣– لە چاپی (د) هاتووە: کە مناجاتی تمام کرد

٥٥٤– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: لە تەرەفی شاهی منان

٥٥٥– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: فەرمووی لێت بشارەت بێ

ئەوانی شەهید بوونە[٥٥٦]

لێت مەعلووم بێ موزەففەر[٥٥٧]

داخیل بوون بە جەننەتی

واصل بوو[٥٥٨] بە جێ و مەقام[٥٥٩]

ئیمدادت لۆ دەنێرم

چەند مەلائیکەی کیرام[٥٦٠]

یان دەنێرمە یاریت[٥٦١]

حەیدەری شێری زیرغام

فەرمووی رەسوولی خودا

سیدٍ خیر البشر[٥٦٢]

چ ئیمدادم لێت ناوێ

غەیری ئیمامی حەیدەر

---

٥٥٦– لە (د. م) هاتووە: ئەوانی کە شەهید بوون

٥٥٧– لە چاپی (د) هاتووە: لێت مەعلوم بێ گومان. لە (د. م) هاتووە: لێت مەعلوم بی بێ گومان

٥٥٨– لە چاپی (د) هاتووە: داخیل بوون.. لە (د. م) هاتووە: واصل بوون

٥٥٩– لە دوای ئەم دێرە لە چاپی (د) هاتووە:

عومریان هەر هندە مابوو/ ئەجەلیان ببوو تەمام

٥٦٠– لە چاپی (د) هاتووە: چەند مەلائکەتی لە ئاسمان

٥٦١– لە چاپی (د) هاتووە: یانە دنێرمە یارت. یارت: یارمەتیت

٥٦٢– لە چاپی (د) هاتووە: حەزرەتی خیر البشر



بە تەعجیلی لێم دەوێی[٥٦٣]

بێتە ئیمدادو زەفەر[٥٦٤]

بێتە یاری ئیسلامی

بەڵکو ببین[٥٦٥] موزەففەر

جوبرائیل خەبەری دا[٥٦٦]

فەرمانی دایە وەهھاب[٥٦٧]

وەجهی[٥٦٨] موبارەکی خۆت[٥٦٩]

رووی بکە لایی مەککە[٥٧٠]

بە دەنگی شیرینی خۆت[٥٧١]

ئیمام عەلی بانگ بکە

ئەمری کردە سەر (با)ی[٥٧٢]

عەلی خەبەردار بکە[٥٧٣]

---

٥٦٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ب تەعجیلم لێت دەوێ

٥٦٤– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: بێتە امداد ل سفر

٥٦٥– لە (د. م) هاتووە: دەبین

٥٦٦– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: جبرائیل جوابی دا

٥٦٧– لە چاپی (د) هاتووە: فرمانی دای خبر

٥٦٨– وەجهی: رووخساری

٥٦٩– لە چاپی (د) هاتووە: چاوی موبارەکی خۆت

٥٧٠– لە چاپی (د) و(د. م) هاتووە: وەربگێڕە لای مکە

٥٧١– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ب دەنگی شەریفی خۆت

٥٧٢– لە چاپی (د) هاتووە: ئەم کرایتە سەر بای. لە (د. م) هاتووە: ئەمرکرایتە

٥٧٣– لە چاپی (د) هاتووە: علی خەبەردار دەکا

گوێی لە دەنگی تۆ دەبی
لە مەککەی بە رێ دەکا
زوو دەگاتە ئیمدادت
فەتحی غەزاو لۆ دەکا[٥٧٤]
خودا نەصرەتی دایتێ
کافران خەلاص دەکا

حەزرەتی رسول الله
سەییدی دونیاوو دین
کە ئەمەندەی گوێ لێبوو[٥٧٥]
لە جوبرائیلی ئەمین
هینابووی لە تەرەف خوای
شاهی رب العالمین
زۆر کەیف خۆش مسرور بوون
لەو موژدەی چاك و شیرین
رووی خۆی لەلای مەککە کرد[٥٧٦]
بانگی کرد بە دڵ و یەقین

٥٧٤- لە چاپی (د) هاتووە: فتح و غەزات بو دەکا
٥٧٥- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: کە ئەو موژدەی گوی لێ بو
٥٧٦- لە چاپی (د) هاتووە: روی خۆی ل مەکەی کرد



فەرمووی عەلی[٥٧٧] ادرکنی
وادرك المسلمین

عاتیکە وا دەفەرموێ[٥٧٨]
پلکی ئیمامی حەیدەر
عەلی نووستبوو لەو دەم
دەر حال هشیار بوو خەبەر
دیتم هەڵستا پێیان
لە چیرەی دا بە هونەر
لە هەیبەتی دەنگی وی
دونیا لەرزی سەرانسەر
وە تێگەشتم[٥٧٩] لەو وەقتی
خانیمان رووخا سەراسەر[٥٨٠]
فەرمووی لبیك لبیك[٥٨١]
روحم فیدات ئەی سەروەر[٥٨٢]

٥٧٧- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: فەرموی یا علی
٥٧٨- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: عاتکە وای دەفەرمو
٥٧٩- لە (د. م) هاتووە: وەتێگەییم. لە چاپی (د) هاتووە: دە تێگەییم
٥٨٠- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: خانیمان روخا بەسەر
٥٨١-لبیك: لە خزمەتت راوەستاوم
٥٨٢- لە چاپی (د) هاتووە: روحم فدات بی ئەی سەروەر

هەردوو چاوی پڕ ئاو بوون
فرمێسکی دەهاتنە خوار
جاری بوو لەسەر روویان
دەڕۆین هەر وەك رووبار
پلکی وەها دەفەرموێ[583]
سوئالم کردو پسیار[584]
تۆ لەگەڵ کێت بوو (لبیك)
جەوابی داوە خەبەر[585]
گوتی لە خەونێ دا دیتم[586]
جوملەی ئەصحابی کیرام[587]

لەشکرەکی زۆر عەزیم
چارسەد بیستو چار هەزار
عەبدەیی[588] صەنەم پەرست
هەموو[589] موشریك و کوففار

٥٨٣- لە (د. م) هاتووە: پلکی وەهای دەفەرموو

٥٨٤- لە چاپی (د) هاتووە: سووالم لێ کرد پسیار

٥٨٥- لە چاپی (د) هاتووە: جوابی داوە اخبار. لە (د. م) هاتووە: جوابی پلکی دا اخبار

٥٨٦- لە چاپی (د) هاتووە: گوتی لە خەوم دا دیت. لە (د. م) هاتووە: گوتی لە خەودا دیتم

٥٨٧- لە چاپی (د) هاتووە: جوملەی ئەصحابی کبار، پاشان ئەم دێرەش هاتووە:
لە وولاتی بوون/ ل خدمەت سیدی مختار. لە (د. م) هاتووە: لە وڵاتی یەمەن بوون

٥٨٨- لە چاپی (د) و(د. م) هاتووە: عابدی

٥٨٩- لە (د. م) هاتووە: هەمووی



دەورەی[590] لە ئیسلام دابوو
چار ئەتراف وەك پەرژینی[591]
دیتم حەزرەتی رەسوول
بانگی کردم بە هاوار
صەدای هێشتا لە گوێم دێ
بە ئەمری حەبیبی جەببار

وای دەفەرموو یا عەلی
بگەیە[592] من و مسوڵمان[593]
عەزمم وایە ئینشالاً
بچمە یاری[594] ئیخوانان
زولفەقار[595]ی لەخۆ بەست
رەئیسی پەهلەوانان
ئەسپی زینو لغاو کرد
حازڕ کەفتە سەر خانان[596]

٥٩٠- لە چاپی (د) هاتووە: دەوریان

٥٩١- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لە چار ئەتراف وەك حصار

٥٩٢- لە چاپی (د) هاتووە: بگە

٥٩٣- لە (د. م) هاتووە: بگە منو مسوڵمانان

٥٩٤- یاری: یارمەتی، هاری

٥٩٥- زولفەقار: جۆرێکی بەناوبانگی شمشێری عەرەبانەو بە شمشێری پێغەمبەرو عەلی کوری ئەبوتالیبیش ناسراوە، فەرموودەیەك دراوەتە پاڵ پێغەمبەر (د.خ) گوایە گوتویەتی: لا سیف الا ذوالفقار، ولا فتی الا علی.

بسم الله ی کرد سواربوو
هاتە دەر لە کۆڵانان
زۆر دوعای تەڵەب دەکرد[٥٩٧]
لە خوای ئەرزو ئاسمانان
هیممەتی خواست لە پلکی[٥٩٨]
پەناهـ بە زاتی سوبحان[٥٩٩]

پلکی گوتی پێی دەڵێم[٦٠٠]
بەشەو بڕۆ لەناو شار[٦٠١]
نەکو ئەهلی مەککەیی[٦٠٢]
بتبینن [٦٠٣]قەومی کوففار
ڕێت لێ بگرن بتکوژن
ئەوان مەلعوونی غەددار[٦٠٤]

---

٥٩٦– لە چاپی (د) هاتووە: حازر کەتە ناو خانان. لە (د. م) هاتووە: حازر کەوتە سەر خانان

٥٩٧– لە (د. م) هاتووە: زۆری دوعا تەڵەب کرد

٥٩٨– لە چاپی (د) هاتووە: همەتی لە پلکی خواست

٥٩٩– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ب زاتی جبار

٦٠٠– لە (د. م) هاتووە: پلکی گوتی پێ دەڵێم

٦٠١– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بە شەو بڕۆ دەر لە شار

٦٠٢– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: نەوەکو ئەهلی مەککێ

٦٠٣– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بێ دینن

٦٠٤– لە چاپی (د) هاتووە: لەبەر خوینی خویش و یار. لە (د. م) هاتووە: لەبەر خونی خوشك و یار/ زۆر لە تۆ داغدارن



کە ئەو بەحسەی بیست ئیمام[٦٠٥]
بانگی کرد شێری جەببار
کێ دەعواچییە لەگەڵ من
دەکا دەعوای خون و یار[٦٠٦]
لەبۆم بێتە مەیدانێ
ئەوا ڕۆییم لەناو شار[٦٠٧]
دەنگی نەعرەیی سینە[٦٠٨]
دەچوو وەك ڕەعدی[٦٠٩] بەهار[٦١٠]
لە ترسان کەس نەوێرا
لەبۆی بچیت[٦١١] یەك دیار
بەڕێ دەکەفت لۆ مەککە[٦١٢]
لۆ خدمەت سەیدی موختار[٦١٣]
بە تەعجیلی دەڕۆیی
ڕۆیین نەبوو هەر بە غار

---

٦٠٥– لە (د. م) هاتووە: ئەو بەحسەی کە بیست ئیمام

٦٠٦– لە چاپی (د) هاتووە: دەکا دەعوای خویش و یار

٦٠٧– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ئەوا ڕۆیمە دەر لە شار

٦٠٨– لە چاپی (د) هاتووە: نەعرەتەکی دەئنگافت

٦٠٩– ڕەعد: برووسك

٦١٠– لە چاپی (د) هاتووە: دەنگی وەك ڕەعدی بەهار

٦١١– لە (د. م) هاتووە: بچن

٦١٢– لە چاپی (د) هاتووە: بەرێ دکەت لە مەکێ

٦١٣– لە چاپی (د) لە جیاتی ناوی مختار، وشەی جبار نووسراوە.

سەری بڵند کرد لۆ ئاسمان

دوعای خواست لە شای ڕەحمان[٦١٤]

وای دەفەرموو یارەببی

ئەی بە حاڵمان[٦١٥] خەبەردار[٦١٦]

زوو بگەمە مەدینەی

ئیمدادی ئەصحاب و یار

خودا دوعای قبوڵ کرد

گەیشتە جێ بە سێ غار

دیتی[٦١٧] شاری مەدینەی

چۆلەو واحیدو لقەههار

چاوی بە هیچ کەس نەکەت[٦١٨]

لە زێڕو خان، یەك دیار

گەیشتە دەرکیماڵی

دیتی فاتیمەی زەهرا[٦١٩] زۆر بە شیددەت دەگریا[٦٢٠]

---

٦١٤– لە چاپی (د) هاتووە: شای جبار. لە (د. م) هاتووە: شای غەففار

٦١٥– لە چاپی (د) هاتووە: ئەی ل حالان. ئەی بە حالاَن خەبەردار

٦١٦– دوای ئەمە لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: ئەرزم لە بۆ تەی بکەی/ ڕێم لە بۆ کورت کەی یەکجار(ڕێم لۆ کورت بکەی یەك جار)

٦١٧– لە چاپی (د) هاتووە: دیتم

٦١٨– لە (د. م) هاتووە: نەکەفت

٦١٩– لە چاپی (د) هاتووە: فاتمەی ازهار. زەهرا: یەکێکە لە نازناوەکانی فاتیمە، دەڵێن پێغەمبەر ناوی ناوە زەهرا، لەبەر وەرع و زوهدو دونیا بەکەم گرتنەکەی لە عیبادەت و پەرستشدا وەك ئەوەی بۆ خەڵکی ئاسمان بدرەوشێتەوە، چەشنی ئەستێرەکان کە بۆ سەر زەوی دەدرەوشێنەوە.



حەسەن و حوسەین[٦٢١] هەردووك

بە فیغان و واوەیلا

ئیمام عەلی کە وای بیست

پەیابوو لە دەرکێی دا[٦٢٢]

تەماشای دەرکێیان کرد

دیتیان ئیمامی حەیدەر

دەرکەیان لێ کردەوە

هەردوو کوڕی[٦٢٣] بە جەوهەر

تەشریفی چووە ژوورێ

هەیبەتی وەك غەزەنفەر[٦٢٤]

ناوچەوانی ماچ کرد[٦٢٥]

گریان گۆتیان ئەی پدەر[٦٢٦]

ئێمە غەریب ماین لێرە[٦٢٧]

چوویتە غەزا، پێغەمبەر

---

٦٢٠– لە (د. م) هاتووە: لە دوورەوە گوێی لێبوو/ زۆر بە شیددەت دەگریا

٦٢١– لە (د. م) هاتووە: حوسەینیش

٦٢٢– لە چاپی (د) هاتووە: لە دەرگەی دا

٦٢٣– لە (د. م) هاتووە: حەسەن و حوسەین

٦٢٤– لە چاپی (د) هاتووە: ڕاوەستا وەك غەزەنفەر

٦٢٥– لە چاپی (د) هاتووە: هەردو کوڕی ماچ کردن

٦٢٦– پدەر: باوك

٦٢٧– لە چاپی (د) هاتووە: ئێمە غەریبین لێرە

دەستی هەردووکانی گرت[628]

بۆ لای فاتیمەی ئەزهەر[629]

سەلامی شیرینی کرد[630]

جەوابی وەرگرتەوە[631]

بە ئیکرام و بە ئیعزار[632]

ئیمامی عەلی فەرمووی[633]

---

٦٢٨– لە چاپی (د) هاتووە: دەستی هەردوو کورەکانی گرت

٦٢٩– لە (د. م) هاتووە: ئەتهەر

٦٣٠– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: سەلامی لێ کرد شیرین

٦٣١– لە (د. م) هاتووە: ڕەدکردەوە

٦٣٢– لە (د. م) دوای ئەم دێرە هاتووە: ئیمام وەری گرتەوە

٦٣٣– لە چاپی (د) هاتووە: ئیمام فەرمووی فاتمە/ مەزبووت جەوابم دەوە.
حکمەت چییە مەدینە/ ب جارێك چۆل بوویتەوە؟
فاتمە جوابی داوە/ یا عەلی شاهی مەردان
بابم بە فەرمانی خوای/ لەگەڵ جوملەی ئەصحابان
چوویتە دەر لە مەدینەی/ لەبۆ وادی سیسەبان
لە (د. م) هاتووە: ئیمام فەرمووی فاتمە/ مەزبووت جەوابم دەوە
لە هەژمەتان ئەوڕۆکە/ هەناوم تاوایتەوە
حیکمەت چییە مەدینە/ بەجارەك چۆل مایتەوە
جوابی داوە فاتیمە/ یا عەلی شاهی مەردان
بابم بە فەرمانی خوای/ لەگەڵ جوملەی ئەصحابان
چوونە دەر لە مەدینە/ بە ئەهلو ماڵو خێزان
کەس نەمایە بە جارەك/ چوونە جیهادی گاوران
جوبرائیل ئیخباری پێدا/ وەحی هێنا لە ئاسمان
بە عام بچنە جیهادێ/ لەبۆ وادی سیسەبان



لێی بی ڕەزایی ڕەحمان[634]

چ مەرکەب[635] مایە لێرە

تا ئێمەش سوار بین بچین[636]

لەبۆ جیهادی کافران

لەبۆ ئیمدادی بچین

لۆ خدمەتی پێغەمبەر

سەییدی دونیاوو دین

فاتیمە جوابی داوە

زۆر[637] بە عاجزی و غەمگین

هەر مایە ناقەی غەزبان[638]

ئەو بەستەزمانی ئەمین

دەر حال ناقەیان هینا

کەژاوەی لێکرد شیرین

داینا لەناو کەژاوە[639]

فاتیمەی جەمال نوورین

---

بابم چوو لۆ وێندەرێ/ بە تەوفیقی موستەعان

٦٣٤– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: ڕەزایی سوبحان

٦٣٥– مەرکەب: ولاخی سواری، لە چاپی (د) هاتووە: چ ولاّخ

٦٣٦– لە چاپی (د) بچین نەهاتووە.

٦٣٧– لە چاپی (د) ئەم وشەیە نەهاتووە.

٦٣٨– لە چاپی (د) هاتووە: هەر مایە ناقە لێرە

٦٣٩– لە چاپی (د) هاتووە: لەناو کەژاوەی دانیشت

**حەسەن و حوسەینی کوڕی[٦٤٠]**

**لەگەڵ فیززەتی ڕەنگین**

**بە ڕێ بوو لە مەدینە[٦٤١]**

**پەناهـ بیزاتی ئەڵڵا[٦٤٢]**

**ئیمام فەرمووی فاتیمە**

**مەزبووت جەوابم دەوە**

**لە هەژمەتان ئەوڕۆکە**

**هەناوم تاوەی تاوە**

**حیکمەت چییە مەدینە**

**بە جارەك چۆڵ مایتەوە[٦٤٣]**

**جوابی داوە فاتیمە**

**یا عەلی شاهی مەردان**

**بابم بە فەرمانی خوای**

**دەگەڵ[٦٤٤] جوملەی صەحابان**

**چوونە دەر لە مەدینە**

**بە ئەهل و ماڵ و خێزان[٦٤٥]**

---

**٦٤٠– لە چاپی (د) هاتووە: حەسەن و حوسێنیش هەردووك**

**٦٤١– لە چاپی (د) هاتووە: هاتنە دەر لە مەدینێ**

**٦٤٢– لە چاپی (د) هاتووە: پەناه ب زاتی جبار**

**٦٤٣– لە چاپی (د) هاتووە: بە جارێك چۆل بوویتەوە**

**٦٤٤– لە چاپی (د) هاتووە: لەگەڵ**

**٦٤٥– لە چاپی (د) هاتووە: لەبۆ وادی سەیسەبان**



**کەس نەمایە بە جارەك**

**چوونە جیهادی کافران**

**جوبرائیل ئیخباری دا**

**وەحی هینا لە ئاسمان**

**بە عام بچنە جیهادێ**

**بۆ وادییێ سەیسەبان**

**بابم چوو لەوێندەرێ**

**بە تەوفیقی موستەعان**

**زۆر چاپووکیان دەئاژووا**

**بۆ[٦٤٦] خیدمەت رسول اللّٰه**

**سوئالی کرد لە عەلی[٦٤٧]**

**حەزرەت فاتیمەی زەهرا[٦٤٨]**

**لێرە هەتا سەیسەبان[٦٤٩]**

**دەبیتن چەند قۆناغ[٦٥٠]**

**لەبۆ سواری خۆش بروا**

**فاتیمە کە وەیزانی**

**لە عاجزیان زۆر گریا**

---

**٦٤٦– لە چاپی (د) هاتووە: لۆ**

**٦٤٧– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: سوئالی لە عەلی کرد**

**٦٤٨– لە چاپی (د) هاتووە: فاتمەی جەمال نوورین**

**٦٤٩– لە (د. م) هاتووە: لێرە تا سیسەبانێ**

**٦٥٠– لە چاپی (د) هاتووە: دەبی چەند قۆناغ ببی. لە (د. م) ئەم نیوەدێرەش هاتووە:**

**فەرمووی پازدە قۆناغە/ لەبۆ سواری خۆش بڕوا**

ئیمام فەرمووی فاتیمە

لەبۆ چ[651] عاجز دەبی

لەکن خوای زەحمەت نییە

رێمان لەبۆ تەی ببی[652]

رێی پازدە قۆناغان

بە ساعەتەك تەی دەبی[653]

بەینی مەشریق و مەغریب

لەبۆ مە ، لەحزەك دەبی

بابت وەها فەرموویە

سەلامی خوای لەسەر بی

لەبۆ موئمینان بێ شك[654]

دونیا هەر لەحزەك دەبی[655]

فاتیمە فەرمووی دیتم

ئوشتر هەر بلند دەبی

لە بەینی ئەرزو ئاسمان

دەفڕی هەر وەکو تەیڕان[656]

---

٦٥١- لە چاپی (د) هاتووە: لەبەر چ

٦٥٢- لە چاپی (د) هاتووە: رێمان لەبۆ کورت ببی

٦٥٣- لە (د. م) هاتووە: بە سعاتەکی تەی ببی

٦٥٤- لە چاپی (د) هاتووە: لەبۆ موئمینان دونیا

٦٥٥- لە چاپی (د) هاتووە: بێ شك هەر لەحزەك دەبی

٦٥٦- لە چاپی (د) هاتووە: دەفڕی وەکو تەیڕان



کە گوێی خۆم دەدایێ[657]

دەهات دەنگی گریانێ[658]

دەنگی حەزرەتی رەسوول

سەییدی جینن و ئینسان[659]

بانگی دەکرد یا عەلی

موعینە شێری شای رەحمان[660]

بە تەعجیلی بمگەیێ

بگەیە من و مسوڵمان

حاڵمان زۆر پەریشانە

لە دەستی کافری بێ دین[661]

ئیمام جەوابی داوە

دەیفەرموو (لبیك لبیك)

ئەوا هاتم لۆ خدمەت

ها انا بین یدیك[662]

---

٦٥٧- لە (د. م) دوای ئەم لەتە هاتووە:

دەنگی حەزرەتی رەسوول/ رەسوولی جن و ئینسان/

بانگی دەکرد یا عەلی/ بە مننەتی شای رەحمان/

بە تەعجیلی بمگەیێ/ بگە جەمعی مسوڵمان/

٦٥٨- لە چاپی (د) هاتووە: دەهات دەنگی بە امکان

٦٥٩- لە چاپی (د) هاتووە: شەفیعی جن و انسان

٦٦٠- لە چاپی (د) هاتووە: موعینت بی شای رەحمان

٦٦١- لە چاپی (د) هاتووە: لە دەست گاوری بێ ئیمان

مەعلوومە تۆ شەفیعی

لمن یصل علیك[٦٦٣]

ئەوەیش موعجیزەیی تۆ[٦٦٤]

بیابان بۆم تەی دەکا[٦٦٥]

حەزرەتی رسول اللّٰه

ما کە شکری خوای بکا[٦٦٦]

لە خۆشی و شادومانی

ئیزهاری فەرەح بکا[٦٦٧]

خەبەری دا ئیسلام

بە هاتنی ئەو جەناب

فەرمووی لێ و بەشارەت بی

نەصرەت هات لەلای وەهھاب

تەقصیر مەکەن ئینشالڵلا

خودا دەینووسی سەواب

مسوڵمانان لە کەیفان

---

٦٦٢- انه بین یدیك. واتە وا ئێستا لە بن دەستانتم

٦٦٣- واتە بۆ ئەو کەسەی سەڵاوات بۆ تۆ لێدەدا

٦٦٤- لە (د. م) هاتووە: تۆ بوو

٦٦٥- لە (د. م) هاتووە: بیابانان تەی دەکە

٦٦٦- لە چاپی (د) هاتووە: ما شوکری خوای بکا

٦٦٧- واتە دڵخۆشی خۆی دەربخات



نەیان ما عیجزو عیتاب[٦٦٨]

ئیمام عەلی دەیفەرموو[٦٦٩]

لێی بی رەزایی عەللام

بە حەسەن و حوسەین[٦٧٠]

لەگەڵ والیدەی کیرام

برۆن لۆ بن خێوەتی[٦٧١]

حەزرەتی خیر الانام[٦٧٢]

لە ئەسپی خۆی دابەزی

لێی بی رەزایی ئەکبەر

سەلامی کرد بە ئیعزاز

---

٦٦٨- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: نەیانما حزن و عتاب

٦٦٩- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: فەرمووی

٦٧٠- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: حوسێنان

٦٧١- لە چاپی (د) هاتووە: برۆنە بن خێوەتی

٦٧٢- لە چاپی (د) و (د. م) دوای ئەمە هاتووە:

چاویان گێڕا دیتیان/ لەناو جەمیعی خیام

ئیمام عەلی ب سواری/ هاتە خدمەت پێغەمبەر

هەر ئەودەمی بێ تاخیر/ ماجەرای پێدا خەبەر

لە (د. م) هاتووە: چاویان گێڕا دیتیان/ لەناو جەمیعی خیام

خێوەتی باپیریان دیت/ لەگەڵ ئاڵاو ئەعلام

ئیمام عەلی چووە خزمەت/ حەزرەتی خیر البشر

خیرالانام: واتە چاکترین کەس

له حەزرەتی پێغەمبەر

حەزرەت سەلامی وەرگرت

قیامیشی کرد لەبەر

ناو چاوانی[٦٧٣] ماچ کرد

ماجەرای[٦٧٤] پێدا خەبەر

هەر ئەو دەمی بێ مۆهڵەت

حەزرەتی خیر الانام

فەرمووی بڕۆ جیهادێ

لێت بی رەزایی عەللام

بەرەکەتی خوای لەسەر[٦٧٥]

لەگەڵ دوعاوو سەلام

ئیمام دەرحاڵ هەڵستا[٦٧٦]

بە میسلی شێری زیڕغام

دوعای خواست لە پێغەمبەر

رووی کردە گاوران بە عام

کە چاویان پێکەوت گاوران[٦٧٧]

عابدی بت و ئەصنام

---

٦٧٣- له (د. م) هاتووه: ناوچەوانیشی

٦٧٤- ماجەرا: حارو مەسەلەو ئەوەی روویداوه

٦٧٥- له (د. م) هاتووه: بەرەکەتی خوات لەسەر بی

٦٧٦- له (د. م) هاتووه: ئیمامی عەلی دەرحاڵ/ بە میسلی شێری زیڕغام

٦٧٧- له چاپی (د) هاتووه: کە چاویان پیٚکەوت لەو دەم/ لێیان نیشت هەیبەت و سام



لە ترسان پاشوە کشان

لێیان نیشت هەیبەت و سام

دەست و قەدەمیان شکا

حەملەی لەبۆ برد[٦٧٨] ئیمام

خڕی کردنەوە سەر یەك

لە چار ئەتراف و کەنار

نەعرەتەکی دی ئەنگافت

دەنگی وەك رەعدی[٦٧٩] بوهار

ئەسپی هینا جەولانی

لە یەمین[٦٨٠] و لە مەیسەر[٦٨١]

زەقەزەقیان تێدا کەفت[٦٨٢]

لە ترسا[٦٨٣] شێری جەببار

کەلەشیان[٦٨٤] هێندە کەفتن[٦٨٥]

وەکی باو و پەلکە دار[٦٨٦]

---

٦٧٨- له (د. م) هاتووه: لۆ بردن

٦٧٩- رەعد: برووسك

٦٨٠- یەمین: راستە، لای راست

٦٨١- له چاپی (د) هاتووه: لە ئەیمەن و لە یەسار. له (د. م) هاتووه:  لە یەمین و لە یەسار

٦٨٢- له چاپی (د) هاتووه: ترس و لەرزەکیان تیٚ کەوت. له (د. م) هاتووه: زەقزەقەیان تێدەکەفت

٦٨٣- له چاپی (د) هاتووه: لە ترسی

٦٨٤- کەلەش: لاشە

٦٨٥- له چاپی (د) هاتووه: کەوتن

دەردەکی بەسەر هینان
وەك دە پووشێ بەردەی نار[٦٨٧]
کەس نەبوو بکوژێنتەوە
بە تاو بی بایی شیمال[٦٨٨]
عەلی تەماشای دەکرد
دەینۆڕین[٦٨٩] ئەصحاب و یار
یەك بە یەکی دیتنەوە[٦٩٠]
لەناو موشریك و کوففار
گەلەکیان لێ کوژرابوون
ناڵەیان دەهات[٦٩١] بریندار
خوێنی زوخم و برینان
دەڕۆی هەر وەکو[٦٩٢] رووبار
گاوریش هێندە کوژرابوون
نەهاتنە عەددو ئەژمار

٦٨٦- لە چاپی (د) هاتووە: هەر وەك باو بەلگی دار
٦٨٧- نار: ئاگر
٦٨٨- لە (د. م) هاتووە: بای شەمار
٦٨٩- لە (د. م) هاتووە: دەینۆڕیە
٦٩٠- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: یەك یەکی دەدیتنەوە
٦٩١- لە چاپی (د) هاتووە: دات
٦٩٢- لە (د. م) هاتووە: دەڕۆیی وەکو



عەلیش زۆری لەوان کوشت
بێ ئەژمارو بێ عەدەد
دوو شەڕکەری دیتنەوە[٦٩٣]
شەڕیان دەکرد وەك ئەسەد
یەك خالیدی بن وەلید
یەك مەغدیدی بن ئەسوەد[٦٩٤]
مەلیك قتڕیفی مەلعوون[٦٩٥]
کە وەهای دیت ئەو مورتەد
عیلاج و چاری نەما
کەفتە خەیاڵی خەتەر
دوو عەبدی رەشی هەبوو[٦٩٦]
یەك هەیاف و یەك کەندەر
بانگی کردە کەندەری[٦٩٧]
ئەو غەدداری عاقڵ کەر[٦٩٨]
بڕۆ لای ئەو سوارە
پێی بڵێ بەحس و خەبەر

٦٩٣- لە (د. م) هاتووە: دیتەوە
٦٩٤- لە چاپی (د) هاتووە: ئیدیش مەغدیدی ئەسوەد
٦٩٥- لە چاپی (د) هاتووە: مەلیك قتریفی گەوداد
٦٩٦- لە چاپی (د) هاتووە: دوو پەهلەوانی هەبوون
٦٩٧- لە چاپی (د) هاتووە: بانگی کەندەری.....
٦٩٨- لە چاپی (د) هاتووە: ئەو پادشاهی عاقل کەر

ئەگەر دۆستە بێتە لام

نەخۆ بیکە قەڵەندەر

لەو دەمی هوجام فەرمووی[699]

شاهم ئەوەتە حەیدەر

شا کە وەهای دەزانی

مووی لێ دەبوونە نەشتەر

کەندەر ما گووان بخوا

لە گفتوگۆی لەعینی

گوتی بمرە ئەی کەندەر

مردن چاترە لە ژینی

دیارە قەدرم نەمایە

قابیلی ئەو[700] دەبینی

بمنێریە سەر قوشەنان[701]

فرێیان دەدەم لە زینی

کەندەر لە بۆ وەی چاکە

قەڵاتان بڕوخینی

ئەتو لەبۆ تاقە سوارەکی

من دەنێریە مەیدانێ

---

٦٩٩- لە چاپی (د) هاتووە: لەو دەهی هەجام پیٚ گوت

٧٠٠- لە (د. م) هاتووە: ئەوم

٧٠١- بە باشی نەخوێندرایەوە



ئەتو کەنگێ دیتییە

لە چ دەورو چ زەمان

کێ هەبوو خۆرابگری

لە پێشە من بە ئیمکان[702]

چی لۆی چووبمە مەیدانێ

چەند وەزیرو[703] پەهلەوان

چەند رەشید و چەند عەگید[704]

روحیان چوویە دەر زەمان[705]

مەلیك قتریفی مەلعوون

بە لەعنەت بی هەزار جار

کەندەری نەسیحەت کرد[706]

رووڕەشی زاڵمی غەددار[707]

برۆ لای ئەو سوارە

گەلەکی لێ بکە پسیار[708]

---

٧٠٢- لە چاپی (د) هاتووە: لەپێشە من چ ئینسان

٧٠٣- لە (د. م) هاتووە: چەند رەئیس‌و

٧٠٤- دوای ئەم نیوە دێرە لە چاپی (د) هاتووە: چەند رەئیس و پەهلەوان

٧٠٥- لە (د. م) هاتووە: رووحیان دەرچووە لەو مەکان

٧٠٦- لە چاپی (د) هاتووە: نعمەتی کندەری کرد. لە (د. م) هاتووە: نصحەتی کەندەری کرد

٧٠٧- لە (د. م) هاتووە: زاڵمی رووڕەشی غەددار

٧٠٨- لە چاپی (د) هاتووە: چاکی لێ بکە پسیار

پێی بڵێ ناوت چییە
ئەصل و تۆم لۆ بکە دیار[٧٠٩]
ئەگەر ناوی عەلی بوو[٧١٠]
یانە حەیدەری کەررار
هیچ شەڕی لەگەڵ مەکە
قەت پێی نابە چو چار[٧١١]
تەمەننای بکە لەبەر[٧١٢]
بە حیل و جادووکاری
تا زەفەری پێ دەبەی[٧١٣]
ئەوجا خۆت بکە دیار

لە ئەووەڵدا[٧١٤] پێی بڵێ
شای ناردیمە بە قاصید[٧١٥]
موعتەبەرم لەکن شای
ئەمما ئەز نیمە رەشید

---

٧٠٩- لە (د. م) هاتووە: ئەصلت لۆم بکە دیار
٧١٠- لە (د. م) هاتووە: عەلی بی
٧١١- لە چاپی (د) هاتووە: ب وی قەت نابەی چ چار.. لە (د. م) هاتووە: قەت بەوی نابەی چ چار
٧١٢- لە (د. م) هاتووە: لەبەر بکە
٧١٣- لە چاپی (د) هاتووە: تا ڕێگای خۆت دەبینی
٧١٤- لە (د. م) هاتووە: لە ئەووەڵی
٧١٥- لە چاپی (د) هاتووە: شاە ئەمنی ناردم قاصید



هیچ خەوفی لە من مەکە
ئەز[٧١٦] پیاوەکم عەبید

شا خۆ بە قسەی من دەکا[٧١٧]
لەبۆ هەموو تەدبیران
تەدبیرەکمان کردییە
زەریف گوێ بدە تەقدیران[٧١٨]
ئەگەر بە قسەم بکەی[٧١٩]
دەبیە میری ئەمیران[٧٢٠]
پاشا وەها فەرموویە[٧٢١]
دەگەڵ جوملەوو پیران[٧٢٢]
ماڵ و عاقاری[٧٢٣] خۆمان
ماڵی رەعیە[٧٢٤] و فەقیران
لێتانیش تەقسیم دەکەین[٧٢٥]

---

٧١٦- لە (د. م) هاتووە: ئەمن
٧١٧- لە (د. م) هاتووە: شا گوێ لە قسەی من دەکا
٧١٨- لە (د. م) هاتووە: تەقریران
٧١٩- لە (د. م) هاتووە: ئەگەر گوێم لە قسەی بکەی
٧٢٠- لە چاپی (د) هاتووە: دەبیە ئەمیری میران
٧٢١- لە (د. م) هاتووە: پاشا وەهای فەرمووە
٧٢٢- لە چاپی (د) هاتووە: لەگەڵ جەمعی وەزیران.. لە (د. م) هاتووە: لەگەڵ جوملەی وەزیران
٧٢٣- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: ملك و ئاقاری
٧٢٤- رەعیە: رەعیەت، ژێردەستە

وەك ئیرسی[٧٢٦] باو باپیران[٧٢٧]
کچیٚ شاش پیٚشکەشتەکەین[٧٢٨]
دەت دەینیٚ بە دەزگیران[٧٢٩]

کە قسەی خۆی تەمام کرد[٧٣٠]
ئەو پادشای عاقلٚ کەر
سواربوو چوویە مەیدانیٚ[٧٣١]
عەبدی ڕەشی ناو کەندەر
چوو لەبۆ لای صەحابان
دوور ڕاوەستا بەرابەر
بانگی ئیمام عەلی کرد[٧٣٢]
ئەو قەحپەبابی گوو خۆر

---

٧٢٥- لە چاپی (د) هاتووە: هەمووی لێك تەقسیم دەکەین.. لە (د. م) هاتووە: لێت تەقسیم دەکەین وەکو

٧٢٦- ئیرس: میرات

٧٢٧- لە چاپی (د) هاتووە: وەکو باب و باپیران

٧٢٨- لە چاپی (د) هاتووە: کچی خوش دەدەمی

٧٢٩- لە چاپی (د) هاتووە: دەیدەمی بە دەزگیران

٧٣٠- لە چاپی (د) هاتووە: وەصیەتی خۆی تمام کرد. لە (د. م) هاتووە: تەوصیەی خۆی تەمام کرد

٧٣١- لە چاپی (د) هاتووە: سواربوو لۆ مەیدانیٚ

٧٣٢- لە چاپی (د) هاتووە: بانگی دەکرد یا عەلی



لەبۆم نەختەك وەرە پێش[٧٣٣]
ئەمن قاسیدم تەتەر
شای ناردیمە[٧٣٤] لای تۆ
لەبۆ سۆراغ و خەبەر
ئەصل و نەسەبت چییە
ناوتم پیٚ بلٚیٚ ئەی سەروەر[٧٣٥]
ئیمام جەوابی داوە
ناوم عەلی و هەم حەیدەر

چ قسەت هەیە لۆم بکە
بزانم ئیشت چییە
گوو خواردنی خۆی و شای
پیٚ ی گوت بە تەفصیلییە
ئیمام فەرمووی وەرە پێش
زەریف گوێم لە قسەت نییە
زەریف من تیٚ بگەینە
چی بلێی بیٚ قەیدییە

---

٧٣٣- لە چاپی (د) هاتووە: گوتی لەبۆم وەرە پێش

٧٣٤- لە (د. م) هاتووە: هەناردیمە

٧٣٥- لە چاپی (د) هاتووە: ناوت چییە ئەی سەروەر

چونکە لەناو شەڕییە[٧٣٦]
چاك هۆشم لە خۆ نییە

بێ تەقصیر لۆی چوویە پێش
نەیکر هیچ خەوف و خەتەر
چووە پێشی راوەستا[٧٣٧]
کەندەری کەونە گاندەر
دوو گوێی گەورەی پێوە بوون
درێژتر بوو لە گوێی کەر[٧٣٨]
بەڵکو هەر گوێیەکی وی
قیاس بوو بە تەشکەبەر[٧٣٩]
ئیمام دەستی گەیاندێ
هەردوو گوێی هینانە دەر[٧٤٠]
هەر دوو گوێی لێ قەلاندن[٧٤١]
زەریف کردی قەلەندەر

٧٣٦– لە (د. م) هاتووە: لەناو شەڕیمە
٧٣٧– لە چاپی (د) هاتووە: چوو لە پێشی راوەستا
٧٣٨– لە (د. م) هاتووە: درێژتر لە دوو گوێی کەر
٧٣٩– تەشکەبەر. پارچە رایەخ
٧٤٠– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: لێ هینا دەر
٧٤١– لە (د. م) هاتووە: هەردوو گوێی لێ هەڵقەنان



عیلاج و رێی[٧٤٢] نەما
خەریك ما ئەینەلمەفەر[٧٤٣]
لەبۆ کن شای گەڕاوە
بە زەلیلی و قوربەسەر[٧٤٤]

ئەمما نەختەك گووی دەخوارد
دەی کردن لاف و گەزاف
وەی ترسای وەت لە من کرد[٧٤٥]
لەبەر برای من هەیاف
لەدەستم قورتار[٧٤٦] نابی
ئەگەر بچییە قوللەی قاف

دونیا لێت تەنگ دەبی[٧٤٧]
لە چار ئەتراف و کەنار[٧٤٨]
کە ئەو قسەی تەمام کرد
چاپووك هەلاَت بە شیددەت

٧٤٢– لە (د. م) هاتووە: چارەی
٧٤٣– این المفر
٧٤٤– لە چاپی (د) هاتووە: ب زەلیلی و قەلەندەر
٧٤٥– لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: نەترسای وەت لەمن کرد
٧٤٦– قورتار: قوتار، رزگار، نەجات
٧٤٧– لە (د. م) هاتووە: دونیات لێ وە تەنگ دێنێ
٧٤٨– لە (د. م) هاتووە: ئەکناف

ئەسپی خۆی تاوداو رۆیی
بەتاڵووکە[٧٤٩]و بە سورعەت
رووی خۆی لە گاوران کرد
لۆ ناو ئوردوو[٧٥٠]ی کرد ریجعەت[٧٥١]
هەردو گوێی بردنەوە[٧٥٢]
بە دەردەسەر و میحنەت
ئیمام فەرمووی ئەی خەبیس
خۆت و پاشا[٧٥٣] بە لەعنەت
ئەگەر تو قاسید[٧٥٤] نەبای
هەر[٧٥٥] دەمکوشتی بە سیاسەت

ئەمما چونکە قاصیدی
برۆ خەبەر بدە شای
پێی بڵێ ئەگەر نەمناسی[٧٥٦]
ئەز عەلیمە شێری خوای

---

٧٤٩- بەتاڵووکە: خێرا وبەپەلە
٧٥٠- ئوردوو: سوپا
٧٥١- ریجعەت: گەرانەوە
٧٥٢- لە (د. م) هاتووە: هەردوو گوێشی بردەوە
٧٥٣- لە چاپی (د) هاتووە: خۆت و شاهت
٧٥٤- لە چاپی (د) هاتووە: ئەگەر قاسیدیش
٧٥٥- لە چاپی (د)، وشەی هەر نەهاتووە
٧٥٦- لە (د. م) هاتووە: نامناسی



سەڵتەنەتی تێك دەدەم
دەڕووخێنم کوچك[٧٥٧] و سەرای
مەملەکەتی زەبتەکەم
داگیر دەکەم سەرتاپای
دۆست و برای کوژ[٧٥٨] دەکەم
پێی شاد دەکەم موستەفای
خولاصە چوو قورتار بوو
بە صەد دوعاو تەمەننای
داخل بەناو ئوردی بوو[٧٥٩]
دوور هاواری کردە برای[٧٦٠]
هەردوو گوێکانی خۆشی[٧٦١]
فڕێ دانە پێشی شای[٧٦٢]

گوتی بگرە هەدیەی خۆت
بۆت هاتینە[٧٦٣] بە ئیحسان

---

٧٥٧- لە (د. م) هاتووە: کۆشك
٧٥٨- لە (د. م) هاتووە: کەور
٧٥٩- لە چاپی (د) هاتووە: گەڕاوە ناو ئوردی
٧٦٠- لە (د. م) هاتووە: هاواری کردە برای
٧٦١- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: هەردوو گوێیەکانیشی
٧٦٢- لە چاپی (د) هاتووە: فڕێ دانە پێش پادشای.. لە (د. م) هاتووە: فڕێدانە پێش پاشای
٧٦٣- لە چاپی (د) هاتووە: لۆت هاتینە.. لە (د. م) هاتووە: لۆ تو هاتیە

کە رووڕەشی وەها دیت[٧٦٤]
ترسی لێبوو بە عەیان
بانگی کردە هەیافی
ئەو پادشای بێ ئیمان[٧٦٥]
چەندی تەخمینان دەکەم[٧٦٦]
لە جەمیعی پەهلەوان
لەتو[٧٦٧] شەجیعتر نینە
ئەوڕۆ بچیتە مەیدان
تۆڵەی برات بستینی
عەلی بکاتن بێ جان[٧٦٨]

هەیاف جەوابی داوە
هاتە گفتوگۆو کەلام
من وەکو برام نیمە[٧٦٩]
شێت و بێ عەقڵ و نەفام

٧٦٤- لە (د. م) هاتووە: کە وەهای دیت رووڕەشی
٧٦٥- لە چاپی (د) هاتووە: گەواد بابی بێ ئیمان. لە (د. م) هاتووە: پاشای بێ دینو ئیمان
٧٦٦- لە چاپی (د) هاتووە: هەرچەندە تەخمین دەکەم
٧٦٧- لە چاپی (د)و (د. م) هاتووە: لەتۆم
٧٦٨- لە چاپی (د) هاتووە: لێ بستینی انتقام
٧٦٩- لە چاپی (د) هاتووە: گوتی من وەك برام نیم



خۆم باوێمە موهلەکەی[٧٧٠]
بچمە شەڕی[٧٧١] شێری زیرغام
ئەگەر سەریشم بڕی
بە قسەت ناکەم ئیهتمام
یان بەخۆت بڕۆ مەیدان[٧٧٢]
یا فیرار بکەین بە عام
لەو دەمی هاتە[٧٧٣] جەواب
وەزیرەکەی ناو هوجام
گوتی شاهم لە ئەووەل
نەصیحەتم کرد[٧٧٤] تەمام
لەبەر فەخرو مەغرووری
نەترسای لە هیچ کەلام

ئەوڕۆ چارە نەمایە
ئیش چوویتە دەر لە قەومی[٧٧٥]

٧٧٠- موهلەك: هیلاکەت. لە (د. م) هاتووە: فەوتان
٧٧١- لە (د. م) هاتووە: بچمە رووی
٧٧٢- لە چاپی (د) هاتووە: یانەخۆت هەڕوە مەیدان
٧٧٣- لە (د. م) هاتووە: لەو دەمی لێیهاتە
٧٧٤- لە (د. م) هاتووە: نصحەتم کردی
٧٧٥- لە (د. م) هاتووە: لە قەوام

مەصلەحەت و هەر وایە[۷۷٦]
بچی خۆت تەسلیم بکەی

هەر ئەمرەکی ئەو بکا
بە دڵ ئیتاعەت بکەین[۷۷۷]
شەهادەت لەسەر خودا
هەم لە پێغەمبەر بدەین
ئیمان و دینی ئیسلام
بەراستی قەبوڵ بکەین
لات و عوززاو هوبەل
بە ساخی تەرك بکەین
گەر تاڵبی لۆ نەجات[۷۷۸]
بەو حاڵە زەفەر دەبەی

ئەوەی فەخرت پێ کردن[۷۷۹]
ئەوان هەمیان[۷۸۰] پشتیاندا

---

۷۷٦– لە (د. م) هاتووە: هەر وەهایە
۷۷۷– لە (د. م) هاتووە: ئیتاعەی بکەی
۷۷۸– لە (د. م) هاتووە: گەر تاڵیبی نەجات بی
۷۷۹– لە (د. م) هاتووە: پێ دەکرد
۷۸۰– لە چاپی (د) هاتووە: ئەوانیش هەموو



عەبدەکانیشت هەردووك[۷۸۱]
کەندەر گوێی لێ هەڵقەلا[۷۸۲]
هەیافیش لە ترسا[۷۸۳] وی
دەست و قەدەمی شکا
ناتوانی بچتە مەیدانی
شەڕ و دەعوات لۆ بکا
کەس نیە لە قیتالی وی[۷۸٤]
موقابەلەی وی بکا

مەگەر خۆت بچییە مەیدان[۷۸٥]
غەیری تو قەد کەس نییە[۷۸٦]
جەوهەرو غیرەت داربی
بچتە مەیدانی وییە
خۆ رابگری لە مەیدان
چونکە ئەو میسلی نییە

---

۷۸۱– لە چاپی (د) هاتوو: هەردووك عەبدەکانیشت/ دەست و قەدەمیان شکا
۷۸۲– لە (د. م) هاتووە: هەڵقەندرا
۷۸۳– لە (د. م) هاتووە: لە ترسی
۷۸٤– لە (د. م) دا، (وی) تێدا نیە
۷۸٥– لە (د. م) هاتووە: مەگەر خۆت لۆی بچییە دەر
۷۸٦– لە چاپی (د) هاتووە: غەیری تو هیچ کەس نییە

هێندە شەجیع و چاپووک[٧٨٧]
موهڵەت دانی قەت نییە
پەهڵەوانی ڕەشیدە
غەزاشی زۆر کردییە[٧٨٨]
زۆر دەترسم بتکوژی
ئەو لە قەوام دا نییە
سەرو ماڵت دەفەوتێ
قەت شکی تێدا نییە
مەملەکەتمان زەبت کەن
قەت شکی تێدا نییە
سەرو ماڵت دەفەوتێ
بە زەبری شمشێرییە

کە وەهای بیست هەر ئەو دەم
ئەو پادشاهی عاقڵ کەر
قەهرو غەزەبی داگرت
مووی لێ دەبوونە نەشتەر

---

٧٨٧- لە (د. م) هاتووە: هەند شەجیعو چاپووکە
٧٨٨- لە (د. م) دا دوای ئەم دێڕە ئەمە هاتووە:
ئەسەفت زۆر لۆ دەخۆم/ پاشی تۆم قەت کەس نیە
زۆر دەترسم بتکوژی/ ئەو لە قەوامدا نیە
سەرو ماڵمان دەفەوتێ/ قەت شکی تێدا نیە
مەملەکەتمان زەبت دەکەن/ بە زەبری شمشێرییە



زەریفی[٧٨٩] غیرەت بزافت[٧٩٠]
لە خۆی دا تەعن[٧٩١] و هونەر
تاجی زێڕیم لۆ بینن
تەنها لەبۆی دەچمە دەر
گورزو ئالاتی حەربی
لە خۆی بەستن سەرانسەر
تاجی زێڕی لەسەر نا
چاپووک زرێشی کردنە بەر[٧٩٢]
سواری ئەسپی[٧٩٣] ڕەش بوو
زینی پاك لە زێڕی زەر[٧٩٤]
بەتاو هاتە مەیدانێ
دوور ڕاوەستا بەرابەر[٧٩٥]
دەستی بە ئەشعاران کرد
بە مەدحی خۆی سەگ پدەر[٧٩٦]

---

٧٨٩- زەریف: زۆر باش
٧٩٠- لە (د. م) هاتووە: زەریف غیرەتی بزفت
٧٩١- تەعن: تانە
٧٩٢- لە (د. م) هاتووە: چاپووک زرێی کردەبەر
٧٩٣- لە (د. م) هاتووە: ئەسپەکی
٧٩٤- لە چاپی (د) هاتووە: زینی سەرانسەر لە زێڕ
٧٩٥- لە چاپی (د) هاتووە: بەرامبەر
٧٩٦- پدەر: باوک، باب، باو

پاشان بانگی عەلی کرد
ناوت چییە ئەی سەروەر[٧٩٧]
ناوی خۆتم پێ بڵێ
مەقصوودی پێدا[٧٩٨] خەبەر
دەرحاڵ جەوابی داوە
ئیمام شێری غەزەنفەر[٧٩٩]
زۆرم یەخسیر کردینە
چەند کەسم کردینە بێ سەر
چەند رەئیس و پەهلەوان
چەند پادشای موعتەبەر
لە دەستم فەنابوونە
هەموم کردن قەلەندەر
هەمووم ناردنە جەهەننەم
لۆ ناو ئاگری سەقەر[٨٠٠]

---

٧٩٧- لە چاپی (د) بە جۆرێکی تر هاتووە: فەرمووی ئەگەر نامناسی/ هۆشت زەریف بێنە سەر
مرمل النسوانم/ یەتیم دەکەم وەلەدان
لە گەورەی قورەیشیانم/ ناوم عەلییە هەم حەیدەر
بابی حەسەن و حوسێنم/ ئامۆزای پیغەمبەر
٧٩٨- لە (د. م) هاتووە: مقصود پێم بدە
٧٩٩- دوای ئەم دێرە ئەمە هاتووە: فەرمووی ئەگەر نامناسی/ هۆشت زەریف بێنە بەر
مرمل النسوانم/ یەتیم کردینە نەفەر
زۆر یەخسیرم کردینە/چەند کەسم کردینە بێ سەر
٨٠٠- سەقەر: ناوێکی دۆزەخە



کە وای بیست ئەو مەلعوونە
لێی دەنیشت هەیبەت و سام[٨٠١]
پڕ بە زاری بانگی کرد[٨٠٢]
لەگەڵ تۆمە ئەی ئیمام
چاکە ئیلتفات بکەی
وێکرا بکەین دوو کەلام
ئەگەر تالێعت هەبی
بە قسەم دەکەی ئیهتمام
ئەگەر بە قسەم بکەی[٨٠٣]
کەیفی خۆتە وەسسەلام

ئیمام فەرمووی ئەی لەعین
ئەی خەبیسی دین بەتال
قسەو کەلامت چییە
لۆم بەیان کە قیل و قال
پاشا جەوابی داوە[٨٠٤]
لەتۆمە شیرین مەقال[٨٠٥]

---

٨٠١- لە چاپی (د) هاتووە: ترس و لەرزی بریە سەر
٨٠٢- لە چاپی (د) هاتووە: پڕ بە زاری بانگ دەکرد
٨٠٣- لە چاپی (د) لە (د. م) هاتووە: ئەگەر بە قسەشم نەکەی
٨٠٤- لە (د. م) هاتووە: شا جەوابی وا داوە
٨٠٥- لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: بۆتومە شیرین مەقال

ئەتو من چاك ناناسی[٨٠٦]
نیتم ئەمكووف و میسال[٨٠٧]
قووەت و شەجاعەتم
زۆرترە[٨٠٨] لە رۆستەمی زال
مولكی من قەت تێك ناچی[٨٠٩]
بە كەس نایەتە زەوال
ئەمما گەر بە قسەم بكەی[٨١٠]
دەتكەمە میری ئەمیران

دەتكەمە شریكی ماڵ
بە مەهرو عەهدو میساق
مولكی خۆم تەسلیم دەكەم
لە یەمەن هەتا عیراق
كچی خۆشمت دەدەمێ
بە كەیف و بە ئیشتیاق[٨١١]

---

٨٠٦– لە چاپی (د) هاتووە: لە جەلال و سەلتەنەت. ئەتۆ من چاك دەناسی

٨٠٧– لە چاپی (د) و (د. م) هاتووە: نیتم ئاوكوف و مسال: ئەمكوف:هاوكووف واتە هاوشێوە، لە ئازایەتی و خەسلەتی باش. لە (د. م) لەدوای ئەم نیوە دێرە هاتووە: سەخاوەتو عەتایشم/ گەیشتە حەددی كەمال

٨٠٨– لە (د. م) هاتووە: زێترە

٨٠٩– لە چاپی (د) هاتووە: مولك و ئەملاك و مالم... لە (د. م) هاتووە: لە مولكو ئەملاك و مال

٨١٠– لە چاپی (د) هاتووە: ئەمما گەر بە قصدم بكەی

٨١١– لە (د. م) دوای ئەم دێرە: دەتكەمە میری میران/ بە جەهرو عەهدو میساق



عەزل بوونت قەت نەبی
هیچ لە من مەكە فیراق

ئیمام جەوابی داوە
گوێت لە من بی ئەی لەعین
ئەو گووخواردنە چییە كەی[٨١٢]
لێت شێوایە ئەی بێ دین
من تالیبی ماڵ نیمە
گوێ بدە من[٨١٣] بە دڵ و یەقین
سەد هێندەی دی زۆرتر بی
بە قووەتی شای مەتین
قەسەم بە زاتی خودای
بە سەید المرسلین
ئەگەر مسولمان نەبی
نییە سەر دینی موبین
یا دەبی جزیەی بدەی[٨١٤]
لۆ حیفزی جانی شیرین

---

٨١٢– لە (د. م) هاتووە: دەكەی

٨١٣– لە (د. م) هاتووە: گویێ بدیێ

٨١٤– لە (د. م) هاتووە: یانە خۆ جزیەی نەدەی

سەڵتەنەتی[٨١٥] تێك دەدەم

دڵت چاك دەكەم غەمگین

سەرت وەكو سەی[٨١٦] دەبڕم

بە قووەتی خوای موعین[٨١٧]

كە ئەو قسەی گوێ لێبوو

گاوری بێ دین و ئیمان[٨١٨]

دەر حال لە غەزەب و ڕاچوو

بەرازی بە بوغزو كین

لە حیددەتا[٨١٩] دەلەرزی

عەرەقی كرد چین بە چین

دەستی دا گورزو شیران

غەزری لە گۆشەی مەیدان

حەملەی لەبۆ عەلی برد

ئەو مەلعوونی بێ ئیمان

شیرەكی ڕاوەشاندێ

بە قووەتی دەست و شان

---

٨١٥– لە (د. م) هاتووە: سەڵتەنەتت

٨١٦– لە چاپی (د) هاتووە: سەگ

٨١٧– لە چاپی (د) هاتووە: ب عەونەتی خوای معین

٨١٨– لە (د. م) هاتووە: گاوری مەلعوونی بێ دین

٨١٩– لە (د. م) هاتووە: لە حیددەتان



خۆی لادا نەبوو[٨٢٠] زەرەر

بە قودرەتی شای ڕەحمان[٨٢١]

هەر ئەوەدەمی بێ تەئخیر

یادی كرد نامی سوبحان

تێیڕاخۆری بە شیددەت

خۆت ڕابگرە لە مەیدان

نەوبەتی حەملەی منە

زەندیقی طەریق شەیتان

نەعرەتەكی دی ئەنگافت

دەنگی چووە ئاسمان[٨٢٢]

---

٨٢٠– لە (د. م) هاتووە: نەیبوو

٨٢١– لە چاپی (د)دا بەم شێوەیە هاتووە:

ئیمام شیری وی لادا/ ب عاقلی  و چازان

دەرحال شیری لێ ئیستاند/ جەناب شاهی مەردان

هەلیكێشا زولفەقار/ پەنا ب زاتی سوبحان

وێڕاگەهاند زولفەقار/ روحی دەرچوو لە ایكان

بوراندی وەكو مالوس/ مەلعونی تەریق شەیتان

روحی چوە جهنم/ لۆ ناو ئاگرو نیران

هجام كە ئەو حالەی دیت/ دەرحال هەلستا پیان

بانگی كردە گاوران/ بینن شادەو ئیمان

دەنا سەرو دەبڕم/ بێ مۆهلەت و بێ وجان

تەحقیقیان دەكرد مەعلوم/ وەزیر بویتە مسولمان

علاج و چاریان نەما/ دلیان كەوتە خەیالان

بەعزێك هاتنە دەخالەت/ لە ترسان بون مسولمان

٨٢٢– لە (د. م) هاتووە: چوو لۆ

شیری لە دەستی راستی[٨٢٣]
جەنابی شاهی مەردان
هەڵیکێشا زولفەقار
پەناه بە زاتی سوبحان
بە حیددەت راوەشاندی[٨٢٤]
لۆ ناوەندی هەردوو شان
لای[٨٢٥] چۆپێی وەبەر کەفت
گاوری بێ دین و ئیمان
کەلەشی وی راست و چەپ[٨٢٦]
کەفتە خوارێ دەر زەمان
روحی خەبیسی چویە جەهەننەم[٨٢٧]
لۆ ناو ئاگری سەقەر[٨٢٨]
کە هوجام ئەو حالەی دیت
دەر حال هەلستا پێیان
بانگی کردە کافران[٨٢٩]
ئەی کافری بێ ئیمان

---

٨٢٣– لە (د. م) هاتووە: لە دەستی ئەستاند
٨٢٤– لە (د. م) هاتووە: رایوەشاندێ
٨٢٥– لە (د. م) هاتووە: لەلای
٨٢٦– لە (د. م) هاتووە: کەلەشی لە راستو چەپ
٨٢٧– لە (د. م) هاتووە: رووحی چووە جەهەننەم
٨٢٨– لە (د. م) هاتووە: لۆ ناو ئاگری نیران . لە چاپی (د): لۆ ناو ئاگرو نیران
٨٢٩– لە (د. م) هاتووە: کوففاران. لە چاپی (د): گاوران



هەرچی مسولمان نەبی[٨٣٠]
بە ئیخلاص و دڵ و جان
نەهێتە سەر دینی حەق
نەینیتن شادەو ئیمان
قەسەم بە زاتی خودا
مەعبوودی کوللی مەکان
سەری لە قەلبی دەبڕم
بێ مۆهلەت و بێ وچان
کە کافران وەها بیست
بە دڵیان لێ بوو عەیان[٨٣١]
پشتیان شکا بە جارەك
جەرگ و دڵیان بووە بریان
تەحقیقیان کرد بە مەعلووم
وەزیر بوویتە مسوڵمان
عیلاج و چاریان نەما
دڵیان کەوتە دغدغان
بەعزەك هاتنە دەغالەت[٨٣٢]
لە ترسا[٨٣٣] بوون مسوڵمان

---

٨٣٠– لە (د. م) هاتووە: هەرچی ئیمانی نییە
٨٣١– لە (د. م) هاتووە: بە دڵ لێیان بوو ئەعیان
٨٣٢– لە (د. م) هاتووە: دەخالەت
٨٣٣– لە (د. م) و چاپی(د) هاتووە: لە ترسان

بەعزەك ئیمانیان هینا
به ئیخلاص و دڵ و جان
بەعزەكیش به مونافقی
شەهادەتیان كرد ئەدا[٨٣٤]
بەعزەكیش فراریان كرد
لەبۆ چۆل و بیابان

ئیمام عەلی[٨٣٥] كه وای دیت[٨٣٦]
شێری به هەیبەت و سام

---

٨٣٤– له چاپی (د) و (د. م) هاتووه: شەهادەتیان كرد بەیان
٨٣٥– له (د. م) هاتووه: ئیمام عەلی وەیزانی
٨٣٦– له چاپی (د) بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووه:
ئیمام عەلی پێی زانی/ تێی راخورین به شدەت
علاج و چارەیان نەما/ هاتنه خدمەت پێغەمبەر
ب عام بوونه مسولمان
چی هاته سەر دینی حەق/ نەیان ما فكرو توغیان
چی ما لەسەر دینی خۆ/ هەموویان كردن بی جان
تالاًنیان خڕكردەوە/ بیٚ حیساب و بیٚ دەفتەر
چەك و ئەسباب و ولاٚغ/ له ئژمارەی دەچووە دەر
ئەسیرو ژن و منداڵ/ خڕكراوە چەند قەدەر
غەنیمەتی تەقسیم كرد/ زیڕو زیو و گەنج و گەوهەر
قەت كەسی لیٚ مەحروم نەبوو/ قسم كرا به قەدەر سەر
شەهید خركرانەوە/ ب فەرموودەی پێغەمبەر
هەموویان لەویٚ شاردن/ به جیٚ هێشتران له دیندەر
تەشریفیان گەرانەوە/ لۆ مەدینەی منور
غەزایان لی پیرۆز بیٚ/ ب حورمەت شهیدی ئەنوەر
لااله الا الله محمد پێغەمبەر



تێراخۆری به شیددەت
وەرنه سەر دینی ئیسلام
هەرچی مسوڵمان نەبی
قەسەم به خودای لایەنام
سەرو دەبڕم وەكی سەی[٨٣٧]
تێك دەدەم بت و ئەصنام
كه كوففاران وەها دیت
ئیمام فەرمووی ئەو كەلام
عیلاج و چارەی نەمان
خڕبوونەوە خاس و عام
هاتنه خزمەت پێغەمبەر
به عام بوونه مسوڵمان
هاتنه سەر دینی حەق
به ئیخلاس و دڵ و جان
شەهادەتیان ئەدا كرد
نەیانما كوفرو توغیان
چی ما لەسەر دینی خۆی
هەموویان كردن بیٚ جان

---

٨٣٧– له (د. م) هاتووه: سەرو وەكی سەی دەبڕم

**شەقیان کردن بە شیران[٨٣٨]**
**سەریان بڕین لە مەیدان**

**تالأنیان خڕکردنەوە**
**بێ حیساب و بێ دەفتەر**
**چەك و ئەسباب و ولأغان[٨٣٩]**
**لە ئەژماری دەچووە دەر**
**غەیری ژن و مندالأن[٨٤٠]**
**خڕکراوە چەند قەدەر**
**غەنیمەت[٨٤١] تەقسیم کرا**
**زێڕو زیو گەنج و گەوهەر**
**قەت کەس بە مەحرووم نەما[٨٤٢]**
**بە قەدەری قسمی شەڕ[٨٤٣]**
**شەهیدیان خڕ کردنەوە**
**بە فەرموودی پێغەمبەر**
**بە عامیان دەفن کردن**
**بە جێیان هێشتن لەوێندەر**

٨٣٨– لە (د. م) هاتووە: بە شیرانیان شەق کردن
٨٣٩– لە (د. م) هاتووە: ولأغ
٨٤٠– لە چاپی (د) هاتووە: ئەسیرو ژن ومندالٚ. لە (د. م) هاتووە: یەخسیرو ژنو مندالٚ
٨٤١– غەنیمەت: دەسکەوتی دوای جەنگ
٨٤٢– لە (د. م) هاتووە: قەت کەس لێی مەحروم نەبوو
٨٤٣– لە (د. م) هاتووە: بە عەدەدی قسمی سەر



**تەشریفیان گەراوە[٨٤٤]**
**لۆ مەدینەی مونەووەر**
**غەزایان لۆ[٨٤٥] پیرۆز بی**
**حورمەت شەهیدی ئەنوەر**

**ئەووەل دەلیم یاالله[٨٤٦]**
**یا پادشاهی موعتەبەر[٨٤٧]**
**بە حورمەت فەخری عالەم**
**زاتی رەسوولی موختار**
**بە جوملەی ئەنبیایان**
**صەدو بیست و چار هەزار**
**بە خولەفای ئەربەعە[٨٤٨]**
**ئەبوبەکری یاری غار[٨٤٩]**
**بە فارووق و بە عوسمان[٨٥٠]**
**چارەم حەیدەری کەرار**
**بە ئەصحابەیی کیرام**
**نایەتە عەددو ئەژمار**

٨٤٤– لە (د. م) هاتووە: گەڕانەوە
٨٤٥– لە (د. م) هاتووە: لێ
٨٤٦– لە چاپی (د) هاتووە: ئەوجا دەڵێم
٨٤٧– لە چاپی (د) هاتووە: یا پادشاهی غفار
٨٤٨– لە چاپی (د) هاتووە: خولەفای رابعە
٨٤٩– لە چاپی (د) هاتووە: ابوبکرو عمر
٨٥٠–سێیەم عوسمان ابن عفان

جان فیدابوون لۆ دینی

شەب و رۆژ لەیل و نەهار

شوهەدائو تابعین[851]

---

٨٥١– لە (د. م) کۆتاییەکە لێرەوە بەم شێوەیە هاتووە:
شوهەدائو تابعین
وەیسەلقەرەنی نازدار
بە شێخ حەسەنی بەصری
بە مەشایخی کیبار
بە عالمی عاملین
بە ئیمام ....
بە صولەحای ئوممەتیٚ
بە عابیدو زاهیدان
بە پیری تەریقەت کەی
غەوس لئەعزەمی..
بە شاهی نەقشبەندی
پیری شاهی هەزنان
بە قوتب و غەوسی سانی
نورەددینی بریفکان
بە غەوسی سالسیش کەی
غەیاسی بەهە بورهان
بە ئوستادی کەرامەت
سەید عەبدولمەجید خان
بە ئوستادی حەقیقی
کەمالی پیر موریدان
موئمینان سەلامەت کەی
لە فیتنەی نەفسو شەیتان
لە ئەفعالی قەبیحە
هەم لە شەڕی ئینسو جان
لە وەقتی سەکەراتیٚ
سەلامەت بکەی ئیمان
هەم لە عەزابی قەبر
روحمان پێبکەی یا رەحمان
لە حەشرو لە میزانیٚ



موئمینان سەلامەت کەن

لە فیتنەی نەفس و شەیتان

هەم لە شەڕی ئینس و جان

تمت شد به پینج روژ تمام کتاب سیسبان بدست فقی عبدالله لولان لی اجلی ملا خالید ابن صوفی عەمەر هەرکی .. یارەبی خودا فرصتا فقی عبدالله و ملا خالید بدات لەسەر اعمالی چاکە لە دنیاوو لە قیامەت امین یارب العالمین.

---

حیفزمان بکە یا سوبحان
لە عەزابی جەهەننەم
هەم لە شەڕی نیران
برادەرو ئەحبابان
چاو شۆڕ نەبین لە دیوان
خصوصەن نووری عاصی
جەمیعی مسولمان
داخیلن کەی بە جەننەت
شادبین بە حورو غیلمان
بە کەرەمو بە رەحمەت
بە حورمەتی شای عەدنان
لە هەموومان خۆش ببی
لێخۆشبوون کەی بە غوفران
بە کەرەمی خۆت یا رەحمان
عومەری موزنیب عەفوکەی
عەفووەکی بە ئیحسان
چونکە بە خۆت عالیمی
عالیم بە دڵی عەبدان

# پێرست




| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بەیتی سیسەبان | ٣ |
| شیعری غەزەوات لە ئەدەبی میللەتانی مسوڵمان | ٥ |
| چی لەبارەی بەیتی سیسەبان نووسراوە؟ | ٦ |
| دانەری بەیتەکە کێیە؟ | ١١ |
| ئەو نوسخەو دەستنوسانەی کە لەم بەراوردکردنەدا بەکارهاتوون | ١١ |
| شێوازی کارکردنمان لەم کتێبەدا | ١٢ |
| دەقی بەیتی سیسەبان | ١٣ |







وبه بسم الله الرحمن الرحيم نستعين

یەکەم لاپەڕەی دەسنووسی سیسەبان بە دەست و خەتی فەقێ عبدالله لۆلان



دواین لاپەڕەی دەسنووسی سیسەبان بە دەست و خەتی فەقێ عبداللە لۆلان





یەکەم لاپەڕەی دەسنووسی سیسەبان بە دەست و خەتی ملا عمری قاوغ لە سالی ١٣٤٥

ا.



دواین لاپەرەی دەسنووسی سیسەبان بە دەست و خەتی ملا عمری قاوغ لە سالی ١٣٤٥ ك



**زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦٨ | گەڵای پاییز | عەبدولقادر عەلی مەردان | بیرەوەری | ٥٠٠٠ | ٤٠٠ |
| ٦٦٩ | گەنج گۆمی سیاسەت دەشڵەقێنێ | ئومێد خۆشناو | گشتی | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٧٠ | دوران های زبان کردی و مجموعه زبان هـای ایرانی | و. مستەفا ئێلخانی زادە | زمان | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٧١ | خلاصه تاریخ کردستان | احمد قاضي | مێژوو | ٥٠٠٠ | ٤٤٨ |
| ٦٧٢ | بـزەی شـۆڕش (دیـوانی شـیعری مامۆسـتا ڕاوچی) | کۆکردنەوەی کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٦٧٣ | کاتێك ئەزموونەکان دەدوێن | و.کەریم سۆفی | ئەدەب | ١٥٠٠ | ١٢٨ |
| ٦٧٤ | سیڤییەکان٣ | شێرزاد هەینی | گشتی | ٢٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٦٧٥ | مەرگی وەنەوشە | یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکە هەواڵ | ٤٠٠٠ | ٤٣٢ |
| ٦٧٦ | گەمەی مێشك | ئا: ڕەمزی مەلا مارف | زانیاری | ٧٠٠٠ | ٣٤٤ |
| ٦٧٧ | پیاوی ئەشکەوت دڵێکی هەبوو | شێرکۆ هەورامی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٣٣٢ |
| ٦٧٨ | گەردوون ناسی لەبەر سێبەری قورئان و زانست | غەریب عەلی عەزیز | زانستی | ٣٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٦٧٩ | گەشتەکەی زینۆفۆن | و: محمد مسعود محمد | مێژوو | ٣٠٠٠ | ٢٦٤ |
| ٦٨٠ | دیاردەو راڤە | ئازاد دارتاش | گشتی | ٢٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٦٨١ | تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا | پرۆفیسۆر دکتۆر طاهر حەسۆ زێباری | سۆسیۆلۆجیا | ٤٠٠٠ | ٢٨٨ |
| ٦٨٢ | الادب الشفاهي الكوردي (مرة أخرى) | علي الجزيري | أدب | ٣٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٦٨٣ | پێناسەو ڕاڤەی کۆمپیوتەر | ئاراس نوری ئەحمەد | IT | ٥٠٠٠ | ٥٢٨ |
| ٦٨٤ | کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس | کۆکردنەوەو ئا: ئاکار جەلیل کاکەوەیس | مێژوو | ٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٦٨٥ | لە ژێر ساباتی کوردەواری دا | ئەبوبەکر شوان | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٦٨٦ | ڕێچکەی سەربەخۆیی | عەلی سام ئاغا | سیاسی | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٦٨٧ | مێژووی مەسیحییەت لە کەرکووك و باگەرمێ | جمیل عیسی | مێژوو | ٣٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٦٨٨ | کە مێژوو لە بارزانی دەدوێ | زانیار سەردار قرگەیی | مێژوو | ٣٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٦٨٩ | وشە نامە | حەمەساڵح فەرهادی | ئەدەب | ١٠٠٠ | ١٠٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٩٠ | دیوانی عاصم | د. کەمال مەعروف | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٦٩١ | ماندوو | فەرزین کەریم | سینەما | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٩٢ | هەبوو نەبوو | و. شۆڕش گوڵکار | گشتی | ٣٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٦٩٣ | فەرهەنگی ڕەسەن<br>(بەرگی یەکەم) | دانانی: محەممەدساڵح<br>پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو<br>بەرگ ١٠٠٠٠ | ٥٢٠ |
| ٦٩٤ | فەرهەنگی ڕەسەن<br>(بەرگی دووەم) | دانانی: محەممەدساڵح<br>پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو<br>بەرگ ١٠٠٠٠ | ٣٢٤ |
| ٦٩٥ | فۆلکلۆری خۆشناوەتی | محەمەد جەمال توتمەیی | فۆلکلۆر | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٩٦ | تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە | چنوور سەعیدی | چیرۆك | ٢٠٠٠ | ١١٦ |
| ٦٩٧ | هەقایەت و قسە خۆشەکانی باوکم | د. ئیدریس عەبدوڵلا | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٦٩٨ | سیناریۆکانم | عەدنان عوسمان | سینەما | ٢٠٠٠ | ٢٣٢ |
| ٦٩٩ | ناسناو | ئیرەج عیبادی | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ١١٢ |
| ٧٠٠ | هاودیان | فازڵ هاودیانی | مێژوو | ٤٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٧٠١ | توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ – ٢٢/ئەیلولی ٢٠١١ | ئا: لیژنەی بەدواداچوونی<br>کارەکانی کۆنفرانس | زمانەوانی | ٢٠٠٠ | ٥٢٨ |
| ٧٠٢ | دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پێوەندیپێکردن | و: بەهزاد حەوێزی | ڕاگەیاندن | ٢٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٧٠٣ | جوگرافیای دێ نشینی<br>( کوردستانی عیراق وەك نمونە) | د. خلیل اسماعیل محمد<br>م. ئەیوب<br>خەلیل ئیسماعیل | جیۆستراتیژی | ٢٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٧٠٤ | وتەکانی ناودارانی کورد و جیهان | ئا – کۆکردنەوەی:<br>مەهدی بێداوی | گشتی | ٢٠٠٠ | ٢٤٠ |
| ٧٠٥ | بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی نێودەوڵەتی | و: هاوڕێ سورخابی | سیاسی | ٤٠٠٠ | ٦٤٠ |
| ٧٠٦ | خۆشی و شۆخی | رەفیق مەلا کەرەم ستونی | گشتی | ٢٠٠٠ | ١٥٤ |
| ٧٠٧ | دوعاو نزای مەناسیکی حەج و عومرەو زیارەتی مەدینەی مونەوەرە | محەممەد ئەمین جەمیل موفتی | ئایینی | ٣٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٧٠٨ | موقد الثلج الاسطورة في الشعر الكوردي الحديث | ناجح المعموري | أدب | ٣٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٧٠٩ | تیمۆجین – ئاخەرین سامۆرای | ڤینۆس فایەق | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ١١٢ |
| ٧١٠ | الوسائل البديلة عن القضاء، لحل النزاعات | زينب وحيد دحام | قانوني | ٣٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٧١١ | فۆتۆشۆپ CS٥ | ن. ئا: نەریمان بەهرام محەمەد | IT | ٦٠٠٠ | ٢٨٨ |
| ٧١٢ | دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی | کۆکەرەوەو نووسینی<br>موحەممەد رەشیدی ئەمینی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٥٢٠ |
| ٧١٣ | نەوت و دکتاتۆریی<br>(ئابووریی سیاسیی وڵاتانی هەناردەی نەوت) | و: د. شەماڵ حەوێزی | ئابووری | ٣٠٠٠ | ٩٦ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧١٤ | نۆبەرەی من لە خەرمانی ئەدەب و وەرگێڕانەوە | ئیحسان سابیر خەیات | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ٢١٦ |
| ٧١٥ | زبانی ئاڤێستا سەرچاوەی زمانی سانسکریت و ڕێگ ڤێداوە کوردی ئەمڕۆ | ئیسماعیل ئەیوبی | مێژوو | ٢٠٠٠ | ١٦٠ |
| ٧١٦ | هەورازەکانی دنیا | رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی | چیرۆك | ٢٠٠٠ | ٩٦ |
| ٧١٧ | ئاخاوتنگەلێ دەربارەی کورد | و: جەمال گردەسۆری | ئەدەب | ١٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٧١٨ | پێدەنگی شەوان | ئاسۆ حەسەن | هونەر | ٣٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٧١٩ | بەندیخانەی بۆرسۆئێن | ئازاد کەریمی | کورتە چیرۆك | ٣٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٧٢٠ | العوامل الأقتصادية والأجتماعية والمالية واثرها على التنمية الأقتصادية | الهام وحيد دحام | اقتصاد | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٧٢١ | گوندەگەم | حەمەکەریم هەورامی | شانۆگەری | ٤٠٠٠ | ٤٤٠ |
| ٧٢٢ | دیوانی تاریق تاڵەبانی | تاریق تاڵەبانی | شیعر | ٢٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٧٢٣ | ئەفسانەکانی بەر ئاگردان | شاخەوان عەلی حەمەد | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٧٢٤ | وەچەرخانە کرداریەکان لەبواری سیاسیدا | ماجید نووری | فکری سیاسی | ٣٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٧٢٥ | بەیتی سیسەبان | هێمن عومەر خۆشناو | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ١٥٢ |